# بەیان

chalakmuhamad@gmail.com

ژ ۱۱۷، ئاداری ۸٦



# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی گارگێرو سەرنووسەر

**مصلح جەلالی**



دەستەی نووسەران

فۆاد حسین احمد سکرتێری نووسین

دکتور احسان فۆاد

دکتور کاوس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

مصطفی نریمان

محمد مصطفی حمەبۆر

محمود زامدار

عبدالکریم فتلی یحی

صلاح شوان

سگڤان عبدالحکیم

محمد سلیم سواری

سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان هناء صباح

مونتیف وخۆش نووس: نزار بەزاز


## لەم ژمارە یەدا


● تۆماری جەنگ

- لە یادی لەدایك بوونی سەرکردەدا ——— مولود سورچی ٢
- ٧ی نیسان سەرەتای قۆناغێکی نوێیە ——— سالار محمد ٧
- میهرەجانی دووەمی ڕۆشنبیری کوردی ——— شێرزاد عبدالرحمن ١٠
- ڕۆژا ڕەوشەنبیری کوردی ——— عبدالکریم فتلی ١٤
- مەعایادی شیرین ——— حیلمی عەلی شەریف ١٧
- هیڤی . . . چیرۆك ——— و. مختار فاتق ١٩

وردیلەکان ——— ئالگە أحمد ٢٣

● لێکۆڵینەوە

- لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی کوردیدا ——— ئومێد ئاشنا ٢٤
- حەقی داودی ——— مصطفی نەریمان ٢٩
- ئەدەبی فۆلکلۆری منالان ——— د. هیوا عمر احمد ٣٢

● چیرۆك

- چوونە مەکتەب ——— د. ئەمین موتابچی ٣٩
- ڕەنجی بێ وەر ——— سۆران مەحوی ٤٣
- کلکە سەگ . . . و. لە ئینگلیزیەوە ——— مجید ئاسنگەر ٤٧
- دەنکە هەنار ——— عبدالله سەراج ٥٤
- شەقا ڕەش ——— شمزین خلیل ٥٧
- ڕیم ——— فیصل دیهاتی ٦٠

● شیعر

- ئێوەرێش شارەکەمان ——— کاکەی فەللاح ٦٢
- دوو پارچە هۆنراوە ——— عثمان خۆشناو ٦٥
- هۆ چۆلەکە ——— عبدالرزاق بیمار ٦٦
- ئەی نەسیمی سوبحەدەم ——— محمدی مەلا کریم ٦٨
- هەڵوێست ——— عبدالله عباس ٧٠
- خەم هەرفت ——— نزار بەزاز ٧١
- بێ دەنگیا لە ——— هەڤال مایی ٧٢
- ئەنووسم بۆ جوانی . . پەخشان ——— عثمان خوا کەرەم ٧٣

● کەلەپوور

- بەرزەی پەری ——— هەردەویل کاکەیی ٧٥
- عەرعەر بێزەکەی میرزا عبدالقادر ——— محمد علي قەرەداغی ٨٠

فۆلکلۆر

- حەیرانۆك ——— زیاد نەقیب ٨٤
- کتێبی بەیان . . دڵداری شاعیر ——— کەمال غەمبار ٨٧

● بەرهەمی لاوان . . .

● ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری

- ڕاپۆرتی هەولێر ——— شێرزاد عبدالرحمن ١٠١
- ڕاپۆرتی دهۆك ——— هەکار دۆسکی ١٠٥
- ڕاپۆرتی بەغدا ——— باوکی دۆست ١٠٧
- پانەی بەیان ——— ئاسۆ ١١٠



دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەپیشت

«المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە


بەرگی یەکەم: گوڵ و گوڵزاری کوردستان.

بەرگی دووەم: کوردستان لە بەهاردا.

**تکاوگلەیی: -**

تکـایـە هەر نووسەری خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.

ئابوونەی ساڵانە لەناو عێراقدا

٥,٠٠٠ دینار



# لە یادی لە دایك بوونی سەرکردەدا

○ مولود سورچی ○

صدام حسین، بە کردارو هەڵوێستی کۆمەڵایەتی مرۆڤانەوە، توانی نەخشەی سنووری پێوەندی راستەقینەی نێوان سەرکردەو جەماوەر بکێشێ..

صدام حسین، ئەو سەرچاوە نەتەوەیی یە مرۆڤانە نوێیەیەکە ئەم خاکە دروستی کرد، توانی لە ماوەیەکی کەمدا، نەخشەی دوارۆژ بۆ نەتەوەو نیشتمان بکێشێ و توانی زوویەزوو برینەکان سارێژ بکاتەوە... بۆ ئەوەی بەرزیی بەعس بۆ گەل و نەتەوە دروست بکا.

ئەگەر ئەو وێنەیەی کە بە ڕۆژانە، بەپێی کاری ڕەواو دەسکەوت و... ئەو هەڵوێستانەی سەرەکی فەرماندە خۆی تیا ئەنوێنێ، گەورەتر بێ، مەزنی ئەو وێنەیە، مەودای راستەقینەی لە خۆشەویستی گەورەدا بەرامبەر بە سەرەکی فەرماندە لەدڵی هەموو جەماوەردا وەرئەگرێ... بەڵێ راستە کە خۆشەویستی بەرامبەر صدام حسین - ی سەرکردەو تێکۆشەرمان پڕ لە هەموو دڵێکە... چونکە ئەو سەرکردەی هەمووان و... خۆشەویستی هەموانە... ڕێپیشاندەرو ڕاپەڕێنەری هیواو ئامانج و ویستەکانمانە... خاکە... نیشتمانە... ئاواتی گەل و نەتەوەیە..

## له ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧دا . . . چل ونۆ

سالْ پێش ئەمرۆ، سەرۆکی فەرماندە لەدایك بوو. . . چاوی بەدونیای رووناکی کردەوەو. . . لەو رۆژانەش چاوی هەڵهێنا، کە میللەتەکەمان لەژێر پەردەی رەشی چلکنی تاریکیو ئێش و ئازارو دواکەوتن دا ئەینالاندو، تاڵ وتفتی رۆژی رەشی سەردەمی هەڵئەمژت.

پاش - باوك بوو. . . بەهێڤیمی گەورەبوو. . . هاتنی سەرەتـایی، لە خانـوویکی قوڕ لە عوجە بوو، پاش لەدایك بوونی، مامەکەی «حسن المجید» ناوی نا صدام.

تەمەنی هەشت ساڵان بوو چووە قوتابخانەو، قوناغەکانی خوێندنی لە تکریت و بەغدادا تەواوکرد.

سەرۆك صدام، لەساڵی ١٩٥٧دا، چووە ریزی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. . . وەك گەنجێکی خوێن گەرم و شۆڕشگێڕ دەستی دایە ئەم ئەرکە نیشتمانیە پیرۆزە.

ئەو بارودۆخەی کە پاشماوەی ئیمپریالیزمی بەریتانی جێی هێشتبوون و تێکرا گێروگرفتە ئاڵۆزو گرانەکانی نیشتمان و دەستوپێوەندی فەرمارەوای عیراق بە بێگانەوە، ئەمانە هەموویان سەرکردەی تێکۆشەریان پاڵدا کاری سیاسی بکاتە پیشە، بەتایبەتی پاش گرتنیو سپاردنی بە بەندیخانە بەوەی گوایە لەساڵی ١٩٥٨دا لە شاری تکریت پیاوێکی میریی کوشتووە.

پاش دەرچوونی لە بەندیخانەو، دوای دەنگ دانەوەی تێکۆشانی سەرکردە لە سەرکردایەتی پارت، بەپێی فرمانی پارت چووە بەغداو لەوێ ئەرکەکانی پارتی پێ - ئەسپێردرا.

لە بەغدا، بەهەموو دڵی‌یەوە، دەیویست کەریم قاسم لەناوبەرێت. . . خۆی لەسەر چەشنەها چەك مەشق داو خۆی تەواو ئامادەکرد بۆ راپەڕاندنی ئەم کارە نیشتمانی‌یە.

بۆیە سەرۆك صدام یەکێك بوو لەگەڵ ئەو پێنج تێکۆشەرانەی لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ راسپێردران بۆ کوشتنی کەریـ قاسم.

هەر لە ئەنجامی راپەڕ ـدنی ئەم کارەش بوو، پاش دەست رێـژی کردنە سەر اسم لە شەقامی رەشیددا، هەڤاڵەکانی گیران و خۆیـ ـ برینداربووو رازی نەبوو بیردرێ بۆ نەخۆشخانە نەوەك کارەکەی ئاشکرا بێ‌و دیسان بگیرێت.

رووی لەماڵەوە کردو ماوەیەك لە عوجە مایەوە، ئەنجا لەسەر فرمانی پارت بەرەو سوریا کەوتە رێ.

لە ٢١ی شوباتی ساڵی ١٩٦٠ لە دیمەشقەوە چووە قاهیرە. . . ئەو سەردەم قاهیرە، ئارامگەی نیشتمان پەروەرانی گشت عەرەبەکان بوو.

ئەو چەند ساڵانەی لە قاهیرەدا مایەوەو، جموجۆڵ و چالاکی‌یەکانی تێکۆشەران لە قاهیرەو، تێکرا، گێژاوەکانی، وای لە سەرۆك کرد هەستی نیشتمان پەروەریتی‌و رزگاربوونی وولاتی لانزیکتر بێتەوەو بە چاوی ئاواتەوە سەیری ئەوە بکات کە هەر ئەبێ بەرووبوومی تێکۆشان و خەباتی پارت بێتە بەرهەم. . . . لەهەمان کات دا لە ئامادەیی قصر النیل لە دەوام کردندا بەردەوام بوو ئامادەیی تەواوکردو خۆی ئامادەکرد بچێتە کۆلیجی حقوق لەزانکۆی قاهیرە.

لەم ماوەیەدا، سەرۆك صدام، بە ئەندام لە سەرکردایەتی تیپ و ئینجا بۆ سەرکردایەتی هۆبەو، پاشان بۆ ئەندام لە سەرکردایەتی پارت لقی میسر، هەڵبژێردرا.

پاش شۆڕشی ٨ی شوباتی ١٩٦٣و لەناوبردنی کەریم قاسم، یەکسەر گەڕایەوە بۆ وولات و بەرپرسیارێتی نووسینگەی جووتیارانی پێ‌راسپێردرا.

بارودۆخی پارت نارێك بوو. . . رژێمی عارفی، بەعسی‌یەکانی پەرێشان کردبوو. . . زۆر بە توندو دژوارەوە لەگەڵ پارت جووڵایەوە.

لەم بارە ئاڵۆزو گرانەدا بوو، سەرۆك صدام بەرپرسیارێتی رێکخراوی سەربازیی پێ‌راسپێردرا،

سەرەرای نووسینگەی جووتیاران.

بە بیانوی جوولانەوەی سیاسی یەوە، جاریکی تر گیرا.

گیرانی سەروك لەم قوناغە ناسكەدا، كاریكی گرانی كردە سەر پارت، چونكە پارت لەم وەختەدا پیویستی یەكی یەكجار زوری بە سەروك - صدام - هەبوو.

بەلام لە بەندیخانە زور نەمایەوەو، توانی لە شەقامی سەعدون - پاش گەراندنەوەی لە دادگادا - رابكاو خوی رزگار بكا.

هەر كە لە بەندیخانە دەرچوو كتوپر دەستی بە چارەكردنی ئەو ناكوكی و كەمە دووبەرەكی یە كرد كە لەناو پارت دا سەری هەلدابوو... پاشان، لەگەل هەڤالانی دا دەستی بە دانانی نەخشەو پلانی شورش كرد.

ئەوەبوو، لە بەرەبەیانی حەڤدەی تەمووزی ١٩٦٨دا، سەروك صدام بەجلی عسكریەوەو، بە سواریی تانكیك، خوی كردە كوشكی كوماری بو رووخاندنی رژیمی كونەپەرستی عارفی.

ئینجا یەكە یەكە دەستی بە پاككردنەوەی چەتەكانی عارفی كردو، پارت توانی بەجەرگانەو زیرەكانە، لەناویان بەریت و حوكمی گەل بو گەل بگیریتەوە.

بەم جورە، وەپاش سەركەوتنی شورش، سەروك صدام كرا بە جیگری سەرەكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شورش.

لە یەكەم ووتار كە سەروك صدام حسین سەروكایەتی كوماری وەرگرت لە ١٧ی تەمووزی سالی ١٩٧٩دا ووتی:

«لە هیچ میژووی كونداو لە میژووی گەلەكەمان و میژووی هاوچەرخ دا، رووی نەداوە دوو فەرمانـدە بە ماوەی پانزە سال لە سەركردایەتی یەك، بەسیفەتە زانراوەكانی، ئەگەرە بخاتە پیش كاروانی شورش و پیوەندیان لەنیواندا بپچری... بو ئەوەی یەكیكیان لەناوبچی و ئەوەی تریان بمینی...».

وە هەر لەو روژەی سەروك صدام حسین شوینی یەكەمی لە دەولەت و پارت وەرگرت، بەردەوامە لەخزمەت كردنی گەلەكەی، چونكە سەرەك كومار بەبیروڕای سەروك صدام حسین... «ئەو كەسەیە، فرمانی پی راسپیردراوە تا خزمەتی گەلەكەی بكات».

★ ★ ★

سەركردایەتی سیاسی و سەروكی فەرماندە صدام حسین، هەر لە سەرەتادا هەستی بەوە كرد كە كیشەی یەكیەتی نیشتمانی، یەكیكە لە كیشە هەرە گرنگەكانی و، پیویستە چارەسەری بنەرەتانەی بو بكری.

بویە بەیاننامەی ئازار هاتەدی، كە مافی نەتەوایەتی رەوای گەلی كوردی چەسپاند، بەو پی یەی یەكیكە لە دوو نەتەوە سەرەكی یەكانی عیراق.

ئەم بەیاننامەیەش، بناغەی یەكیتی نیشتمانی و برایەتی و نەتەوایەتی لەسەر بناغەی چارەنووسی هاوبەش لەیەك نیشتماندا چەسپاند.

كە باسی سەروك ئەكری، ئەبی باسی دەسكەوتە مەزنەكان بكریت... بەلام لیرەدا ئیمە بوارەمان نیە، باسی تیكرا دەسكەوتە گەورەكان بكەین، بەلام، بەكورتی، دەسكەوتەكانی شورش، لەوكاتەی سەروك صدام حسین ئالای ئەو شورشەی هەلگرتووەو، شورشی راستەقینەی پەرەپیدان بەجاریك بووژاوەتەوە، ئەتوانری بەم جورەی خوارەوە سەیریان بكری:

١ - سەربەخویی سیاسی و پتەوكردنی.
٢ - خومالی كردنی نەوت و گەراندنەوەی سامانی نەوت.
٣ - جی بەجی كردنی كیشەی كورد.
٤ - دامەزراندنی بەرەی پیشكەوتنخواز.
٥ - چارەسەركردنی كیشەكانی كشتوكال و دەركردنی سەدان یاساو بریار، لەم بارەیەوە.
٦ - بووژاندنەوەی پیشەسازی و گەشەپیدانی.
٧ - زال بوون بەسەر نەخویندەواری.
٨ - پتەوكردنی بازرگانی دەرەوەو ناوەوەو پەرەپیدانیان.

٩ - سەدان بڕیار بۆ بەرژەوەندی ئافرەتان.

١٠ - یاساکانی کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی.

١١ - دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی.

١٢ - پتەوکردن و یارمەتی‌دانی شۆڕشی فەلەستین.

١٣ - بەهێزکردنی سوپای دلێرمان... لەهەموو باریکەوە.

١٤ - یارمەتی‌دان و دەست گرتنی بزووتنەوەکانی ئازادیخواز لە جیهانا.

١٥ - پتەوکردنی پەیوەندی نێو دەوڵەتان... و دەیان لایەنی‌تر.

## عیراقی نوێ و... پیلانەکان: -

ئا بەم جۆرەی باسمان کرد، شۆڕشی تەمووز بە سەرکردایەتیە مێژووییە هەڵکەوتووەکەی، سەلماندی و ئیسپاتی‌کرد کەوا توانایەی تەواوی هەیە بۆ فەرماندەیی گۆڕانکارە گەورەکان و هێنانەدی ئاسوودەیی ژین و سەربەرزی و سەربستی و پێویستی‌یەکانی بەهێزبوونی گەل، بەبێ، ئەوەی هیچ هێزێکی خەشیم، با زۆر بەتواناو زەبر دەستیش بێ، بتوانێ بەرەنگاری ڕەوتی شۆڕش بێت و، یان لەم لاو لەولا گیرە شێوێنی بکات و کار لە کاروانی بەردەوامی بینای گشتی بکات کە ئەمڕۆکە بووەتە ڕەمزێکی گەورەی سەربەرزی عیراق و ڕێگەی پەرەسەندنی هێزی عیراق و بەتوانابوونی.

لە ئەنجام و دەسکەوتی گەورەو ڕەوتی دیاری شۆڕشی تەمووز، لە سالآنی تەمەنیدا، ئیمپریالیزم و زایۆنی و دوژمنانی شۆڕش، بۆ ئەوەی ڕێ لە ڕێبازی پەرەپێدان و عیراقی نوێ بگوڕن و جوولانەوەی شۆڕش لە سنوورێکی دیاری‌کراودا بوەستێنن و نەتوانێ کاروانی ئامانجە پیرۆزەکانی بەرێتە سەر، دەیان پیلانیان داناو هەوڵی ڕاپەڕاندنیان دا.

دوای ئەوەی ئیمپریالیزم و زایۆنی، هەموو هەوڵ و توانای خۆیان تاقی‌کردنەوەو بۆیان سەلما کە ڕاستەوخۆ خۆیان ناتوانن زەفەر بە عیراق ببەن و دەستی لێ بوەشێنن، هەڵسان ڕژێمی خومەینی‌یان بەم دەورە ڕاسپارد.

سەرەنجام، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم خواستە بوگەنەی هێزەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی، ڕژێمی کۆنەپەرستی دواکەوتوو لە قوم و تاران، لە چواری ئەیلوولی ١٩٨٠دا، دەست درێژییان کردە سەرخاك و ئاوو گەلی عیراق و... شارو دێهاتی وولاتیان دایە بەر ئاگری تۆپەوە.
شەڕیان بەسەر گەلی عیراق و شۆڕشی گەشاوەی عیراق سەپاند.

ئێستاکەش، ئەم شەڕە سەپێنراوە کە پێ‌ی ناوەتە سالی شەشەمیەوە، بەردەوام تاقمی تەماعکارو چاوچنۆك، شکاون و بەزیون و، لەهەر هێرشێکیاندا گۆڕستانێکی نوێیان بۆ هەڵ ئەکەندرێ، پاڵەوانانی عیراق، لەپشت سەرکردەی خۆیان - سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین دا، شێری هەقانەتیان تێژترو قایمترەو هەمیشە ئیرادەیان سەرلەنوێ دەبێتەوەو لەبن نایەت.

ئەوەبوو شۆڕش زەبرێکی ژانی سرەواندە دوژمنان و ئەوانەی داویان بۆ عێراق نابوویەوە، پشتی ئاواتی پەل هاویشتن و پیلانی ئیمپریالیزم و زایۆنیی و فارسی شکاند... لەشکری قادسیەی نوێ بە سەرکردایەتیی سەرلەشکری بە تەجرەبەو بێ نموونەی سەرەك صدام حسین، سەری نیشتمان و نەتەوەی بەرزکردەوە.

شۆڕشی سەرەك صدام حسین، ساغی کردەوە، کە لە هەموو دوژمنان و، لەهەموو نەهامەتیی و تەنگانەیەك دا بەهێزترە... شۆڕشێکە لە تەرزدا نوێیە... بۆ کامەرانی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤ و بینای عیراقی نوێ کار دەکات.

ئەو بەخشش و پەندانەی جەنگی قادسیە، بوون بە مایەی بایەخدانێکی زۆر سەرپەڕو دیاری لای سەرەك صدام حسین، لە پەنای سەرکردایەتی کردنی ڕەوتیی و کاروانی مێژوویانەی شۆڕشەکەمان و لە ئەنجامی هەڵسوڕاندنی کاروباری جەنگی ڕەوامان لە دژی دەست درێژی عەجەم و ژیانی ڕاستەوخۆی لەنێو ڕووداوو هەنگاوەکانی جەنگ و دەست گرتنی ڕاستەو ڕاست و ڕۆژانەی بەسەر ڕاستیەکانی ئەو جەنگە.

لەپەنای بیری ڕووناك و زرنگانەو ئەقلی کامل و ستراتیژیی و تێکەڵ بوونی گیانی بەگیانیانەی صدام حسین - ی شۆرەسوار، لەگەڵ ژان و هەژانی سەربازە دلێرەکانی خۆی لە کۆرەکانی جەنگا، بوو بە مایەی ئەوەی بە لێکدانەوەی ووردی خۆی، ڕووداوەکانی جەنگ شیتەڵ بکاتەوەو بەشێوەیەکی داهێنەرانەش پەندە بە سوودەکانی هەڵ بهێنجێ و لەپێناوی ڕەوتی ئەو جەنگە بەردەوامە لەدژی دەست درێژیی ڕژێمی ئێران، بیخاتە کارو لە پاڵپشتیا ئەو زانستیانەی بەگشت سەرکردەو فەرماندەکانی سوپای ڕاگەیاند، کە ئەبێ لەکاتی جەنگا سوودی لێ وەربگرن و ڕاییەڕێنن.

بەشداریە گەورەو مەزنەکانی سەرەك صدام حسین لە فیکری عەسکەریی و کاری هونەری جەنگ داو ڕێنمایی و ڕاسپاردە ووردەکانی لەم بارەیەوە، دەوری مەزن و سەرەکی نواندوە لە بردنەوەی جەنگ و پاراستنی سەرکەوتن.

مانەوەی سەرەکی فەرماندە لەنێو جەرگەی شەڕداو، سەرپەرشت کردن و بەڕێوەبردنی جەنگ و، هامشۆکردنی یەکسەری لەگەڵ سرووشت و جەنگ و باری پێویست و تەگەرەکانی دوارۆژ، لایەنەکانی بیری عسکری سەرۆك ئەگرنەوەو، بەهۆیانەوە لە سەرکردەکانی تەقلیدیدا جیا ئەکرێتەوە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم ووتارە، سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:


١ - صدام حسين - لسنا طلاب حرب وانما دعاة حق واصحاب رسالة. دار الحرية للطباعة - بغداد ١٩٨١م.

٢ - صدام حسين الاعلان القومي - استجابة لدواعي المسؤلية القومية دار الحرية للطباعة - بغداد ١٩٨٠م.

٣ - صدام حسين. رغبتنا في السلام من موقع الاقتدار المبدئي العادل، دار الحرية للطباعة - بغداد ١٩٨١م.

٤ - گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» - ژمارەکانی «٩١، ١٠٣، ١٠٦».

٥ - گۆڤاری «بەیان» ژمارە (٨١)ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٢.

# ٧ی نیسان

## سەرەتای قۆناخێکی نوێیە



سالار محمد

ماوەی سی و نۆ ساڵی تێکۆشان و ئەرکی بێ وچانی بەردەوام، حزب لەهامێزی جەماوەر گەورە دەبوو، بڕوایان پێ کردو چوونە ریزیەوە بەوپەری ئاگاو هوشیاریەوە خۆیان بە ئەندامەکانی دەژمێرد... لە ئامادەکردنیاندا لەسەرانسەری نیشتمانەکەماندا سەرکەوتنی بۆ نەخشێنرا، بوو بە پێشرەویان و ڕووبەڕووی گشت جۆرە تەنگوچەڵەمەو کێشەیەك بوون سەرکەوتنیان بۆ نووسرا... نێوان ئەم

کاروانە شۆڕشگێریە قورسەدا پارتی بەعس توانی بەرەنگاری جۆرەها دەستەو هێزی پلان کاریو هەڵگەڕاوە بکات و بە سەدان بەخششی مێژوویی نەتەوایەتی وەدی بهێنێت... گرنگترینیان و لەسەرووی هەموویانە وەدیهێنانی یەکێتی عەرەب نێوان دوو دەوڵەتی برا میسرو سوریادا، بەرپاکردنی شۆڕشی هەشتی شوبات لە عیراق دا، دوا بەدوای ئەوەش شۆڕشی هەشتی ئادار لە

وولاتی سوریادا، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هێزە پیلان گێرە دەولەتیەکانی زایۆنیست و چلکاوخۆرەکانیان ئاگاداربینەوەو هەست بە مەترسی هەلسانی شۆرشی گشتی لەلایەن عەرەبەوە بکەن و ئەوەی بەدەستیانەوەیە لێیان بسێنرێت و نەمان لەناوچەکەدا بۆیان بنووسرێت و بەهیچ‌وپوچ دەرکرێنە دەرەوە... جا بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە تا کار لەکار نەترازاوە ئاگری ئەم شۆرشە بکوژێننەوەو بەربەستی رووناکیەکەی بکەن. بۆ ئەوەی نەگاتە ناوچەکانی دیکەی عەرەب... دەستیان کرد بە پیلان دانان و بەکار هێنانی جۆرەها چەك و شێوەی لێدان، لێدانی دەسکەوتەکانی شۆرش و بەخششە بێ‌پایانەکانی تەقەلایان دا حیزبەکە لە بنج وبنەوانەوە لەناوبدەن و بوونی نەهێلن، یان هەر نەبێت بیروباوەرە نەتەوایەتی و شۆرشگێریەکەی بە چەشنێکی ئالۆزی و نارەسەن و شێواو پیشان بدەن، لەسەرەتادا توانییان شۆرشی هەشتی شوبات لەباربدەن، توانیشیان هەلگەراوە شوباتیەکە دروست بکەن بەو نیازەی سەرکردەی شەرعی ی حیزب لە سوریادا لەناوبدەن.. بووە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا شۆرشی هەشتی ئادار لەرێرەوە راستەقینەو رەسەنەکەی خۆی لابدات و رێگایەکی جیاوازی نارەسەن بگرێتەوبەر کە دووربێت لە بیروباوەری راستەقینەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

بەلان هەرچەند هێزەکانی دوژمنان و ئەوانەی لەگەلیاندا پەیمانیان بەست و دژی حیزب وەستان گەلێ مەزن و گەورە بوون، هەرچەند دەست وەشانەکانیان کە ئاراستەی دەسکەوتەکانی حزبیان کرد بەهێزو قورس بوون، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ ئامرازو شانەکانی حزب دەوەشێنران، بەتایبەتی لە وولاتی سوریاو عیراقدا... بەلان حزب توانی بەرەنگاریان بکات و خۆی بپارێزێت و لە تێکۆشاندا بەردەوام بێت... لەنێو جەماوەردا هۆشیارانە بجولێتەوەو ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەچواردەوریدا کۆببنەوە وزیاتر بیروایان بە ئاوات و ئامانجەکانی پتەوبێت و لەگەلیا تێکۆشن

بۆ داهاتووی گەشەداری پرکامەرانی..

جەماوەرمان گەلێ بەختەوەرە کە شورشگێرێکی قارەمانی دانا، سەرکردەیەکی بەجەرگ لە نمونەی سەرکردەی مێژوویە مەزن و ناودارەکان لەدایك ببێت.. ئەویش تێکۆشەرو سەرکردەی مێژوویمان هەڤال صدام حسین ە.. ئەم چەشنە سەرکردایەتیە کە لە کەسیەتیدایە، کارێکی گەورەو بنچینەیی بوو بۆ کولنەدانی بۆ کولنەدانی حیزب و دووبارە رێکخستن و بیناکردنی هەیکەل و شانەکانی حیزب، بەجۆرێك کە بتوانێت دووبارە دەست بکاتە تێکۆشان نێوان جەماوەرانداو دژی هێزە هەلگەراوەکان راوەستێت و گەل لە چنگیان قورتار بکات.. ئەوە بوو بە شۆرشە مەزنەکەی لە ١٧ - ٣٠ی گەلاوێژ هەلسا گەورەترین سەرکەوتنی وەدی‌هێنا..

بەرپابوونی شۆرشی ١٧ - ٣٠ی تەمموزو ئەو دەورە مێژوویەی کە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین پێی هەلسا، بوونە هۆی مانەوەی شۆرش و پەرەپێدانە سەربەخۆییەکەی لەچوارچێوەی بیروباوەرە رەسەنەکانی حیزبدا. ئەمە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە رەوورەوەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەبەخشێ... کارامەیی و چەسپان و تێگەیشتووی دەگەیەنێ، دووپاتی ئەو هێزە هوشیاریە دەکاتەوە کە بتوانێت هەمیشە پێشکەوێت و بگاتە پایەی لێپرسراوێتی مێژووی... وەستان و بەرەنگاربوونی هێزە دوژمنکاریەکان و سەرکەوتن بەسەر گشت جۆرە کۆسپ و گێرمەکێشەیەکداو رەهاکردنیان و پەرینەوە بەسەر درگە و دال و هەموو چەشنە نەهامەتیەك دا...

دوا بەدوای ئەمە دەبێ شۆرش ئەژماردن و حیساباتی خۆی لەگەل دوژمنەکانیدا بەبێ سێ‌ودوو پاکۆبکات... بەم جۆرە شۆرش چووە نێو جەنگە مێژوویەکانیدا، یەك دوای یەك... بەسەر گشت هێزی بەرهەلسکارانی ناوەوەی وولاتدا سەرکەوت، دەستی قورسی مەردانەی خۆی لە کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی وەشاندو نەوتی خۆمالی کرد، لە

راستیدا خۆماڵی کردنی نەوت شەڕێکی مێژوویی مان و نەمان بوو سەرانسەری جیهان دانیان پیاناو دوژمنان لە گشت کون و قوژبنێکیاندا گرەویان لەسەردەکردو لەم لاو لەولاشەوە پیلانیان بۆ دادەنا بۆ ئەوەی شۆڕش سەرنەکەوێت و بیدۆڕێنێت بەڵام بەپێچەوانەی ئاوات و ئارەزووی ئەوانەوە بوو، کارێکی دڵتەزێن و کوشندە بوو بۆیان... حیزب و شۆڕش ئاڵای سەرکەوتنیان بەرزکردەوە، جەماوەر شادمان و خۆشحاڵ بوو...

دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەیان لا چەسپا کە تەجرەبەو تاقیکردنەوەی عیراق کە صدام حسین سەرکردایەتیی دەکات، لەو چەشنە شۆڕشانەیە هەرەشە لەمان و بوونیان دەکات لە ناوچەکەدا، ترس و لەرزێکی گەورە نیشتەدڵیانەوە، چونکە کۆتایی دەسەڵات و پەرژەوەندیی نارەوایان لە ناوچەکە بەدەست صدام حسین و هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی بەعسەوە دەبێت.

جا ئیمپریالیزم و زایۆنیزم گەوج و بێ مێشك نەبوون ئەم جارە کە «خومەینی» یان ڕاسپارد بۆ ڕاپەڕاندنی پیلانە چەپەڵەکەی ئەم جارەیان بۆ ڕاگرتنی کاروانی پەروەرەوەی حیزبی سەرکردەمان... بەڵام لەلایەکی ترەوە هێزەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم ئەوپەڕی نەفامیی و گەوجایەتییان نواند کەوا سەرکەوتنی و کارەنایابەکانی حیزبیان لەیادچوو، ئیجگار بەهەڵەدا چوون کەوا بیریان دەکردەوە بەشکو ئەمجارە بتوانن مەرامی نابەجێی خۆیان وەدیبهێنن..
زایۆنیەکان هێشتا نەچوونەتە ناخی مرۆڤی نوێی عیراقداو لەدڵ و دەروونیان نەگەیشتوون، لەو گۆڕانکاریە فراوانەی کە حیزب و شۆڕش لە کۆمەڵگای عیراقدا کردویە نەکۆڵیونەتەوە، دیسان ئەوەش نازانن ئێستا عیراقیەکان بە گەورەو بچوك و پیاو و ئافرەت و منداڵ و پیرو گەنجەوە چەند صدام حسین یان خۆشی دەوێت و چۆن بەچواردەوریا کۆبوونەتەوەو ماڵ و منداڵ و گیانی خۆیان لەپێناودا دەبەخشن... عیراقیەکان، گشت عیراقیەکان صدام حسین بە باوك و سەرکردەو ڕزگارکەر دادەنێن... بە سەرکردەیەکی مێژوویی و بیرکەرێکی شۆڕشگێڕی گەورەو نیشانەیەکی خەباتگێڕی مەزن دایدەنێن.

**جا لێرەدا ئێمە دەڵێین ئەو هێزە ئیمپریالیانەی کە «خومەینی»یان کردە داریدەست و ڕایان سەپاند بۆ کزکردنی تیشك و ڕووناکیی شۆڕشەکەمان یان هەوڵ دان بۆ کوژاندنی مەشخەڵی حیزبی سەرکردەمان، دەڵێین ڕێگایەکی کۆنی دواکەوتوویان هەڵبژارد خێرا پەکیان کەوت و نەیانتوانی لە گۆڕەپانی جەنگدا بەرەنگاری هێزو بڕواو ئیرادەی نوێی عیراقیەکان ببنەوە، سەرکەوتنەکانی سوپای قارەمانمان و تۆمارکردنی داستانی پڕ ئازایەتییان لە ماوەی پێنج ساڵی جەنگی توندو قورسدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هێز نییە لەجیهاندا بزەی سەر لێوی منداڵی عیراق بسڕێتەوە ئەوە دەچەسپێنێ کە سنووری عیراق پارێزراوەو دەپارێزرێت و دەست نیشانی ئەوەش دەکات کە تاقیکردنەوەی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جێبەجێی گەڵ لە ئەنجامەکانی کردووەو بەردەوامە لە ڕاپەڕاندنی هیواکانی تری جەماوەردا..**

**هیوایەکی بنچینەیی هێنایەدی ئەویش بنیاتنانی مرۆڤی نوێیە کە پشت بە بیروباوەڕەکانی حیزب دەبەستێ و هێزی خەباتگێڕی و هوشیاری پشتیوانیتی، گەلانی سەرزەمینە و هێزە جیهانیەکان دان بەم ڕاستیەدا دەنێن و دەبێ بەم گوێیەو پێیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن و سەریانیش بۆ شەرتە مەوزوعیەکانمان بنوێنن.....**

بەڵێ عیراق ئێستا لەم ئاستەو ڕادەیەدایە...

لە یادی ٧ی نیساندا... نیسانی بەهارو گوڵ و گوڵزار، نیسانی دەسکەوت و بەخشش و بەرەکەت... نیسانی سەرفرازی... پیرۆز بایی لەکەڵ و سەرکردەی خۆشەویستمان دەکەین... مۆمێکی تر بۆ حیزبە شۆڕشگێڕەکەمان دادەگیرسێنین... مۆمێکی تر بۆ سەرکردەی داناو قارەمان هەڤاڵ صدام حسین دادەگیرسێنین ئەمەن درێژی بۆیان دەخوازین و سەرکەوتن و کامەرانی بۆ گەلە نەبەزەکەمان....

# میهرەجانی دووەمی ڕۆشنبیری کوردی

• ڕۆژی ڕۆشنبیری •

شێرزاد عبدالرحمن



هەموو ساڵێ لە مانگی ئازاردا، پێشوازی «ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی» دەکەین، یادی سەردانی سەرەکی فەرماندە بۆ بەشداربوون لە کارنامەی ساڵانە دەزگای ڕۆشنبیری کوردی کە بەم بۆنەوە هەموو ساڵێ بەرنامەی چالاکی دیاری ڕۆشنبیریو ئەدەبی لە شارەکانی کوردستاندا سازدەکات..

ئەوەبو بەم بۆنەوە، هەولێر، بەرنامەیەکی چالاکی تایبەتی بەخۆیەوە بینی کە بریستی بوو لە سازدانی کۆری ئەدەبیو کۆری شیعرو ئاهەنگی مۆسیقاو پیشانگا...

ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی لە هەولێر سێ ڕۆژی لا خایاندو لە ژێر چاوەدێری بەڕێز یحیێ جاف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان دەستی پێکرد، ئەویش لە ژێر دروشمی «پێکەوە بۆ بنیاتنانی عیراقی مەزن» کە ژمارەیەك لە ئەمیندارە گشتی یەکان و بەڕێز پارێزگاری هەولێرو بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی مامۆستا مصلح جەلالی و ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان ئامادەبوون...

ڕۆژی ٩ی مانگ بەرنامەکە بەکردنەوەی پیشانگای هونەری فۆتۆگراف دەستی پێکرد کە مامۆستا یحیێ جاف لە هۆڵی مۆزەخانە لە قەڵا دێرینەکەی هەولێر کردیەوەو تیایدا بەرهەمی وێنەی فۆتۆگرافی چوار هونەرمەندی وێنەگر خرابووە ڕوو... کە بریتی بوون لە برایان: محمد خطاب، فارس سعدی ،نورالدین محمد امین، محمد بکر...

لەم وێنە فۆتۆگرافی یانە گەلێك دیمەنی جوانی سرووشتی ڕازاوەی کوردستان و کەلەپوورو بابەتی ژیانی

ڕۆژانەو وێنەی جەنگاوەری عێراقی خرابووە ڕوو کە لە سەنگەردا وێنەیان کێشرابوو...

کۆمەڵەی فۆتۆگرافی هەولێر لەم چالاکییەدا دەست پێشخەری چاکی تواند بە بە بەشداری کردن لە ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردیو پێشانگا هەرسێ ڕۆژ بەردەوام بوو..

بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ، وە لە هۆڵی یەکێتی گشتی ی نەقابەی کرێکارانی هەولێر ئێوارە کۆڕێکی خنجیلانەی فۆلکلۆری کوردی بۆ نووسەر کاك اسعد عدۆ بە ناوونیشانی «لاوك و حەیران» سازکرا، کە بە درێژی باسی لەم لایەنە زیندووەی کەلەپووری کورد کردو چەندان نموونەی لە دەقی فۆلکلۆری کوردی هێنایەوە لە عەشق و خولیای لاوك بێژ و حەیران بێژی کورد، هەروەکو پەنجەی بۆ بایەخ دان بە دنیای فۆلکلۆر درێژکرد... پێش ئەویش، مامۆستا محمود زامدار ئێوارە کۆڕەکانی بە ووتەیەك کردەوە کە تیایدا باسی بایەخی ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردیو ئەم چالاکییانە هەمە ڕەنگانەی کرد بۆ زیاتر. بەرەو پێشەوە بردنی باری ڕۆشنبیری کوردی... ئەنجا، دوای خوێندنەوەی باسەکە، کرا بە گفتوگۆو لە نێوان ئەم گفتوگۆیانەدا، کاك أسعد هەندێ سەرنجی تایبەتی خۆی دەربڕی.

● ڕۆژی ١٠ی مانگ، پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی بەردەوام بوو بۆ ئێوارەکەشی، لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران کۆڕێکی ڕازاوە بۆ مامۆستای نووسەر مصطفی نەریمان دەربارەی کتێبی قوتابخانەکان ڕێك خرا...

مامۆستا زامدار زۆر بە ئەمەکداریو خۆشەویستی باسی



ژیان و بەرهەمی مامۆستا نەریمانی کرد لە بەخشینی چەندین ساڵی بۆ ئەدەب و ڕۆژنامەو بیابوگرافیای کورد...

ئیتر دوای ئەوە مامۆستا نەریمان بە شێوەیەکی مەوزوعی باسی کتێبی قوتابخانەکانی کردو پەنجەی بۆ گەلێك بابەت درێژکرد دەتوانم بڵێم جێگەیەکی دیاری خۆی هەبوو لە ڕووی مێژووو بیبلوگرافیا کە مامۆستا دەستی داهێنانی تێداهەیە.. کە دەست کرا بە گفتوگۆ، مامۆستا بە شێوەیەکی هێمن، دەربارەی باسەکەی دوواو گەلێك یادگاری گێڕایەوەو چەند مامۆستایەك ڕای خۆیان دەربارەی ناوەڕۆکی کۆڕەکە پێش کەش کرد کە زیادییەکی خستەناو باسەکەوە...

● ئێوارەی ١١ی مانگ، ئێوارەیەکی بە سۆزو تایبەتی بوو. کاتێك هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر کۆڕە شیعرو گۆرانیو مۆسیقای هەمە ڕەنگی گرتەخۆی...

ئەوەبو لە سەرەتای ئەوئێوارەیەدا مامۆستا زامدار ئاهەنگەکەی کردەوە بە پێش کەش کردنی مامۆستا مصلح

جەلالی بەڕێوەبەری گشتی ی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بۆ خوێندنەوەی وتەی دەزگاکە. . .

مامۆستا لەسەرەتای وتەکەدا خۆشحاڵی نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردی دەربڕی بەم بۆنەوەکە دەرگایەکی نوێتری لە بەردەم ڕۆشنبیراندا کردەوە بۆ دەست نیشان کردنی ڕووخساری ڕۆشنبیری نەتەوەیی لە چوارچێوی یەکێتی نیشتمانیدا. . .

هەروەها دەست نیشانی ئەوەیکرد کە ڕۆشنبیری کوردی لە گەشانەوەدا بووەو دەبێ، سەرباری باریجەنگ کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران سەپاندیە سەر وڵاتەکەمان، کە دەوری ڕۆشنبیرانی کورد قووڵ ئەکاتەوە لە بەشداریکردن. . . . بەو شێوەیە کە ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی، کەوتە کاتێکەوە، کە ڕژێمی ڕەگەزپەرست لە ئێران بەردەوامە لە نیازی گڵاوی بۆ بەدی هێنانی خەونی ڕزیوی لە ناوچەی باکوورو خوارو، بۆ ئەوەی لە باری پێشکەوتن بدات، بەڵام خەونەکانیان بە بازووی پۆڵابین



پووچەڵ دەبێتەوە. . . ئەوەبو، ویستیان بەختی ڕەشی خۆیان لە کوردستان تاقی بکەنەوە. . . ئەوەبو بە چۆکاهاتن هەروەها بەرێزی ئەوەی دەربڕی، کە ئایا ئێران دەیەوێ لە چیبدات. . . چییان لەگەڵی کوردو ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و هەموو هۆیەکی پێشکەوتووی گەشاوە، ئەوێ؟ ئەوەتا، هیوایان لە ـ فاو ـ پووکایەوەو، لە هەموو کێوو چیایەکی سەرکەشی کوردستان دەپووکێتەوەو، بەرێزی هیوای خواست کە سەرکەوتن بەشمان بێت بۆ لێدانی دوژمن و گەشەسەندنی باری ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

● دوای ئەوە، دەست کرا بە کۆڕە شیعرو گۆرانی لە لایەن تیپی «کاروان» تیپی «خانزاد»ی ئافرەتان. . ئەمەش چەند گۆڤاری «بەیان»

ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری هەولێر

بڕگەیەکی شیعری هەریەك لەو شاعیرانەیە:

● مەغدید سۆران:

**سائەی ڕێڕەوانی خەبات**
**عاشقانی ئاسۆی وڵات**
**وشە، بکەن بە چەکی جەنگ**
**کێش و سەروا، بە پێش ئاهەنگ**
**شۆڕشی سۆز، خوێنی جگەر**
**ئازاو چالاك بێ لە سەنگەر. . .**

● صلاح سیدۆك:

**چۆن ئەتوانن بە چرنوکی**
**بای زەردەوە. .**
**بێنە مەیدانی جەنگەوە. .**
**نیشتمانی هەڵوی بەتێن!**

تاوە گری بازی گەرمێن

هەگبەی هیوای سەرکەوتنی
بەکوڵی مێژوو. . داداوە
بە باوەڕی سەربڵندی
ڕەگی بەخوێن داکوتاوە. .

● ساکار بەرزنجی:
لە نیشتمانی دووبرا
بو، وێنە مەشخەڵ لە جێی چرا
لە سەر شانی کوردو عەرەب
دەبین بە مەشخەڵی ئەدەب
بە پێنووسی پاك و خاوێن
بۆ نیشتمان هەنگاو داوێنین. . .

● تحیسن مولود خضر:
هەورە خوڵە، تۆزە، بایە
لەزرمەی تۆپ، تەقەی گوللە
زیاتر هیچت لە گوێ نایە
فرۆکەکان. . دەڵێی هەڵۆی چیاکانن. . .
نەرەی شێری مەیدانی جەنگ
ئاوازێکە لە دڵدایە. ؟.

● جلال ملاحسن خۆشناو:
جارێکی دی. .
لە هەگبەی جەنگ. . جەنگی ڕەوا
کێ چاوەڕێی دەنگوباسە؟
- باوك و برا. . .
خوشکان، دایکان
هەر لە زاخۆ. . هەتاکو فاو
گشت چاوەڕێی دەنگو باسن
گشت چاوەڕێی، دەست و مەچەك
شمشێرتانن. .

● اسماعیل گەیلانی:
بەڵێ، دوژمنی ڕوورەش، نەشێتن چوشمە گرێرەن
لاوێت من کاوێت چەلەنگ نەوێری خوڵێرەن.

دوژمنی خوڵێك دامرنامەکری پ زێرا
چەند دووربیت، دێ هەرسەرکەوفتن یامە بیت برا. .

● سلیمان گەلالی:
- شەهید. . وەکو گەڵای پایز
وشك و برینگ نابێتەوە

هەزارلاوی دیکەی وڵات
خۆبەخت کەن

هەزار خوێن ڕێژ لە ناوبەن
تۆڵەی شەهید ناکرێتەوە

ناکو خوێن ڕێژ نەبڕێتەوە. . .

● لە کۆتـایـی ئاهـەنگی کۆرە شیعـرو گۆرانی، بروسکـەیـەك بۆ سەرەکی فەرمـانـدە صدام حسین نێـردراو

کۆتـایی بە چالاکی ڕۆژی ڕۆشنبیـری کوردی هات و کاك محمود زامدار لە کۆتاییدا، ئاواتی خواست کە بە دیدارو

گەلێ چالاکی نوێتر بەیەك بگەینەوە بۆ زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هەموو توانایەکی داهێنان.

«غازی طلوب»
وێنەی گرتووە.

# ڕۆژا ڕەوشەنبیری کوردی

عبدالکریم فندی

مەها ئادارێ مەها چەژن و سەرکەفتنا یە ل سەر هێزێد تاری‌و ستەمکارێ. بهەلکەفتنا چەژنا دوێ یا رەوشەنبیریا کوردی‌و ل ژێر دروشمێ [پێکڤە ژ بو ئاڤاکرنا عیراقا مەزن]



ب چاڤدێریا هێژا قائمقامێ دهوکێ نوینەرێ پارێزگەری دەزگەها رەوشەنبیری‌و بەلاڤکرنا کوردی کورەکا ئەدەبی ژ سەیدا [ئیلی أمین] را سازکر ل هولا چالاکێد ڤێرگەها ل ئێڤارا ٩/٣/١٩٨٦ دەم ژمێر جار. مشە تورەڤان و ئەدیب دوست تێدا بەرهەڤبون. هێژا عبدالکریم فندی ئەڤ کورە

ب رێڤـە دبر ل پێشیێ نوینـەری دەزگـەهـا رەوشـەنبیـری‌و بەلاڤکرنـا کوردی سەیـدا مختار فائق پێشکێش کرو گوتارا دەزگەهی خواند تێدا دیار کر کانێ دەزگەها رەوشەنبیری ب چ بزاڤ رادبـیـت و چ دەسـتـێ هاریـکـاری ژ ئەدیب و نڤیسەرێد کورد را درێژ دکەن.

پاشی سەیدا [تیلی امین] دەست ب ڤەکولینا خوە کر پێناسینەکا باش بۆ ئەفسانێ‌و رامان ژێ چیە.

ب درێژی ل سەر ئەفسـانێ ئاخفت و هندەك هیمـایێد وێ ل جەم کوردا دەست نیشـان کرن وەك: دێـو، مارێ دبـو. هولا ئێکـەتیـا ئافـرەتێـد زاخـو پڕ بو ژ خورت و خەم خورێـد ئەدەب و ڤولکلورێ کوردی. ب چاڤـدێـریـا هێژا قائمقامێ زاخو ئەڤ ئاهەنگە هاتە سازکرن و ل پێشیێ هەمیا پێکڤە فاتحەك خواند ژ روحا شەهیدا را پاش سەیدا مختار فائق گوتـارا دەزگـەهێ خوانـدو گوت رۆژنـامـا هاوکاری یا حەفتـەی دگـەل کوڤـارا بەیـان و رەوشەنبیری نوێ د ترخان کرینـە بو بەلاڤکـرنـا تورێ کوردی‌و موکم کرنـا ئێکـەتیـا رەوشەنبیری‌و دەزگەها مە تەخسیر نە کر یە ژ بارمەتی دانی بو هەمی ئەدیب و نڤیسـەرێـد کورد. را پاش تیـا نڤابـا



حەفت سەر، میرزا محمد، سیمەرخ و پەری] دیارکر کانێ چەوا هوزانڤـانێ ناڤ دێر [ت. س. ئیلیوت] ئەفسـانـە ڤەهـانـدینە دنـاڤ هوزانێـد خوەدا. هەر وسـا [بـدر شاکر السیـاب] ژی ل وێ شوینێ جویـەو گوت ئەفسـانـەو شعرا کوردی‌دا بلا بمینیت بۆ دەلیڤەکا دی. پاشی سەیدا صدیق شرو، حجی جعفـر بشکـداری د ئاخفتنێ دا کرو مشـە پسیار ژ سەیدای هاتنە کرن و دملدەست بەرسڤ لێ دهاتبە دان.

★ ل رۆژا دی رێکەفتا ۳/۱۰ ژڤان ل زاخوکا بادینا بو دەنگێ خوزانڤان و ستران بێژا دگەل پێلێد خابوری تێکەل هونەرمەدا ل دهوکێ دو سرودێد نیشتمانی پێشکێش کرن بناڤێ [لەشکەرێ مە، سەرکەفتن] ل دوی وان هوزانڤان رمضـان عیسی ب سەرکـەت و هوزانـەکا جوان پێشکێشی سەربازێد عیراقێ کرو گوت هەر جارەکا رادبون عەجەم.

ل سەر توخیبی.. پێش هێرشێ

چەپەر بوین ئەم.

کوردو عەرەب

ل بەر ئالا وەلاتی چەپەرن هەر دەم.

ل دوی وی هێـژا مقـداد دێرکـژنیکی هوزانـا بنـاڤێ (سرودەکا نیشتمانی) دیاری گوهدارا کرو گوت:

دێل دور وەلاتێ خو ژڤرم
ب شەڤ و روژا ئەز نانڤم
نێ بو وەلاتی دێ بزڤم
گولەو ئارپیچیێ دێ هەلگرم.

دور گەهشتە هوزانڤان عبدالله حسن دوسکی و هوزانا خوە بناڤێ (سەربازێد جەنگاوەر) پێشکێش کرو گوت:

هو خومینی ما تە چ کر
ئەڤ بەلایە تە ب خو چێکر
تە نە دزانی ئەم چ مێرین

ئەم سەربازین چەرگ شێرین
بو عیراقێ زێرو زیڤین
دێ سەرێ تە ل بن پیا هێرین.

هوزانڤان عبدالعزیز خیاط بو جارا ئێکێ ب سەر شانوێ گەت و هول گەرم بو دەمێ هوزانا خو [گورزێ گران] خواندی گوت:

سەریت ریا هوین لێ ب گرن
لێ بکەن ئاگر باران

ل دور ب زڤرن ئەی دلێران
لێ بدەن گورزێ گران.

هەر وسا سالم مصطفێ هوزانا [دایکێ] کر دیاری ژ جەماوەری راو گوت:

یەک کراس دێ بوتە ئینم
ب رەنگێ دێ خەملینم
کورێ تەمە بێ دەی نینم
دەیکێ بێی تە ئەز چونینم

هوزانڤانێ ناڤ دێر صدیق شرو بارا خو تێدا کرو هوزانەک بناڤێ (عیراقا من) خواند تێدا گوت:

وەلاتێ من بیکا خەملین
وەلاتێ من عیراق و ژین
دەریا نوشا دێ شلقینم

سەخمەراتی ئەڤینا تە
چیا تەڤیا بو تە ئینم
دێ لێ گەرینم
هەمی پەیڤێت رەندو دەلال
ل سەر ئەزمانێ ئازادیێ
ڤە جەمینم.

[نامەیەک بو لەشکەری] ناڤێ هوزانا أحمد عثمان بو تێدا هات:

بێژە دوژمن خاکێ من بەردە

دێ بەردە
دێ بەردە
ئەز لەشکەرم حازرم
لەشکەرم حازرم ل هەمی ئەردە.

ل دوماهیێ (کامیران رەشید) هوزانا (وەلاتی من) خواندو گوت:

هو وەلات و تەماشە بکە

ژ زاخوکێ هەتا بصرە
لەشکەر رینشت چیاو دەشتا
ب گولەو توپ و فروکا
دژمن کرە دەر ژ ناڤ خاکا

دناڤ بەینا دا ستران پێژ [حاجی علی بادی، حسن شریف، أحمد دلوڤان) ب ئاوازێد خوە یێد خوش و زەلال چەند ستران کرنە دیاری ژ ڤێ روژێ را.



# وردیلەکان

● تاڤگە احمد ●

دایك :ـ
وردیلەکان
هیوایِ ژیان
چرۆی داهاتووی رۆژیگەش
هەرچەندە بچووکن بە لەش
بەلام بە کردەوە گەورەن
قالٌ بووی ئەم سەردەم و دەورەن
پرسیارێکم لێتان هەیە
ئێوە چین . . شوێنتان کامەیە؟
وردیلەکان :ـ
ئێمە مێژووین
ئێمە بەرهەمی چریکەی رۆژانی زووین
دایك :ـ
وەرنە پێشیٚ کۆرپەکانم
گەر بمناسن من دایکتانم
لەلای باوك و باپیرانتان من ژیان بووم
کوردستان بووم . . نیشتمان . . بووم
ئەمرۆش بەستەی خۆشی لێوی دڵسۆزانم
وردیلەکان :ـ
ناوت لامانە دایکە گیان
ناتدەین بە گشت موڵکی جیهان
دایك :ـ
باوباپیرانیشتان . . پێشوو
بۆ خۆشی من زۆری تیاچوو
وردیلەکان :ـ
دایە . . دلگیر مەبە لێمان
خۆشمان ئەوێی بە دڵ و بە گیان
دایەك :ـ
دایك بۆنەوەی بەرزوباشی
هەرگیز ناهاوێ بەرداشی
پێش ئێوە دڵسۆزم هەبوون
گەیاغیانە دەم سەدەی روون
ئێستەش ئێوەی نەوەی ئەوان
هیوای گەورەم هەیە پێتان
بەتوانای ئێوەوە ئەڕۆم
دەست لە یارمەتیتان ناشۆم
بەلام ئەوەی لام مە بەستە
ئەوەیە کە دەستە دەستە
یەك لەش و یەك بیرو گیان بن
ئەگەر دڵسۆزی دایکتان بن
هەمووکاتێ مژدە هەیە
ئەویش ئەو رۆژە روونەیە
کە هیوای ئێوەی رەوایەو
سەرکەوتنی عیراقی تیایە

دوکەڵ مژی دەستی سیا
بۆ ئاواتی دڵ و دەروون
بۆ یاسای ڕەوانی گەردوون
بۆرەنجی شان ەێزی بازوو
بۆ ڕێبرەوی بە ئارەزوو
بۆ هاوکاریی بۆتەبایی
ژینمان بۆ نەکەن بەشایی
توخوا ئەبێ خوم شێوابێ
دەروازەی دنیا گیرابێ

# مەهابادی

○ حلمی عەلی شەریف ○



شاری مەهابادی شیرین
هەر شارێکی وەك ئەو ڕەنگین
ڕوم تێ ئەکەن لێم ئەپرسن
بۆ وا شێواو بۆ وا خەمگین
وەڵامی من ڕەوتی دیارە
ئەرکی گەورەی لەسەر بارە
رووی لەم شارە رووی لەولا یە
باڵاپۆشی هەموو لا یە
بۆیە ڕازی خۆم وا دەڵێم
چونکە نابێ لەهەق هەڵێم
سەیری داری بەڕوو ئەکەم، کزوو باریك
سەیری ئاوی کانی ئەکەم، لێڵ و تاریك
سەیری هەوری ئاسمان ئەکەم، ڕەش و بێ پێز
سەیری لوتکەی کێوان ئەکەم، کزو بێ هێز
ڕەنگی خوڵ و خاکم سورە
بلبلیش دەنگی لێم دوورە
شنەشنی بای ڕۆژهەڵات
جاران کە دەهات بەخەڵات
دەنگی لاوانی بێوزە
لێویان کە پربوو لەبزە
نرکەی گیانەوەری کێوان
کە بەیانیان یاخود شێوان
شەپول شەپۆل ئەیدا لەهۆش
ئەیدا لە دڵ، ئەیخستە جۆش
جاران کە بە پێچەوانە
وەك ئەستێرەی حەوتەوانە
قیبلەی نیازی دڵداران بوون
گوللە بەندی خەمخواران بوون
بۆوا رۆیی، بۆوای لێ هات
بۆ شار گەورەو کەم بێ دیهات
بۆ شینایی دەشتو چیا

کلیلی راستی جێ‌مابێ
گەردوون لەم بەشە تۆرابێ
گەردوونی نیار چاك و خاوێن
راست و پاکە، دەست و داوێن
بۆچی لەم لایە بەقین بێ
کە پەروەردەی دەستی ژین بێ
ئازاو جەسور، زیرەك دانا
بەرەنجی شان، کۆشکی دانا
بەهێزی بازووی لاوانی

# شیرین



بەهۆش و بیری پیاوانی
بەمێژووی کۆن و دێرینی
نووسراوەی ئاوی زێرینی
هاتەکایە، هاتە ژیان
سەربەرزانە، لەناو کێوان
بۆیە بەکێویش رازی‌بوو
چونکە دنیای لێ‌دیاری‌بوو
تا دەشت و دوڵ هەردەو دەریا
لێی‌تێ‌بگات زۆر دڵنیا
دەستی چاکەی لێوە دیارێ
چاوی لە گیانداری هارێ
لایەك شارو لایەك دێ‌بێ
ژینی وەك کەوانەو ژێ‌بێ
سەرجەم بەکێش بە تەرازوو
پێوانە، چەکی ئارەزوو
ئاسۆ رووناك، بێ تەموومژ
نەرێ‌گرو نە کۆسپ و دژ
مافی‌بوونی، ئامرازی دەست
ژینی رەوا، هەق و مەبەست
ئیتر ئەوەی نارەوایە
دەستی ناپاك لەناوایە
ئەم دەردە پیسە گیان خۆرە
کە ئیسکی‌قورس، دەروون بۆرە
لەگەڵ یاسای مان و ژینا
لەگەڵ ماف و هەق و دینا
نەگونجاوەو نە دەمێنێ
ئەبێ ئاگر بیسوتێنێ
تا لەنگەری هەق و راستی
رزگاری بێ لەپێ پەستی
کوردیش لەم دەورو گەردوونە
بەشداربێ لەم ژین و بوونە




نڤیسینا عبد عون روضان
وەرگێڕان بدەست کاری / مختار فائق

ئەو هەمی نەهـ دەهـ روژەك بۆن بۆرین لسەر شەڕی. . ئەو شەڕێ رژێما ئیرانی فەرز کری لسەر عیراقێ. . دەمێ فرۆکـەیـەکـا ئیـرانی هاتی‌و بۆمبـایـەك ل مالا حەجی عبدالکریمی دای. . بەلێ ئەو فرۆکە نەزڤریڤە ئیرانێ چنکو سەربازێن مە ئەو فرۆکا ئیرانی ئێخستن و هەر لهەوای ئاگرو دویکێل ژێ بلند بۆ. .

دەمێ ئەو تۆپ ب مالا حەجی عبد الکریم ی کەفتی بویکـا وی خونـاڤ شەهیـد بۆ د دجهـدا چۆ بەر دلـوڤـانیـا خودێ. سلێمانێ کوڕێ حەجی عبدالکریم ی زابتێ دوو نەجمە بۆ لبەرەیا شەڕی شەڕ دکر ژ بۆ بەرەڤانیا وەلاتی‌و ئاخا وەلاتی. . نەزانیبۆ کو خوناڤا خێزانا وی یا شەهید بۆی. . ئەو هەمی چار هەیڤ بۆن سلێمـانی ژن ئینـابۆ. بەلێ موخابنی خوناڤێ‌و موخابنی سلیمانی بژنکا خۆ شاهی نەبۆ. .

دەمـەکێ درێژ لسـەر دەستـوپـریـ‌دانـا سلێمانی‌ڤە چۆو سلێمان نە هاتەڤەو هێشتا نزانیت کا چ بۆیەو چ نەبۆیە. .

هەڤالەکێ حەجی عبدالکریم ی دبێژیتێ:

ـ حەجی. . نێ‌هەما چێنابیت تو بتنێ دڤێ زرە خانی‌ڤە بمینی. . توو مرۆڤـەکێ ئیختیـار. . پیـرەمێـر. . کو خودێ ژی‌یەکێ درێژ بدەتە تە. . دونیایە. . هەمی تشتێت هەین تو پێتڤی تشتەکی ببی. . خودێ نەکەت نەخۆش بی. .

حەجی ـ ئێهـ. . رامانا تە چیە. .؟.

هەڤالێ ـ بڕاستی بەهەشت ژی بێ هەڤالێ یا نەخۆشە. .

حەجی ـ رامانانە چیە. . بچمە ئوتێلێ؟. . ئێکێ وەك من بچتە ئوتێلێ ولڤی تەمەنی‌داو ڤی خانی بهێلیت؟.

هەڤالێ ـ نەخێر. . حەجی. . تو دێ بوچی چیە ئوتێلێ؟ ڤی زرە خانی بهێلی‌و بچیە ئوتێلی. . ئەو کێ گۆتیە. .؟.

حەجی ـ پاچیە رامانانە. . دێ بێژە. . بێژە. . .

هەڤال ـ ئەز دبێژم . . هەکە تە مەزەلەك دوو ژ ڤی خانی دابانە بکرێ ما چ تێدایە. .؟.

حەجی ـ مەزەلـەکێ دووا بدەمـە بکـرێ. . واللە باشـە خۆشی ژمە چۆن. !

هەڤـال ـ ما چ تێـدایـە. . حەجی؟. . ئەز مالـەکێ دنیاسم نەدزۆرن. .

ئو ئەز دبێژم هند ئە ماندی ناکەن.

حەجی ـ نە.. نە.. نەخێـر.. وێڤـەو کویڤـە.. سلێمـانێ کوڕێ من رازی نابیت.. وهـەکـە ئەوژی رازیبۆ.. ئەز رازی نابم..

پاشی ئەز نەشێم دگەل هەمی کەسێ بڤەتینم.. نە ئەز وان دنیاسم.. و نەمن دیتینە..

هەڤاڵ ـ تو هەبی‌و نەبی دێ مەزەلەکێ ئان دووا دەبێ..

ئەمما خانی.. هەمی بێتەیەو تو بێ بدلێ خوی..

حەجی ـ هێ.. هێ.. دونیا..

هەڤـاڵ ـ حەجی.. چ هزار نەکـە.. ئەڤ مالـە.. ژنکـەکـا پیـرەو کوڕەك و کچـەك پێت هەین.. هنـدی کچکە.. معەلمە.. وهندی کوڕە قوتابیە دخوینیت و وان کەسێ‌دی نینە.

حەجی ـ ئیـە.. دێ بلا.. ئـەڤـەژی لسەر خاتراتە.. بەلێ ڤێجا کی دێ شێێت سلێمانێ کوڕێ من رازی کەت..

هەڤـاڵ ـ ئەو خەمـا من. ئەز دێ وی رازی کەم..و هەکە من ئەڤ ماڵە نەنیاسیبان.. ئەز دا چەوا ڤێ چەندێ کەم؟.

**ئەڤ خێزانا ژنوی هاتیە دڤی خانیڤە.. خێزانەکا بێدەنـگ و تەنـا بۆ، دەنگێ وان نەدەرددکەفت هەرووسپێدێ دا (گولبوهار)ا کچا وان یاکو (معلمە)بۆ داچیتە قوتـابخـانێ و حەسـەنێ برایێ وێ یێ بچویك دویف وێدا داچتە قوتابخانا خۆ.**

**دەیکـا وان ژی بتنێ دمـا ل مال، بێـدەنـگ وتـەنـا شۆلێ مالا خۆ برێڤـە دبـر. رۆژ هاتن و رۆژ چۆن، ئێڤـاریـەکێ گولبـوهـارا راوەسـتـای بۆ لبـەر دەرگـەهێ مەزەلکـا سلێمـانی.. ئەڤ دەرگـەهـە.. چەند هەیڤە قەت نەهاتیە ڤەکرن. کەسێ دل نەدایە وی دەرگەهی ڤەکـەت، ئەوەی رۆژا خونـاڤـا ژنـا سلێمـانی شەهید بۆی‌و هەتا نهۆ. گولبوهارێ ژ پەنجەرکێ بەرێ خۆ کرە مەزەلکێ.. مەزەلکـا بویـك و زاڤـای دیت کو وێنـەیێ سلێمـانی بجلکێت عەسکـەری یێ هەلاویستی‌یـە بدیـواریڤـە.. نیشانێت زیرەکی و خێر خازیێ ژناڤ چاڤێت وی دخویا بۆن.. وێنەیەکێ دی ل لایێ دی‌یێ دیـواری یێ سلێمـانێ‌و خونـاڤـا ژناوی لسـەر دەمێ بویـك و زاڤـانیی‌یێ وەرگـرتبـۆن هەلاویستبـۆ.. تۆزا چەنـد هەیڤـا کۆم بیـو لسـەر تەخت و مێزو کورسی یێن وان.. گولبـوهـارێ ددلێ خۆدا دگـوت: موخـابن ئەڤ مەزەلکـە هۆ داییخستی بمینیت.. ئو ئەڤ تۆزو و ئاخە هەتا کەنگی دێ لسەر ڤان تشتا مینیت..**

**نە.. نە.. دڤێت گوهۆڕینەك بهێتە کرن دڤێ مالێدا..**

دەنگێ دەرگەهی دهێت..

حەجی ـ ئەو کیێ..؟.

ئێك ـ ئەزم.. ئەز.

حەجی ـ یاخودێ (دچیت دەرگەهی ڤەدکەت)

ئێك ـ ئەڤەیە مالا سلێمان عبدالکریم ی..

حەجی ـ (بتـرس).. بەلـێ کورێ من ئەز بابێ وی مە ..خێرە چ لێ قەومیە..؟.

ئێك ـ نە مام نە.. نە ترسەد چ نینەو سلێمان گەلەکێ باشەو ئەڤ کاغەزە یا دایە من بۆ هەوە.

حەجی ـ تو گەلەك بخێر هاتی دێ فەرموو وەرە ژۆر.. چایەکێ قەهوەکێ..

ئێك ـ نەوەللە مام ئەزێ پلەزم و من شۆلێ هەی..

**ئەوەی رۆژا کاغـەزا سلێمـانی گەهشتی‌یە دەستێ حەجـی.. حـەجـی.. هەرووژ دا چیتـە دەرڤـە.. درەنگ دهاتە ڤە کەسێ نەدزانی مەسەلە چیە..**

گولبوهار ـ ئەرێ دایێ تو نابێژیە من ئەڤە چیە مەسەلا حەجی وەکو بەرێ نەمایە.. هەرێ عاجزە نا ئاخڤیت.!

دەیکـا گولبـوهـارێ ـ کچـا من ما ئەز چ دزانم کی دوێریت بێژتێ تەچیـە.. بەلێ ئەز دترسم خودێ نەکەت

کورێ وی تشتەك لێهاتبیت و بێ نابێژیت.
گولبوهار ـ پا وەللە ئەوەی ئەم هاتینە دمالا واندا و هەتا نهو.. مە کورێ وی سلێمان نەدیت.. نەهاتیە ئیجازێ.. نزا بۆچی.. ئەڤ زابتەو ئەڤ عەسکەرە دهێنەڤە ژ بەرەیا شەری و مالا خو دبینن و دچنەڤە..
حسن ـ ئەرێ وەللە هەمی عەسکەر دهێنە ئیجازێ و ئەز وان دبینم ئیجازا وان تمام دبیت و دچنەڤە..
دەیکا گولبوهارێ ـ وەللە چ بێژم.. هەر چەوا بیت.. ئەڤە تشتەکە پەیوەندی‌یا بوان ڤە هەی.. مە شول پێ نینە.. خودێ دلێ هەمی‌یا خوش کەت.
حەجی عبدالکریم دهێتە ژورڤەو سلاڤ دکەت: ئێڤاریا هەوە بخێر.. گولبوهارو جەماعەت بخێرو بسلامەت حەجی.. تو بخێر هاتی..
حەجی: خودێ ژهەوە رازی بیت.. ئێھ پاوەللە من ژبیر کر بێژمەوە سلێمانێ مە بێ بریندارە لخەستێ.
دەیکا گولبوهارێ: یا ستار.. بەختێ‌تەمە حەجی پا تە بۆچی نەدگوت؟. ڤێجا بریندارییا وی چەوانە گەلەك بریندار بویە؟.
حەجی / الحمدلله.. بەلێ فیشەکەکا ب ملێ وی کەتی.
دەیکا گولبوهارێ / خودێ بو بکەتە سلامەتی ئیشاللا..
گولبوهار / بەلێ ڤێجا حەجی مە درێغی کر.. مە بەری نهو ژتە پرسیار نەکر.. لێ مە گوت نەکو تە پێ نەخوش بیت هەرچەوا بیت دڤێت ئەم بچین سەرا بدەین و بزانین کا یێ چەوایەو چ دڤێت.. چ نەڤێت.. چ نەڤێت؟.
حەجی / براستی من بەحسا هەوە بو وی کرو گەلەك کەیفا وی بهەوە هات و گەلەك پێ خوش بو کو هوین هاتینە نك من.
گولبوهار / تو بخودێ‌کەی.. راستە..؟.
دەیکا گولبوهارێ / وەللە دیارە کورەکێ چاکە.. لێ موخابن چو خوشی بلاوینیا خو نەبرن.. ئەم دشێین دگەل تە بچین سەرا بدەین..؟.
گولبوهار / ئەرێ وەللە دڤێت ئەم بچین.
حەجی / نەکو زەحمەت بیت بو وە..
گولبوهار / نەخێر نە.. چ زەحمەت نینە.. سلێمان وەکو.. دەیکا گولبوهارێ / سلێمان وەکو کورێ منە ودڤێت ئەم بچین سەرا بدەین.

**سلێمان کورەکێ ئەسمەر بو.. بێ روح سڤك نیشان و سەرو سمایێت زیرەکی و مێرچاکێ ژناڤ چاڤێت وی ددیار بون.. دروشمێ پاشەروژەکا روهن وگەش دهاتە خاندن لسەر رویێ وی.**

سلێمان / ل من ببورن.. من هوین ژی دگەل خو زەحمەت دان..
گولبوهار / نە.. نە.. وە نەبێژە.. چو زەحمەت تێدا نینەو ئەڤا مە کری پێ‌تڤی بو.. بەلێ مە گازندەیەکا بچویك ژ مامێ من حەجی هەی.. دڤیا زوی‌تر گوتبا مە دا ئەم ژی زوی‌تر هاتباین و مە سەرا تە دابا..
دەیکا گولبوهارێ / ئەرێ وەللە دڤیا ئەم بەری نهو هاتباین چنکو ئەم بوینە مالەك.
حسن / خودێ بوتە بکەتە سلامەتی.. و ئەڤەژی دەستکەکێ گولایە مە بوتە ئینای.. ئەز حەز دکەم قەبویل کەی.
سلێمان / گەلەك سوپاس.. گەلەك سوپاس.. دێ وەرە دا ئەز سەرێ تە ماچی کەم.. وەللە هوین ئەڤ جیلە هوین زەلامێت پاشە روژێ‌نە..
ئێھ.. براستی بابێ‌من بومن بەحسا هەوە هەمی‌یا کر.. وەللە دەمێ بابێ من دئاخفتی.. هەچکو بەحسێ مالا مە بخو کری.
دەیکا گولبوهارێ / نێ ئەم مالا تەینەو ئەم مروڤێت تەینە فەرق نینە..
حسن / وەللە ئەز بخو فەخرو شانازیێ بتە دبەم.. هەمی هەڤالێت من فەخرێ ب برایێت خو دبەن و مروڤێت خو.. بەلێ چ بکەم من چ برا نینن عەسکەر.
سلێمان / ئەز برایێ تەمە..

گولبوهار / حسن.. حسن ە ناڤێ وی.. وناڤێ من ژی گولبوهارە.

سلێمان / گەلەك بخێر هاتن.. وەللە ئەڤروكە هند كەیفا منا هاتی بهاتنا هەوە هندی بێژی.

ئێهـ.. ئەڤروكە دختور هاتبوو گوت چەند رۆژەكێت دی دێ دەركەڤم ژ خەستێ.

گولبوهار / دێ هیڤیا خودێ.. سەر خێرێ بیت.

سلێمان / ئو بثانەهیا خودێ.. هەما ئەز ژنەخوشخانێ دەركەمە تم دێ چمە بەرەیا شەڕی. براستی ئەز خەریبیا وان دیم و ناڤ چاڤێت رەش ئەسمەر دكەم.. وان زەندو باسكێت پالەوانان.. ژیان لوێرێ گەلەكا جوان وخوشە.. خەباتە.. بزاڤە.. كارەكێ بەردەوامە..

گولبوهار / براستی هوین پالەوانن..

سلێمان / ئەرێ من بەری نهو تو نەدیتی؟..

گولبوهار / (شەرم دكەت) باوەر ناكەم..

سلێمان / پا ئەز دبێژم تو گەلەكا نێزیكی ژمن.. ومن تو یا دیتی..

گولبوهار / دبیت تو وەسا هزر دكەی..

هەمی تشتەك دخانێ حەجی عبدالكریم ێدا هاتە گوهارتن.. دەرگەهێ كوچكا میڤانا ڤەبو. دەستەكێ گولا یێ دناڤ گولدانەكێدا لنیڤا مەزەلێ.. گولبوهارێ ئەو مەزەلك پاقژ كرو چ توزا لسەر وان كورسیو دوشەكا هەمی پاك و بژوین كرو دوو داركێت بخویرێ د دیواریرا چكلاندن..

حەجی عبد الكریم هاتە دمەزەلكێ ڤە. گەلەك پێ خوش بو ژبەر وێ خزمەتا گولبوهارێ كری..

سلێمانێ گەنج.. سلێمانێ تولاز لەش ساخ بیو.. دەمێ حەجی عبدالكریم ێ بابێ وی ڤیای هاری وی بكەت و دەستێ وی بگریت.. نەڤیا.. لێ ملێ خو دا گولبوهارێ و ریك بو خوش كر داكو بەری وی بچیتە دخانێڤە..

دەمێ سلێمانی پێ‌خو هاڤێتیە د خانێڤە.. دیت هەمی تشتێت ناڤ مالێ دا پاك و بژوینن.. بیر هاتنە بیرێ.. چو دناڤ كوچكا میهڤانا ڤە.. بێهنا بخویرێ لدفنێ دا.. وەسا هەست كر كو یێ دخەونەكا رەنگین دا دژیت.. وێنەو كەڤالێت بدیوارا ڤە.. كتێبێت وی..

× × ×

گولبوهار دەركەفتە حەوشێ وچ پێنە چو و ڤەگەریاڤە سینی‌یەكا شەربەتێ ددەستی دا.. ئەو شەربەتا هنارا یا ژبەرێ سلێمانی حەژێ دكر..

سلێمان / قەت قابل نینە.. من توا دیتی بەری نهو. بەلێ ئەز زوی تشتا ژبیر دكەم..

گولبوهار / لكیڤە..؟.

سلێمان / ئەها.. هاتە بیرا من.. جارەكێ دشەمەندەفرا بەسرەدا تو لبەرانبەری من روینشتی بوی تە كتێبەك دخاند..

ئەرێ تە رومانا ئەندرێ مالرو (هیڤی) خاندییە؟..

گولبوهار / بەلێ منا خاندی..

سلێمان / ئەها.. ئەو تو بوی د شەمەندەفرێ داو تو بوی تە ئەو كتێبا ئەندرێ مالروی (هیڤی) دخاند..

دەیكا گولبوهارێ دهێتە دژورڤەو زنجیرا هزرێت وان دپچینیت ودبێژیتە گولبوهارێ:

ئەز دبێژم وەختە خارنەكێ چێكەین.. چنكو یێ نەخوش پێ تڤی خوارنێت خوشە.

سلێمان / سوپاس یادێ.

دەمێ سلێمانی گوتی (یادێ) ڤێ پەیڤێ تامەكا ثایبەتی ددلی دا هەبو. چنكو ئەو ١٣ سال بو ناڤێ (یادێ) لسەر دەڤێ وی نەگەریابو..

گولبوهارێ بەرێ خو دكرە سلێمانیو هزرێت خو كرن.. هەست ب خوشیەكێ ددلێ خو دا دكر.. لی گرنگترین تشت لنك گولبوهارێ ئەو بو كو بەری هەمی شولا.. ئەو خوشیو شادیێ بیتە ددلێ سلێمانیدا.

# لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا

chalakmuhamad@gmail.com

○ «ئومێد ئاشنا» ○

پیرەمێردی نەمر لە یەکێ لە نووسینەکانیدا دەڵێت «خوا هیمەتی بەدرخانیەکان بەرقەرارکا کە زینەتی لاپەڕەی کوردەوارین و فیداکاری گەل و نیشتمانن».[1] پیرەمێرد ئاماژەدەکاتە هەوڵ و خەمخۆریو ماندوو بوونی بەدرخانیەکان کە بونە یەکەم سوارو سەرقافڵەچی کاروانەکە، وەیەکەم ڕۆژنامەیان[2] لەجیهانی ڕۆژنامەنوسی کوردەداهێنایەبوون.

پیرەمێرد واتەنی وتیان - کورد سەحافەو سەقافەی هەیە»[3] لەلایەکی تریشەوە ڕۆژنامەکەی ئەم و حەوت جۆر بابەت «عیلمی، فقهی، ئەدەبی، تەئریخی، فەلسەفی، فکاهی، ئیتجتماعی»[4] ئەمە ناوەڕۆکی بیست و پێنج ساڵی ڕۆژنامەکەی پیرەمێردی سلێمانی ساڵی - ١٩٤٤ - و - پیرەکورد - ی[5] ئەستەمولی ساڵی - ١٩٠٨ - کە دەکاتە - ٧٧ - ساڵ لەمەوپێش.[6] ئنجا دەپرسین پیرە کوردکێ یەو ڕۆژنامەی کورد کام ڕۆژنامەیە؛

پیرەمێرد - تۆفیقی مەحمود ئاغای هەمزەئاغای مەسرەف پاش ئەوەی بە فەرمانێکی میری دەگوێزرێتەوە بۆ - کەربەلا[7] - ناچێت و لەکاری میری دەکشێتەوە، ئەم هۆیەو گەلێ هۆی تریش کە لە دەرفەتێکی کەدا باسی دەکەین پاڵی پێوە دەنێت و لە ساڵی (١٩٠٨)دا لە ئەستەمولْ دەبێتە (پیرەکورد)و لەگەڵ - کۆمەڵەی کورد -[8] تێکەڵ دەبێت، بەڕابەری شەهید - شێخ عبدالقادری شێخ عبیداللەی شەمزینی - دەبێتە سەرنووسەرو[9] خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی کورد. ئێستا دەبێ بزانین کامەن ئەو بەڵگانەی ڕاستی ئەم مەسەلەیەی پێ دەسەلمێ؟!

بەڵگەکان: - ئەم چوار بەڵگەیە بەقەڵەمی پیرەمێرد نووسراون: -

١ - «لەئەستەمولْ غەزەتەی - کورد - م دەرئەهێنا».[10]

٢ - «لەپایتەختدا - واتە ئەستەمولْ - غەزەتەی کوردم دەردەکردو لە غەزەتەی - محیط مصور - ی میسردا وتارم دەنووسی».[11]

٣ - بەوە دەنــازم کە غەزەتــەی کورد لە ئەستــەمــوڵ من خاوەندوسەر نووسەری بووم». [12]

٤ - ئێستــا خوا دەروی لیٚ کــردینــەوە گوفــارو کڵێشــەو چاپ کەوتــوٚتــە ناومــان، نوێــەرەی غەزەتەمان لە ئەستەموڵ غەزەتەی کورد بوو کە ئیمتیازی، ئیمتیازەکەی، بەرمن کەوت». [13]

ئنجا یەکەم کتێب بەپیٚی ئەوکاتە واتە ساڵی (١٩٧٠) بەرێــك وپێکیو بەرنامەیەکی زانستیانە باسی ڕوٚژنامەگەری کوردی کردبیٚوە ناوی ڕوٚژنامەی - کورد - ی هێنابیٚ بریتیە لە کتێبی - مێژووی ڕوٚژنامەگەری کوردی» [14] نووسینی - عبدالجبار محمد جەباری - لەم کتێبەدا لە لاپەڕە - ٥٧ - دا نووسراوە - کورد ڕوٚژنامەیەکی وێژەیی هەفتانەیە بەزمانی کوردیو تورکی لە ئەستەموڵ لەساڵی - ١٩٠٧ - لەلایەن کوٚمەڵەی - شێخ عبدالقادر عبدالله - وە دەرئەچوو. خاوەن ئیمتیــازەکــەی پیرەمێردی شاعیر بووە» [15] لە جێگەیەکی تردا دەنــووسێت «یــەکــەم کوٚمــەڵەی کورد لە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەستــەمــوڵ بەنــاوی - کوٚمــەڵەی بەرزکردنەوەو پێش خستنی کورد - جمعیة التعالي والترقي الكردية - پێك هێنرا لەلایەن خانــەدانــە ناودارەکــانی کورد وەك و شەهید شێخ عبدالقادر شەمــزینیو ئەمین عالی بەدرخــان و دامــاد ئەحــمــەد پاشــاو جەنــەراڵ شەریف پاشــاو چەنــدەهــای تر لە ئەفســران و ڕوٚشنبیرانی کوردو قوتابی دانشگاکان، ماوەیەك ئەم کوٚمەڵە سەرپــەرشتی دەرچــانــدنی ڕوٚژنــامــەی کوردستــانیــان کردو بەهەموو توانایەك هەوڵی بڵاوکردنەوەو نووسینەوەیان دا». [16]

نووســەر جارێــکــی تریش دێــتــەوە سەر باسی ئەم ڕوٚژنــامــەیەو دەڵێت «پیرەمێرد یەکێك بوو لە هەڵسوڕێنەرانی ڕوٚژنامەی کورد». [17]

دووەم سەرچــاوە - مێژ وی ئەدەبی کوردی - علاءالــدین سجادی - یە کە دەنووسێت «کورد ڕوٚژنامەیەکی هەفتەیی ئەدەبی کوردیو تورکی بوە کوٚمــەڵی شێخ عبــدالقادر شێخ عبیــدالله لە - ١٩٠٧ - لە ئەستــەمــوڵ دەریــان کردوە». [18]

سیٚیــەم سەرچــاوە وەك پێناسەکــردن کە ئەم ڕوٚژنامەیەمان پیٚ دەنــاسێنێت - ڕابــەری ڕوٚژنــامــەگــەری کوردی - جەمال خەزنــەدارە دەنــووسێت «کــورد ڕوٚژنــامــەیــەکی هەفتانە بوە بەزمانی کوردیو تورکی لەلایەن هاوبیرانی شێخ عبدالقادر شێخ عبیداللەی شەمزینییەوە دەرچووە. لەشاری ئەستەموڵ ساڵی - ١٩٧٠». [19] چوارەم سەرچاوە کتێبی - تێگەیشتنی ڕاستی - د. کمال مظهر - ە، دەنووسێت «کورد تەعاون وە تەرەقــی غەزەتــەســی - دوای شوٚڕشی ساڵی - ١٩٨٠ - لەتــورکیــا یەکــەم کوٚمــەڵــەی سیاسی کورد بوو کە دوای شوٚڕشی ١٩٠٨ بنــەمــاڵــەی شەمزینی دەریــان کرد، بە کوردیو تورکی بڵاودەبــووەوە». [20] هەروەهــا دەنــووسێت «چــەنــد نووسەرێکی کورد باسی ڕوٚژنامەی کوردیان کردوە کە گوایە شێخ عبدالقادری شەمزینی ساڵی - ١٩٠٧ - لە ئەستــەمــوڵ دەریکــردوە، هیــچ بەڵگەیەکی باوەڕپیٚکراو بوٚ ئەمە بەدەستەوە نییەو ڕیٚی تیٚ ناچیٚ ئەو سەردەمە سوڵتان عبــدالحمیــد ماوەی دەرچــونی ڕوٚژنــامــەیەکی وای دابێت، وادیــارە مەبــەســت هەر ئەو کورد تەعــاون و تەرەقــی غەزەتــەسیــەیــە کە دوای شوٚڕشی (١٩٠٨) دەرچوو، ناوی لەچــەنــد ڕاپــوٚرتێکی دبلوٚمــاسی نهێنیو ژمارەیە سەرچاوەی باوەڕ پیٚکراو داهاتوە». [21]

لە ئەنجامی ئەم بەڵگانەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین - ساڵی ١٩٠٨ لەپــاش لابــردنی سوڵتــان عبــدالحمیــدو تێك دانی

مەجلیسەکان و بڵاوبونەوەی شۆڕشی مەشروتەی حیزبی - اتحادوترقی - ڕۆژنامەی کورد بەدوو زمانی تورکی و کوردی لەلایەن - جمعیة التعالی والترقی الکردیة - وە دەرچوە. ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوە بەم ناوەش ناوبانگی دەرکردوە - کورد تەعاوەن وە تەرەقی غەزەتەسی - ئەو کۆمەڵی کوردە دوای شۆڕشی - ١٩٠٨ - دامەزرا بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر شەمزینی کە پیرەمێرد لەیادکردنەوەیدا پاش چەند ساڵێك لە سەرەتای شیعرێکدا وەها باسی دەکات: -

«شێخ قادرە لەپێشەوە سەرقافڵەی ئەوان
چەند جوانە خوێن و ڕیشی سپی پیرو نەوجوان»[٢٢]

ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بریتی‌بوون لە - ئەمین عالی بەدرخان، داماد ئەحمەد، شەریف پاشا، پیرەکورد - حاجی توفیق - و ژمارەیەکی تریش لە ئەفسەرو قوتابیانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی تورکیا لەو نووسینانەی پیرەمێرددا باسی ئەم ڕۆژنامەیە کراوەو خۆی زۆرجار باسی کردوەو وەك نوسیمان شانازیشی پێوەکردوە هەروەها خۆی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (١٦٧)ی ساڵی (١٩٢٩)دا ئەندامیەتی خۆی لەم کۆمەڵەیەدا دەسەلمێنێ کاتێ لەوەڵامی ڕەخنەگرێکدا دەنووسێت «من ئەو توفیق - ەم لە ئەوەڵ تەشەکلی جەمعیاتی کوردا لە - ١٣٢٤ - لە ئەستەمولدا هەتا ئێستە لە هەموو جەمعیاتی کوردا سەلاحیەت دا بووم».[٢٣] هەر لەوکاتەوە بە داخەوە پیرەمێرد ئەوەی پشت گوێ خستوە یاخود بەبیریا نەهاتوە بۆمان ڕون بکاتەوە کە ئایا ئەم ڕۆژنامەیە کە دەری‌کردوەو ئۆرگانی کۆمەڵەی کورد بووە ڕاست ساڵ و مانگ و ڕۆژی دەرچونی یەکەم ژمارەی کەی بووە[٢٤] ؟!. چەند ژمارەی لێ‌دەرچوەو بەچەند لاپەرە بوە؟ کەی داخراوە؟! جگە لە پیرەکورد - پیرەمێرد - چەند کەسی‌تر بەشداریان تێدا کردوە؟!

لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە - علاءالدین سجادی دەنووسێت دیارە دەربارەی پیرەمێردە «لە (١٩٠٥) کە مەشروتیەت بەسەردا دێت و مەجالیس تێك ئەچێ تا - ١٩٠٨ - هەر لە ئەستەموڵ بە محامیەتی و دەرهێنانی گۆڤارو ڕۆژنامەوە خەریك ئەبێ، یەکەمجار ئیمتیازی گۆڤاری - ڕەسملی کتاب - وەرئەگرێ. جگە لەوەش لە - ١٩٠٧ - کۆمەڵێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر شێخ عبدالله پێك هاتوە ئەم یەکێك بوە لەو (دە) ئەندامە ئەساسیانەی ئەو کۆمەڵە. ڕۆژنامەیەکی کوردی‌یان دەرهێناوە ناوی - کورد - بوە.

ئیمتیازی بەناوی ئەمەوەبوە».[٢٥] ئێستا ئێمە هەناسە هەڵدەکێشین کە ئایا بۆچ مامۆستا سجادی لەیەکێ لە سەردا نەکانیدا لە پیرەمێرد - لەبەغداوە بۆ سلێمانی - لێ‌ی نەپرسی، هەموو ئەم مەسەلانە چۆن بوون؟.

ئێستا دەگەڕێینەوە لای بیروڕای یەکێ لە سەرچاوەکانمان ئەویش بیروڕای کاك - عبدالجبار محمد جەباری - یە لە کتێبی - مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی - دا کە دەڵێت «ئەم ڕۆژنامەیە کەوتە هێرش بردنەسەر بنەماڵەی بەدرخانیەکان ئەوانیش بەوجۆرە بەهۆی ڕۆژنامەی - کوردستان - ەوە وەڵامی هێرشەکانی ئەمانیان ئەدایەوە. لەئەنجامی ئەم شەرەجوێنە ڕۆژنامەکەیان داخست».[٢٦] نووسەر کەوتۆتە هەڵەوەو هەتا ئێستا لەهیچ سەرچاوەیەکدا ئەم هەڵەیە ڕاست نەکراوەتەوە!. نووسەر هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکی بەدەستەوە

نیە کاتێك ئەو ڕایەی دەربڕیوە، کە ڕۆژنامەی کورد هێرشی بردبێتە سەر بەدرخانیەکان و ئەوانیش بەهۆی ڕۆژنامەی کوردستان ـ ەوە وەلامیان دابێتەوە، ئەمەش بەڵگەکانی ئێمە کە بەهەڵەچوونی ڕایەکانی نوسەر دەردەخات.

١ ـ پیرەمێرد هەمیشە بەشانازیەوە باسی بەدرخانیەکانی کردوەو پلەی ئەوانی لە جێگایەکی تایبەتیدا داناوە وەك دەڵێت «**خواهیمەتی بەدرخانیەکان بەرقەرارکات کە زینەتی لاپەڕەی کوردەوارین و فیداکاری گەل و نیشتمانن**»[27].

٢ ـ بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی کورد کە ڕۆژنامەی کورد دەنگی ئەوان بوە بەدرخانیەکان بوون. ئیتر چۆن دەگونجێ خۆیان قسە بە خۆیان بڵێن؟!

٣ ـ کۆمەڵەی کوردو ڕۆژنامەکەیان ـ کورد ـ ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆدا بوە لەو سەردەمەدا بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بەجیهان و کارکردنەسەر ـ اتحاد ـ یەتورکەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد.

٤ ـ دکتور ـ م. س. لازیڤ ـ کاتێ باسی ئەم ڕۆژنامەیە دەکات کە لە ئەرشیفی باسیل نیکیتین ـ دا هەیە شتێکی لەم بارەیەوە باس نەکردوە کە ڕۆژنامەی کورد تۆزە دڵ گرانیەکی بەرانبەر بەدرخانیەکان نواندبێت. !. ئنجا نازانم برای نوسەر لەلاپەڕە ـ ١٤٧ ـ ی کتێبەکەیدا ئەم ڕایەی لەکوێ‌وە هێناوە؟!

د. کەمال مەزهەر دیسان سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دەڵێت «ناوی لە چەند ڕاپۆرتێکی دبلۆماسی نهێنی و ژمارەیە سەرچاوەی باوەڕ پێکراودا هاتوە»[28] دیسان دەڵێت «ئەوانەی ژمارەی ـ کوردتەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی ـ یان دیوە دەڵێن ناوەڕۆکی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و زمان و ژیانی ڕوناك بیری و فۆلکلۆری کوردی و ئەو جۆرە باسانە تەرخان کرابوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا باش دەنگی دابوەوە»[29]. هەروەها دەنوسێت «دکتور ـ م. س. لازەریف ـ دەڵێت، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٠٨) بەهارێکی کورت لەژیانی کوردا دەستی پێکرد بۆ یەکەمجار مێژوی کورد چەند کۆمەڵ و دەزگایەکی ڕوناك بیری و سیاسی بەخۆیەوە بینی، پایزی سالی ـ ١٩٠٨ ـ واتە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ناوبراو ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشاو شێخ عبدالقادری شەمزینی و ژمارەیەك سەرداری ناسراوی ترکۆمەڵی ـ تەعالی وتەرەقی کوردستان یان دامەزراندو بەناویەوە ـ کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی یان بلاوکردەوە»[30].

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژهەلات ناسی ـ مینورسکی ـ لە کتێبی ـ کورد ـ دا لەلاپەڕە ـ ٩٤ ـ دا ئاماژە بەم ڕۆژنامەیە دەکات و دەڵێت «ڕۆژنامەی دوەم دوای شۆڕشی تورکی دامەزراوە شێخ عبدالقادر دایمەزراندوە بەلام زۆری نەخایاندوە»[31].

ئێمە لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە.

١ ـ ڕۆژنامەی کورد لەدوای ڕۆژنامەی ـ کوردستان ـ ی یەکەم ڕۆژنامە، دوەم ڕۆژنامەیە لە مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردیدا چونکە لەنێوان (١٨٩٨ هەتا ١٩٠٨) هیچ ڕۆژنامەیەك دەرنەچوە.

٢ ـ پیرەمێرد خاوەن ئیمتیازی بوە.

٣ ـ یەکەم ژمارەی لە ٩ی تشرینی دوەمی سالی ـ ١٩٠٨ ـ بلاوکرایەوە[32]

٤ ـ سەرنووسەری ئەحمەد جەمیل پاشا بوە.[33]

٥ ـ هەتا ئێستا دیارنیە چەند ژمارەی لێ دەرچوەو دوا ژمارەی

لەکام ڕێکەوتا دەرچووەو کەی داخراوە؟!

٦ - نازانرێ ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئێستا کەوتونەتە کوێ؟!

تێ بینیەکی پێویست: -

لە ژمارە - ٣٢ - ی گۆڤاری - کاروان - دا دکتور جبار قادر - لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری نوێی سەبارەت بە ڕۆژنامەی کورد بڵاوکردەوە کە تیایدا پشتی بە چەند سەرچاوەیەك بەستبوو وەك.

١ - کتێبی دکتور جەلیلێ جەلیل - دەربارەی ڕێکخراوە کوردیەکانی سەردەمی تورکە لاوەکان و ڕۆژنامەی کورد.

٢ - شاهبازیان - مێژوی کوردو ئەرمەن.

کاتێ ئەم لێکۆڵینەوەیەی دکتور جەبار قادر بڵاوبووەوە من ساڵێك بوو ئەم لێکۆڵینەوەیەی خۆمم نووسیبوو. تەنها توانیم لە کۆتایی نووسینەکەمدا لە ئەنجامی ژمارە (٣،٤)دا سود لە باسەکەی دکتور وەرگرم و هیوادارم ئەم نووسینەی منیش (چەند زانیاریەکی نوێ بێت) سەبارەت بە ڕۆژنامەی - کورد -

**سەرچاوەکان: -**

---


١ - ڕۆژنامەی ژین ساڵی ١٩٤٤ ژمارە (٧٣٨).

٢ - واتە ڕۆژنامەی کوردستان.

٣ - ڕۆژنامەی ژین ژمارە (٨١٧) ساڵی ١٩٤٦.

٤ - ژین ژمارە (٩٣٣) ١٩٤٨.

٥ - لەتورکیا بەم نازناوەوە نووسیویە.

٦ - ١٩٠٨ هەتا ١٩٨٥ دەکاتە - ٧٧ - ساڵ لەمەوپێش.

٧ - پیرەمێردی نەمر ل

٨ - جەمعیەتی تەعالی و تەرەقی کورد.

٩ - ژین ژمارە (٦٩٦) ساڵی ١٩٤٣.

١٠ - ژین ژمارە ٩٤٨ ساڵی ١٩٤٨.

١١ - ژین ژمارە ٩٥٣ ساڵی ١٩٤٩.

١٢ - ژین ژمارە ٦٩٦ ساڵی ١٩٤٣.

١٣ - گەلاوێژ ژمارە یەك ساڵی ١٩٤٦.

١٤ - مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٠ - عبدالجبار محمد جەباری.

١٥ - هەمان سەرچاوە ل ١٤٧.

١٦ - هەمان سەرچاوە ل ٥٧.

١٧ - هەمان سەرچاوە ل ١٦٣.

١٨ - مێژوی ئەدەبی کوردی - سجادی ل ٦١٠.

١٩ - ڕابەری ڕۆژنامەگەری - جەمال خەزانەدار - ل ١٨.

٢٠ - تێگەیشتنی ڕاستی - کەمال مەزهەر - ل ٢١٧.

٢١ - هەمان سەرچاوە.

٢٢ - پیرەمێردی نەمر ل ١٠٤.

٢٣ - ڕۆژنامەی ژیان ژمارە - ١٦٧ - ١٩٢٩.

٢٤ - بەپێی باسەکەی د. جەبار قادر یەکەم ژمارەی لە ٩ی تشرینی دوەمی ١٩٠٨ دەرچوە.

٢٥ - مێژوی ئەدەبی کوردی ل ٤٥٨.

٢٦ - مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی ل ١٤٧.

٢٧ - ڕۆژنامەی ژین ژمارە (٧٣٨) ١٩٤٤.

٢٨ - تێگەیشتنی ڕاستی ل ٢١٧.

٢٩ - هەمان سەرچاوە ل ٧٤.

٣٠ - هەمان سەرچاوە ل ٧٣

٣١ - کورد، مینورسکی گۆڕینی دکتور مارف خەزنەدار

٣٢ - گۆڤاری کاروان ژمارە (٣٢)ل ٩.

٣٣ - هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

# حەقـقـی داوودی

chalakmuhamad@gmail.com

## محمد ئەمین محمد خورشید ۱۸۹٦ - ۱۹۵۹

مصطفی نەریمان

لە ژمـارە (۱۱۱)ی ئەم گۆڤـارە ڕێکـەوتی ساڵی پار لە کاتی لەسەر نووسینێکم لەسەر شاعیری داودی (عەبداڵ ـ خەلیلی فەقی ڕەمـەزان) ناو شاعیـر (حـەققی)م هێنـابـوو بەڵێنم دابـوو لە ژمـارەیـەکی داهـاتووی ئەم گۆڤـارە ئەم شاعیرەشتان پێ بناسێنم وا ئێستا ئەو هەلەم دەست کەوت و ئەم چەندە دێڕەم لەسەر نووسی.

لە چلەکانەوە ئەم شاعیرەم ناسی بوو بەهۆی بیرو باوەڕی کوردایـەتی یـەوە پەیـوەنـدیمان لە نێواندا هەبوو، (حەققی) یەکێـك بوو لەکـوردە دڵســۆزەکـانی هەرێمی داودەی کوردستـان و سەربـە کۆمـەڵی هیوا بوو، بەتەنگ ئەوەوە بوو نەخوێندەواری لەناو ڕۆڵەی جوتیاراندا نەمێنێت، چوو (مەلا کاکـەحـەمـەی حاجی مەلا سیف الله ـ مامۆستای نەمر)ی هێنـایـە ناو داودەو قوتـابخـانـەیەکی بۆ کردەوە بەوادەی پێنج ساڵ نزیکـەی پەنجـا شەست لە ڕۆڵـەکانی ناو داودە فێری خوێنـــدەواری‌و نووسینێکی باش بوون بەرادەیـەك ئاستی خوێنـدنیـان گەیشتبـوە پلەی ناوەنـدی، چونکـە (مـەلا کاکـەحمـە) جگـە لە خوێنـدنی کوردی‌و عەرەبی وانـەی مێژوو، جوغـرافیـا، تەنـدروسی، ئایین، کۆمـەڵایـەتی، یاسـای جۆر بە جۆر، بیـرکـاری پێ ئەوتن و ئەو مامۆستایە ئەوەنـدە لەگـەڵ قوتـابی یـەکانیدا دڵسۆزو نەرم و نیابوو دڵی هەموویانی بەلای خۆدا ڕاکێشابوو، قوتابخانەکە کە بریتی بوو لە سێ ژوور، یەکێـکیـان پۆلی دەرس خوێنـدن بوو ئەویتـریـان شوێنی نوستن و سێ یـەمیـان ژووری نان خواردنیـان بوو لە ساڵی ۱۹٤٦ لەدوزەوە، ڕۆژە ڕێـیـەك بەسـواری چووم یەك دوو شەوێـك لای مەلا کاکـەحـمـەو حەققی مامەوە.

ئەمـە یەکێـك بوو لە کارە ڕۆشنبیـری‌یـەکانی حەقـقی شاعیـرمـان پێش چل ساڵ، حەقـقی ناوی (محمـد ئەمین ئاغـای کوڕی حمـە خورشیـد ئاغـا)ی سەرۆکی خێڵی داودەیە، حمە خورشید پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو نوسەرو شاعیـرێکی باش بوو، نارەحـەت و بزێـو بوو سەری بۆ داگیرکـەر شۆڕ نەدەکـرد، لە گوندی (دوراجی)[1] ناو داودە قەڵایـەکی سەختی دروستکـرد، سوپای عوسمـانی چەنـد جارێـك بۆ خەرج و باج هاتـنــە سەری‌و خۆی نەدا بە دەستـەوە، نیـهـایـەت چون لەشکـرێکی زۆریـان لە دەوروبەری ساڵی ۱۹۱۲دا هێنایە سەری‌و خۆی لە قەڵاکە قایم کرد، سوپای عوسمانی قەڵاکەیان دایە بەرتۆپ، ناچار حمەخورشید ئاغا خۆی‌و چەند سوارێکی کشانەوە چیاکانی کوردستان و عوسمانی‌یەکانیش بە گورگە لۆقە دوایان کەوتن تا لە سیـروان پەڕینـەوە ئەوبـەر. کاتێ جەنگی یەکـەمی جیهـان بەرپـابـوو داوایـان لێ‌کـرد بگـەڕێتەوەو بڕیاری لێ بوردنیـان بۆ هێنـا ئەویش لە دوژمن دڵنیـانـەبـوو، بەم دێڕە شیعرە وەڵامی دانەوە: ـ

**هەوای هەواسان خور خورەو سەرتاف**[2]
**خۆشترەن جە نزدیك ڕۆمی بێ ئینصاف**

جا حمەخورشید نەگەڕایەوە تا عوسمانی خاکی عیراقیان

بەجێ هێلا ئنجا گەڕایەوە سەر گوندەکەی خۆیو لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆچی دوایی‌کرد.

ئەوی پێ‌ی بزانم حەمەخورشید سێ کوڕی هەبوو (١) حەمە ئەمین (٢) حەمە صاڵح (٣) عەباس، یەکەم و سێیەم کۆچی دوایی‌یان کردووە کاك حەمە صاڵح تا ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی‌یە لە بەغداد چاوم پێ ئەکەوت و گەلێ زانیاریم لێ‌وەرگرت جانازانم لەم کاتەی ئەم نوسینە ئەنووسم ماوە یانە؟ ئەگەر کۆچی دوایی‌کردووە خوا لێ‌ی رازی‌بێت و ئەگەر ماوە تەمەنی درێژتربێت، ناوی لە بیرم ناچێت دەربارەی دەوری داودە لە شۆڕشی ١٩٢٠ی دوز کەلکم لێ‌وەرگرتوە.

حەمە ئەمین ئاغا لە ساڵی ١٨٩٦ لە ئاوایی (دوراجی) لە دایك بووە کە باوکی راپەڕی ئەم منداڵ بووە کە چوە ئەوبەری سیروان هەر لەگەڵ باوکیا بووە. لەو ساڵانەی شێخ مەحمودی بەرزنجی لەگەڵ هەزار سوارەی کورددا بۆ جهاد بەرەو (شعیبە) رەویان کرد حەمە ئەمین ئاغاش لەتەك سوارەکانی داودەدا بەشداری‌یان لەو شەڕەدا کردو کوشتیان و کوشتاریان دا لە ساڵی ١٩٢٠یشدا بەسەرۆکایەتی (رەفعەتی سمایل بەگی داودە) بەشداری کرد لەراپەڕین دژی ئنگلیزو دوزیان ئازادکرد، لەشەڕی ئاوباریکدا خۆیو حەمە صاڵحی برای شان بە شان شێخ مەحمود بەرنگاری‌یان دژی دوژمنانی شێخ مەحمود کرد، تا شێخ مەحمود لە ئارادابو خوالێ‌خۆشبو پشتگیری شێخی ئەکرد، پاش ئەو، ئەمیش چوە سەر گوندەکەی خۆیو دەستی‌کردە کشت وکاڵ و خوێندنەوەو شیعر نوسین، لە شیعردا کوردو هەق پەرست بوو بۆیە نازناوی (حەقی) بۆخۆی هەڵبژاردبوو، کەلە (دوراجی) چومە لای پارچە شیعرێکی زۆر نایابی خوێندەوە کتوپڕ نوسیمەوە، ئێستا ئەوپارچە شیعرەم لە چاو وون بوە تەنها ئەم یەك دوو دێرە نەبێت کەتێدا دەڵێت:

سوێند ئەخۆم ئەی کوردینە کۆمەڵی هاودەردینە
رۆژی پێ‌سەرکەوتنە، غیرەتێ ئەی مەردینە
غەرب هەموو قسمێ لەشەرق، پادشاهو حاکمێ
ئێمە مانا تازە ئێستا نوستوی سەربەردینە

حەقی ئاشنایەتی لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەو حەلەدا پەیوەندی لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یەکاندا هەبوو، زۆرمان هان ئەدا بۆ ئەوەی شیعرەکانی لە رۆژنامە کوردی‌یەکاندا بلاو بکاتەوە، ئەرك و ئەمەکی خوالێ‌خۆشبو (گیوی موکریانی) زۆر بەدڵ بوو، لەم دواییەدا دکتۆرە کوردستانی گیوی یەك دوو کاغەزی حەقی پیشانم دا کە بۆ گیوی باوکی نوسیبوو فرە کەلکم لێ‌وەرگرتن.

حەقی لە ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٥٤ی گۆڤاری (هەتاو) لەلاپەرە (٨)یدا ئەم پارچە شیعرەی بلاوکردوەتەوە:

(نەخۆش و پزیشك)

چلەو باران جلەو کێشی بەهارە:
کەسەرما رۆیی وادەی مورغزارە
نزارو پیر پشتی راست ئەبێتو:
جەفاو جەوریش بەرەو زەواڵ ئەبێتو
لە مردن ئەی نەخۆش هەرگیز مەترسە:
رەنگی زەردت لە ئاوێنە مەپرسە
ئەگەر ئاوو لەرزتە هەر ئاو ئەنۆشی:
دەمیشت تاڵە خۆی وایە نەخۆشی
من ئەیزانم لەچی تویشی بوویتە کاکە:
لە ژاری دەستی کەیبانۆی خۆراکە
لە دوای ئەو ئەم ناتەواویشە کە هەڵسای
رووو بادی شەماڵ و هەڵکە رێگای
کەوا بۆ توی ئەڵێم تەدبیری ئاسان
پزشکێکمان هەیە دانای دەوران
بچۆرە حەزرەتیو گوێ بگرە رازی
هەزارانی لە دەرگاهی نیازی
دەواو پارێزە نۆشێك بۆ شفایێ

کەراماتی ڕەهاتی قەومی تیابێ
لەکۆش و باخەڵ و گیرفانیدایە
لە سینەی پڕ غەمی عیرفانی دایە
بەکۆشش پڕبوو ناوبانگی لە ئافاق:
بەشی زۆری گەیاندە بەرزی ئەخلاق
لەباو باپیرەوە واهەن پەنادار:
فیدان تا کۆمەڵی کوردی بێ ڕزگار
نی‌یە لای فەرقی شا بێ یا گەدایێ:
ئەوەی کورد بێ یاخو موهتەدا بێ
کە لەم ڕۆژانەدا هەولێرە هەواری:
بسازە شاری‌وا بۆ کاروباری
کە ناوی پاکی گیوی موکریانە:
لە مەیدانی کیفاحا پاڵەوانە
موشەمەرکا خودا مانەندی وەك ئەو:
کەرۆژ بێتو نەمێنێ زوڵمەتی شەو
دوعاکەی (حەقی) باوەرکەن بەدڵ یە:
کە شەوقی ئەو نەوازشتە لەملیە
ئەمەش پارچە شیعرێکی دیکەی (حەققی)یە:
ڕۆژگارێکە ئەکەم پەندی گروی بێباکی خۆم:
نەیبو سودی‌وا سەرم سورما لەروی ئیدراکی خۆم
ئەموت ئایا گفتی نەرمم نابڕێ بۆ لای دڵان:
یاخو بێنرخە لەبەر ئیخلاص قسەی پاکی خۆم
یا لە شیوەی مهربانی بێ بەهایەو کەم برشت:
صاف و بێگەردیشە وەك مینای دڵی ڕوناکی خۆم
یاخو پیشەی خزمە گوی ناداتە جزمی (فی‌المثل):
گوێلکی خۆ ماڵی ناگیری بەگای چالاکی خۆم
هەر لەوەسواسا تلاوتل کەوتمە دەریای خەیاڵ:
ساحلم لێ گوم بوو تا ڕاکێشمە سارا لاکی خۆم

بێجگە عصیانی لەخوا موسایشی ڕسوای قەومی کرد:
وامنیش کەوتومە چنگە قارونەکەی سفاکی خۆم
معجزەی موسابوو ئەو گەنجەی کە قارون جەمعی کرد:
ئیفترای شەنعەت بەموسایش عەینی تیستهناکی خۆم
زو لەخوا توغیانی پێکردن زەمینیش قوتی‌دا:
چوونە دنیای چوو لەدەس دەستی بەجوونەی ماکی خۆم
تاڵە ناخۆم لوقمەیی ئەمثالی قارونی دەنی:
نان ودۆ بەسمە ئەکێشم منتی خۆراکی خۆم
ژێر ئەبووم تاکو هیوام مابوو بەخزمی خۆ پەسەند:
مەردی‌یە صەبرو گەدایی ئەشکێنم ئیمساکی خۆم
تێگەیشتن دواش کەوێ سودی ئەبێ بۆ عەزمی من:
مێشکی سەر ئەیکەم بەلوقمەی ئەژدەهاو ضحاکی خۆم
(حەققی) تۆ دادێ ستەمکاران لە خوا داوا بکە
ژاری دوژمن سەختە بەزدان ڕێك ئەخا ترپاکی خۆم

ڕەگی عیزەت ئەفسی شاعیرمان (حەققی) کەلەم دێرانەی دوایی‌یەدا ئاشکراو ڕوونە ئەگەڕێتەوە هەمان عیزەت ئەفسی حمە خورشیدی باوکی کە ساتێك ئازادی‌و سەربەستی نەگۆڕاوەتەوە بە پارەو سوحبەتی ڕۆمی دوژمن.

پەراوێزەکان: -

١ - دوراجی: ناو جەرگەی داوەدەی کوردستانە، کەوتوەتە نێوان دێهاتەکانی (چەوری)و (تەپە سپی)و (زیندانە)و (قوری چای)، دوراجی ئەکەوێتە ناو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شاری (دوزخورماتو) بەسەرسواری نزیکەی حەوت هەشت سەعات لێیەوە دوورە، لەگرانی‌یە گەورەکەو لەسەرەنجامی ڕاپەڕینەکانی حمە خورشید ئاغا برێك داوەدەی دوراجی بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن لە ڕوباری دیجلە پەڕینەوە لەسەر ڕووباری فورات هەڵیان داو لە پارێزگای ڕومادی نیشتەجێ بون و هەر بە بنەماڵەی (دوراجی) ناوبانگیان دەرکردووە.
٢ - (هەواسان)و (خورخورە)و (سەرئاف) چەند شوێنێکی ناسازن لەولای بەموێ سەرسنورەوە کە حمەخورشیدی داودی خۆی‌و سواڕەکانی چەند ساڵێك لەو ناوە خۆیان شاردبووەوە.

# ئەدەبی فۆلكلۆری منالان

نوسینی دكتۆر هیوا عمر احمد

ئەدەبی منالان لە گشت ولاتانی جیهان دا، گرنگی یەكی تایبەتی پێدراوە. چەندان شلرەزاو خاوەن بەهرە، ژیان و توانای خۆیان بۆ ئەم چمكەی ئەدەبی مرۆڤایەتی تەرخان كردوە. لایەنێكی گەورەو دەوڵەمەندی ئەم ئەدەبەش ـ ئەدەبی فۆلكلۆری منال و منالی ـ یە. منالی ئەڵقەیەكی سەرەكی و بنەرەتی ئەڵقە كانی زنجیرەی ژیانە. بۆیە شوێنێكی تایبەتی هەیەو بەباشی گوێی پێدراوە.

لەبەرئەمە كە باسی ڕۆشنبیریی منالان ئەكرێ، پێویستە ئاورێ لەو كەلەپوورە بدرێتەوە كە ئەتوانین ناوی بنێین = كەلەپوری میللی منالان و منالیَ =.[1]

دوورنی یە لە یەكەم جاردا ئەم كەلەپوورە ئەدەبی یە بە بەرهەمێكی ساكارو كاڵ وكرچ دابنرێ. بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر شتی وردو ئالۆزو شاكاری تێدا ئەبینین. چونكە لەو بۆچوونەوە خوڵقاوە كە [منالان خولیایەكی بەهێزی هۆزانین و پەیبردنیان هەیە].[2] حەز بە بابەتێك ئەكەن ئەو توانای مێشك و خولیا بەهێزەی تیا بەكاربهێنن.

ئەم ئەدەبەش لە فۆلكلۆری كوردیدا چەند بەشێكی هەیە، وەك [چیرۆك، سەرگورشتە، هۆنراوە، مەتەڵ، گرەو. . .] ئەم بەشانەش دوو لایەنیان هەیە، یەكەم بۆ كات بەسەربردن و دووەم بۆ ئامۆژگاری و نرخاندن و فێركردن. لایەنی دووەم لەلایەن گەورەوە بەرهەم دێت و منال چێژی لێ ئەبینێ، لایەنی یەكەم لەلایەنی گەورەو منالانیش خۆیانەوە ئەخوڵقێزێ و ئالودەی ژیانی منال ئەبێ و شوێنێك لە ژیانی ڕۆژانەیان دا داگیر ئەكات. ئەو كەرتەی منالان ئەیخوڵقێنن بەشێكە لە هۆنراوە. بەتایبەتی هۆنراوەی گۆرانی یاری كردن. وەكو ئاشكرایە یاری بەشێكی ژیانی منالی پێك ئەهێنێ و وەڕس بوون و بێزاری ئەیان پارێزێ،[3]

بەتایبەتی ئەو یاری یانەی بەكۆمەڵ ئەیكەن و هاوكاری تیائەكەن و هەست ئەكەن بە هەموویان كۆمەڵێك پێك ئەهێنن. ئەم یاری یە هەرەوەزی یانە زۆر لە دڵ و حەزی منالەوە نزیكەن چونكە جۆرە دەسەوسانێكی ڕیالیزمیانەیان هەیە بەرامبەر ژیان بە تەنیایی و دووره پەرێزی لە هاوتەمەنی خۆیان.[4]

ئەو كەرتەش گەورە ئەیخوڵقێنێ بریتی یە لە [چیرۆك و هۆنراوەو مەتەڵ و سەرگورشتە . . هتد]. ئەبێ ئەوەش لە یاد نەكەین لە لایەن زۆر باوانەوە، هەندێ شتی بەدفەڕو خراپی تێ خزێنراوەو پێویستی بەبژاركردن هەیە.

ئەو شتە بەدفەڕانەش وەك: هەیمای پڕوپوچی وەكو دێوو درنج، یان بەستەوەی چۆڵانی و تاریكی بە هەندێ شتی وەك [شەوەو مێردەزمەو شەولەبان. . . هتد]، لەوانەیە منال نەزانێ ئەمانەچین، بەڵام ئەوە لە دەروونی دا چەكەرە ئەكات كە نەوێرێ بەتەنیا بچێتە چۆڵانی و تاریكایی یەوە. جگە لەوەی چەند بارێكی نائاسایی و لاوەكی ویژدانی دەروونی وەك [قیژاندن لەخەو]دا ئەخوڵقێنێ.[5]

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی منالان:

١ - هۆنراوە:

وەکو باسمان کرد دوو کەرتی هەیە

یەکەم:- ئەو بەشەی منالان ئەیخولقێنن:

ساکارو سادەن، کێشە برگەیەکەیان کورتە، لەگەڵ جولەو بزووتن دا ئەگونجێ، زۆر لەو شەو برگەکانی بێمانان. وەك:

حل حلی، بل بلی
چاوم رشتوە بەکلی

ئەم هۆنراوانەش تەنیا هۆنراوەی گۆرانی یارین، بۆنمونە:

دوو منالی یەك رەگەزیان رەگەز جیا، بەرامبەر یەك دائەنیشن و دەستیان بە دەستی یەکتردا ئەکێشن بە جۆری دەستی راستی یەکێکیان بەردەستی چەپی ئەوی تریان بکەوێ. یەکێکیان ئەم گۆرانی‌یەی خوارەوە ئەڵێو ئەوی تر بۆی ئەسێنێتەوە:

حل حلی، بل بلی
چاوم رشتوە بەکلی
دۆشەك داخەن لە دیوان
ئەختەرخان و مەختەرخان
وا هاتن بە میوانمان(٦)

هەندێ جاریش بەم شێوەیە:

حل حلی، بل بلی
چاوم رشتوە بەکلی
کلی نەبوو، سوفی بوو
سوفی هەستا ژن بێنێ.... هتد.

لەیاری‌یەکی تردا، کۆمەلێ کچ وکور دەست ئەگرن بازنەیەك دروست ئەکەن بەبەك ئاراستە بەدوای یەکتردا هەلئەبەزنەوەو ئەجولێن، یەکێکیان ئەم گۆرانی‌یەی خوارەوە ئەڵێو ئەوانیش ئەلێن [هۆو]:

هۆ رێوی رێوی هۆو
رێوی بێ‌ئیمان هۆو
هاوبەشی شەیتان هۆو
کاسەو کەوچکت هۆو
پر کرد لەسندان هۆو

یان گۆرانی‌بێژ ئەڵێ:

یاهو یامەل هو یاهو
مەل بە حەواوە یاهو
کورەی زکرێك بەت یاهو
لە خانەقاوە یاهو

لەیاری‌یەکی تردا، منالێکی نێرینە خۆی ئەکا بە پیاوێکی پیرو ئەوانی تریش بەپارێزەوە بە دەوروپشتیا رائەکەن و دەستێکی تێ‌ئەسرەوێنن وئەڵێن:-

هۆ مامە رەشە هۆو
پشتێن کرێشە هۆو
بەر دەرگای مالتان هۆو
هەر خولەمێشە هۆو

دووەم: ئەو بەشەی گەورە دروستی ئەکا، یان خۆیان بۆ منالانی ئەلێن یا ئەیدەن بە منالان بیکەن بەگۆرانی. ئەم هۆنراوانەش زیاتر سەبارەت بەسوری ژیانی منالە. هەر لەمنال بوونەوە تا ناوناون و خەتەن کردن و لاواندنەوەی بەردەوامی رۆژانەو لای‌لایە، هەروەها بەشێکی هۆنراوەی گۆرانی یاری‌کردنیش ئەگرێتەوە.

١ - منال بوون و ناونان = حەوتە: لە کەلەپوری نەتەوەکانی تردا هەیە، بەلام وەکو من ئاگادار بم، ئێستا ئێمە ئەم هۆنراوانەمان نی‌یە، ئەبێ فەوتابن یان هەر نەمان بووبێ، جا تکا لە هەموو ئەو کەسانە ئەکەم گەر ئاگاداری هۆنراوەی ئەم بۆنانەن، بە دلسۆزی خۆیان بیخەنە روو تاکو تۆماربکرێو لەفەوتان بپارێزرێ.

٢ - خەتەنەکردن: لە ژیانی منالی نێردا گرنگی‌یەکی زۆری پێ‌دراوە، ئاهەنگەکەدا پێکەوە خەتەنە ئەکران. بەشێوەیەکی باو لە - چلەی - منالەکەدا ئەگێردا، بەلام ئێستا وای لێ‌هاتووە بۆ تەمەنی یەك دوو سالی دوائەخرێ.

بۆ نمونە: منالان لە کاتی هاتنی [حەکیم باشی = کە

بریتی بوو لە دەلاك]دا ئەیان ووت:

ئەورۆ خەتەنە سورانە
رۆژی ئێمەی منالانە
دایە هەستە شێوکە
کاکی - حەکیم - میوانە

حەکیم باشی بە زمانی گاڵتە جاڕی‌یەوە ئەڵێ:

خۆ کوڕەی ئەمرۆ گەورەیە
بیرم لای کولێرە چەورەیە
با - کولێرە - حەلاڵ کەین
کابرا ئەو - موسەرم بدەیە

دایك وەڵامی حەکیم باشی ئەداتەوە:

کوڕیەم - چل - ڕۆژانە
ئەورۆ خەتەن سورانە
خەتەنەی - فلان - گیانە

٣ - لایـلایـە: گرنـگـی‌یـەکـی زۆری هەیـە، لە ئارام کردنـەوەو خەوانـدنی منـاڵ دا. چونکـە لایـلایـە زۆر بەیەك ئەچێ لەگەڵ [تیفرۆسماندنی خەواندنی موگناتیسیدا = ایحاء التنویم المغناطیسی]. شارەزا خەوێنەرەکە، چەند ڕستەو بڕگەیەك بە ئاوازێکی تایبەتی‌و بە بەردەوامی دووپات ئەکـاتـەوە، وەك ئەڵێ [بخـەوە، بخەوە. چاوەکانت بۆ خەو سوربـووە، پێڵوەکـانت قورس بووە، بخـەوە، بخـەوە ئێستا خەوێـکی قوڵ و هێمنت لێ ئەکـەوێ]. ئەم شتـانـەش لەلایلایەوە گورگانە شەوێ دائەبینین. جگە لەوەی لانکەکە وەکـو جوڵانـەی لێ‌دێ.[7] دەنگی پێ‌ی لانکـەکـەیان جیرە جیـری جوڵانـەکـە، بە شێـوەیەکی بەردەوامی، لە کاتێکی تایبـەتی‌دا دووبـارە ئەبێتـەوەو یارمـەتی خەوتنی منـاڵـەکـە ئەدات. هەرچۆن تەقەی بەردەوامی پێچکەی شەمەندەفەر، سوار بووەکـانی ئەخـاتـە خەو. ئەو لایـلایـەو تەقـەو جیرە جیرەش هەمـان ڕۆڵی هەیـە لەسەر مێشك و مەڵبەندەکانی خەوتن لەدەماخ دا. نمونەی لایلایە:[8]

لایـلایـەم لایـە، ڕۆڵـەم لایـلایـە
زێـدەم لەبـابـی، دۆمـیـن لەدایـە
لایـلایـەت بۆئـەکـەم هەر بەدوعـابێـت
لە ژوری سەرت (کـلام الـلە) بێـت
لایـلایـەت بۆئـەکـەم، خەو بت باتـەوە
فریشـتـەی بەخـێـر، خەبـەرت کاتـەوە
قەزات لەگـیـانـم، بەلات بارم بێ
دنـیـا بە بێ‌تـۆ، بەزیـنـهـارم بێ
لایـلایـەت بۆئـەکـەم، هام وەلاتـەوە
سوتـام و برژام، وە دیـارتـەوە
لایـلایـەت بۆئـەکـەم، لاوەریـنـت بم
دەس و پارەشـتـە، گوڵ سەریـنـت بم
ڕۆڵـە بخـەوە، خەو بت باتـەوە
دەرمـانـی دەردم هاوە لاتـەوە.

٤ - لاواندنەوە: ئەو گورانیانەن دایك و خوشكی گەورە بۆ ساوای ئەڵێن. دوو مەبـەسـتیشی هەیـە، یەکـەم بۆ ژیـرکـردنـەوە. دووەم بۆ هەڵپـەڕانـدن و فێـرکـردنی جوولـە سەرەتایی‌یەکانی وەك جوڵانی دەست یان چەپڵە لێدان.

یەکەم: لاواندنەوەی کیژ: دایك کیژەکەی هەڵئەپەڕێنێ‌و ئەڵێ:

لەبەرت مەرم بەروکێ
ماستی ناو مەنجەڵوکێ
دەرمانی پیرەنەنکێ
لەبەرت مرم بەبەرەوە
تاج و کەمەرە بەسەرەوە.

گەر کیـژەکـە بگـری‌و دایکی وەڕس بکـا، بەنازەوە بۆی ئەچێ‌و ئەڵێ:

بت دەم، بە کورە خەیاتێ
بت بات بۆ دوورە ولاتێ
هەر سەرە پارچەت باتێ

کاتـێ کیـژەکـە لە خەو هەڵئـەسـتێ‌و بێ ورتـە لە لانکەکەی‌دا لە دەورو بەری ئەڕوانێ:

دایك کە زانی بێدار بۆتەوە، ئەڵێ:-

بەخێر هەڵسی لە خێران

دەرمانی شەل و کوێران
بەخێر هەڵسێ لە خەوێ
کەبابی کەوی دەوێ

دووەم: لاواندنەوەی کوڕ:

دایك کوڕەکەی هەڵئەپەڕێنێ و ئەڵێ:

لەبەرت مرم بەرێنە
کورتەی کراس کەژێنە
کوڕم شازادەی چینە
ماڵیان لە خۆرنشینە

ئەم گۆرانی‌یەی خوارەوەش بۆ کوڕێکی تەمەن دوو سێ ساڵ ئەوترێ، کە منالان نایەڵن بەشداری یاری کردنەکەیان بکات:

هەرچی کوڕم نەلاوێنێ
کەرێی بەهار نەتاوێنێ
هەرچی کوڕم نەچرێ
دێو لە ماڵیا بترێ (٩)

یان ئەڵێ:

هەرچی کوڕم بانگ نەکا
خەلە لە خەرمان نەکا
ساڵی جارێ نان نەکا (١٠)

دایك کوڕەکەی لە ئامێز ئەگرێ و سەری دائەهێنێ یان جلی ئەگۆڕێ و ئەم گۆرانی‌یەی بۆ ئەڵێ:

خوا بدات نازم
حەوت ژن بۆ کوڕم بخوازم
یەکێ کچە ـ ناظر ـ بێ
کە بانگت کرد ـ حاضر ـ بێ (١١)
یەکێ زەردی بەرکەلێن
یەکێ تیکە هەڵخلێن
یەکێ پشت لە میوان کا
یەکێ فوو لە سەماوەر کا
یەکێ دوتەری پاشا
یەکێ تورکی تەماشا (١٢)

٥ ـ هەڵبەستی گۆرانی یاری‌کردن: کەمتر وشەی بێ‌مانای تیایە. ئاوازەکەی لەگەڵ جووڵەو بزوتنی یاری کەران دا ئەگونجێ. مەبەستیشی [ڕێکخستنی جوولەی یاری‌کەرانە]. (١٣)

بۆ نموونە: پێش هەموو شتێ منالان گۆرانی‌یەکیان هەیە وەك شەپپور منالانی پێ کۆ ئەکەنەوە یان بانگیان ئەکەنە دەرەوە ئەویش ئەوەیە ئەڵێن:

منالی گەرەك
سەر بنە خەرەك
وەرنە دەرێ
وا عیسایا کوشت
بە خەنجەرێ.

لە یاری [هەلور بلور]دا، کۆمەڵێ منال بەپاڵ یەك دا، دائەنیشن و قاچ درێژ ئەکەن و یەکێکیان یاری‌یە بەوە ئەکاتەوە ئەڵێ:

هەلوو، بلور، تەکامە
زەردو سورو شەمامە
ئاوە بەرە
دەنکە زەرە
مێخم کوتا، مێخ هەڵبەزی
تیکەی ڕاستم، ئەمەی گەزی

لەگەڵ هەر برگەیەك دا [هەلور، بلور، مێخم کوتا.. هتد] پەنجە لە سەر قاچی منالێکیلن دائەنێ [لەخۆیەوە دەست پێ‌ئەکات] دوا برگە [ئەمەی گەزی] بەر هەر قاچێ بکەوێ، هەڵئەکێشرێتەوە، بەم جۆرە یاری‌یەکە بەردەوام ئەبێ تادوایی، ئەوەی قاچی پاش هەمووان ـ بگەزرێ ـ ، ئەوە براوەیە.

لەکاتی یاری کردن دا، ئەگەر منالێکیان خۆی لەیاری‌یەکە بدزێتەوە، ئەوا بە کۆمەڵ ئەم چریکەیەی بەدوادا ئەکەن:

پشیلە سورە بوکوێ چوو
عەرزی دڕی و پیا با چوو

لەیاری‌یەك تردا، دوو مناڵ دەستی‌یەك ئەگرن و بنی پێ‌یان بە یەكەوە ئەلكێنن و هەر جارەی‌یە كێكیان خۆی بەپشت دا ئەخاو ئەم گۆرانی‌یە ئەڵێن:

**ئەم لانم كرد، ئەو لانم**
**نوقڵێ كەوتە گیرفانم**
**خستمە دەمم كرمانم**
**دام بە جووجەڵەكانم**[14]

لە ناوەڕاستی یاری‌كردن دا بێ لە كاتی حەوانەدا، كۆمەڵ بن یان تاكە مناڵێ، هەر كە ـ حاجی لەقلەق ـ یات دی بەحەواوە. ئارام ناگرن و ئەكەونە هەڵپەڕین و بەرزبوونەوەو ئەڵێن:

**حاجی لەقلەق، مار هات**
**ماری زەردو سور هات**
**لەیلا بەگریان هات**
**باوكم بە گۆچان هات**

٢ ـ مەتەڵی منالان:

ـــــــ زیاتر بۆ دەرخستنی بیرتیژی‌و توانای جیاكاری مناڵ دانراوە، بۆنمونە:

* سەری دارەو بنی دارە پێنج پێچكەی سەد هەزارە ـ خلۆكە ـ یە.
* ئەم لای پەرژینەو ئەولای پەرژین تیایەتی كۆترێكی خشین ـ چاو ـ ە.
* قەلای گەچین ڕێی نی‌یە تێی چین ـ هێلكە ـ یە.
* ئەمە چی‌یە، شەو لەبانە؟ ـ بانگردێن ـ ە.
* ئەمە چی‌یە گوێ درێژە؟ ـ كەر ـ ە.

٣ ـ سەر گورشتە: لە ئەفسانەوە نزیكە، شێوەی دارشتنەكەی ئەفسانەیی‌یە جارجارە [دێوی سپی، ژنی جادوگەر، مام پارمەتی، كالای ئاسن، گورنەتەڵە، حەوت برا]ی تیا دەرئەكەوێ. نمونەی ئەم سەرگورشتانەش [گورنەتەڵە]یەكە تۆماركراوەو [نێرگزو حەوبرا]یەكە خوا یار بێ لە لێكۆڵینەوەیەكی درێژدا دەربارەی لەیەك چوونی [سەرگورشتەی گەلانەوە] بەدەقاو دەق بڵاوی ئەكەینەوە.

٤ ـ چیرۆك:

ـــــــ یەكێ لە جوداگانەكانی چیرۆكی فۆلكلۆری منالان كە لە چیرۆكی هونەری منالانی جیا ئەكاتەوە، ئەوەیە، زۆر درێژەو بە شێوەیەكی ڕۆتینی بە چەند برگەیەكی وەك [ڕۆژێ لە ڕۆژان] یان [كەس لە خوا گەورەتر نەبوو، كەس لە پێغەمبەر شیرینتر نەبوو] دەست پێ ئەكا. وە بە چەند برگەیەكی دڵڕفێنی وەك [منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ] یان [چەپكێ گوڵ و چەپكێ نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز] كۆتایی دێت.

زۆربەی زۆری چیرۆكی منالان ڕۆڵێكی پاڵەوانانەی [گیانلەبەرێك یان چەند گیانلەبەرێكی] تیایەو ئەمەش زیاتر لەگەڵ چێژی منالی‌دا ئەگونجێ. چونكە لە بەڵگە نەویستەكانی دەروونزانی ئەوەیە كە مرۆڤ هەر لە منالی‌یەوە، خولیاو سەوداسەری جیهانی شاكاری گیانلەبەرانی دەوروپشتی‌یەتی،[15] مناڵ لە زمانی ئالۆزی زانیاری ناگات لە ڕوون كردنەوەی ژیانی گیانلەبەران دا، بۆیە پەنا ئەباتە بەر ئەو چیرۆكانەی كە جۆری ژیان و هەڵس و كەوتی گیانلەبەران ڕوون ئەكاتەوە. زۆر لە فۆلكلۆریستەكان لەو باوەڕەدان، ئەم چیرۆكی گیانلەبەرانە تەنیا بۆ باس كردنی ڕاستی‌یەكە لە سروشت دا بۆ ئەوەی مناڵ تێی بگا.[16] بەڵام گەر بە چاوێكی وردبینانەوە لەم چیرۆكانە بڕوانین، پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەمان بۆ دەرئەكەوێ. چونكە تەوەرەی زۆربەی ئەم چیرۆكانە [یارمەتی‌و هەرەوەزی‌و پاداشتی چاكەو سزای خراپە] یە.

پێش هێنانەوەی نمونەی چیرۆك، ئەبێ ئەوەش بڵێین كە هەندێ لە یەك چوون هەیە لە نیوان چیرۆكی فۆلكلۆری منالانی نەتەوەكان دا، بۆ نمونە [نازەنین و گورگ] ی كوردی لە [زینب و الذئب]ی عەرەبی ئەچێ‌و لە كەلەپوری ئینگلیزی‌و ئەڵمانیش دا بە چەند شێوەیەك هەیە.

نمونەی چیرۆك:

## مریشکە کوڵێی پانکێ

ڕۆژێـــك لە ڕۆژان مریشکێ کەڵکـەڵـەی مێردکـردن دەکـەوێتـە سەری‌یـەوەو بە دوای شتێکـا دەگەڕێ خۆی پێ برازێنێتەوەو بەرەو شاری شووکردن بکەوێ. توێکڵە پیازێ دەدۆزێتــەوە دەیکــاتــە کوڵێ‌و پارچـە پەڕۆیـەك دەدۆزێتـەو دەیبەستێ بەسەری‌یەوە.

لە کاروانـە ڕێ‌ی‌دا تووشی شوانێـك دەبێت. شوانـەکە لێ‌ی دەپرسێ:

- [ هۆ مریشکە کوڵێ، هۆ مریشکە کوڵێ، کوێرا دەچی؟].

مریشکەکە پێ‌ی دەڵێ: هۆ دەردی مریشکە کوڵێ، پێم بڵێ [هۆ خاتو نازێ، هۆ خاتو نازێ].

شوانەکە دەڵێت: هۆ خاتو نازێ، هۆ خاتو نازێ چارۆکە پیازێ، دەنکە لەقلەقێ بۆ کوێ دەچی؟

خاتو نازێ دەڵێ: دەچم بۆ شاری شووکردن

لێ‌ی دەپرسێت: ئەی شوو بە من ناکەی؟

خاتو نازێ دەڵێ: گەر شووت پێ‌بکەم بەچی دەمژێنی و بەچی لێم دەدەیت.

شوانـەکـە دەڵێ: بە گاڵـۆکـەکـەم لێت دەدەم و بەنـانی شوانی دەت ژێنم

خاتو نازێ دەڵێ: من بەرگەی گۆچانی تۆ ناگرم.

ئەمــەی ووت و ملی ڕێ‌ی شاری شووکــردن گرتـەوە. پاش ماوەیەك ڕۆیشتن، بە مشکێ دەکات، مشکەکە لێ‌ی دەپرسێ: هۆ مریشکە خنجیلە بۆ کوێ دەچی؟

مریشکـەکـە دەڵێ: هۆ دەردو زوخـاوی مریشکە خنجیلانە ،پێم بڵێ

**نازێ، نازێ**
**چارۆکە پیازێ**
**تەق تەقەی کەوشێ**
**سوڵێ بنەوشێ**

مشکەکە دەڵێت:

هۆ خاتو نازێ، هۆ خاتو نازێ

**چارۆکە پیازی**
**تەق تەقەی کەوشێ**
**سوڵێ بنەوشێ، بۆ کوێ دەچی؟**

**خاتو نازێ دەڵێت: دەچم بۆ شاری شووکردن**

**مشکەکە دەپرسێ: شوو بە من ناکەی؟**

**خاتو نازێ دەڵێ: بە چی لێم دەدەیت و بە چی دەمژێنی؟**

**وەڵامی دەداتەوە: بە کللم لێت دەدەم و بە نانیماڵی خەڵکی دەت ژێنم.**

زێــك کەوتـن، دوای سێ شەوو سێ ڕۆژ هەڵپــەڕکێ دەبێتــە هاوســەری مشکـەکـە ڕۆژێ مریشکـە کوڵێ بێزو دەکات، نۆکاو لێ دەنێ لە سەر لێواری قازانەکە دەوەستێ‌و بە کەوچکێ نۆکاوەکە تێك هەڵدەدات، قاچی دەخلیسکێ‌و دەخــزێتـە ناو نۆکـاوە گەرمـە کەو لە گەڵیـا دەکـوڵێ. کاتێ مشکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە سۆراخی خاتوو نازێ دەکات مریشکە کوڵێ هیچ دەنگ‌و ڕەنگی نابێ. کە سەیری ناو قازانـەکـە دەکـا دەبینێ مریشکەکەی تیا داپلۆساوە، دەست دەکات بەشین و ڕۆڕۆ:

**مریشکە کوڵێ ی‌پانکێ**
**کەوتە دیزەی خوانکێ**
**نەماوە ئیسقانکێ**

دێتـە سەر سەرەنـوێلکـەی بەردەم ماڵـەکـەیان.. خاك و خۆڵی ئەو ناوە دەکـات بەسـەر خۆی‌داو دەگـری‌و دەناڵێنێ. سەرەنـوێلکـەکـە لێ‌ی دەپرسێ بۆچی وا دەکەیت. ئەویش سـەرهـاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئەمەی لێ دەبیستێ لە تاوی مریشکــە کوڵێ لایــەکی دەســوتێ. قەلێــك دێتــە سەر سەرەنوێلکە کە. کە دەبینێ لایەکی دامرکاوەتەوە لە هۆکەی دەپرسێ، ئەویش دەڵێت:

**مریشکە کوڵێ‌ی پانکێ**
**کەوتە دیزەی خوانکێ**
**نەماوە ئیسقانکێ**
**مشکی خۆڵ وە سەر**

لە تاوا باڵی قەلەکە هەڵدەپرووزکێ. کە دەچێتە سەر چنارێ، چنارەکە دەپرسێ بۆ وای بە سەر هاتووە. ئەویش بەسەر هاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. لە ناسۆرا گەڵاکانی دەوەرێ و دەکەوێتە ناو جۆگە ئاوێکەوەکە بە لای دا ڕادەبورێ. ئاوەکە لە هۆی هەڵوەرینی گەڵاکانی دەپرسێ. کە کارەساتەکانت دەبیستێ، لە خەفەت دا ئاوەکەی کز دەکاو لێڵ و وێڵ دەبێ. ئاوەکە بەو کزییە بەلای جوتیارێك دا ڕادەبورێ کە جووت دەکات. لێی دەپرسێ بۆچی وا ئاوەکەت لێڵە؟. بۆی دەگێڕێتەوە، هێندە کاری تێ دەکات، کێلانەکەی جێ دەهێڵێ و بە غەمگینی لە سێبەری گاسنەکەیدا لێی دەکەوێ. کە نیوەڕۆ دێت، کچەکەی نان و دۆی بۆ دێنێ کە باوکی بەو شێوەیە دەبینێ، لە هۆی غەمباری و بێ خولکی یەکەی دەپرسێ. باوکەکەش سەر گورشتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. کچەکەش لە تاوا دۆکە دەکات بە سەری خۆی داو دەگەڕێتەوە ماڵەوە. دایکی لێی دەپرسێ:

کچی چی ڕووی داوە؟

سەرت لە خۆڵ و دۆناوە

کچەکەش دەڵێت:

دایکە چی ڕووی نەداوە؟

هەموو دنیا شێواوە

مریشکە کوڵێی پانکێ

کەوتە دیزەی خوانکێ

نەماوە ئێسقانکێ

مشکی خۆڵ وەسەر

سەرەنوێلکەی لا سوتاو

قەلی باڵ هەڵبزرکاو

چنار وەرگەشە

ئاوی لێڵ و وێڵ

باوکی هەژ بە سەر

دوتەی دۆ وەسەر

دایکەکەش کە ئەمە دەبیستێ دەداتە پرمەی گریان.

* منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ *

## پەراوێزەکان

١ - بڕوانە لاپەڕە - ٩٤ - ی کتێبی دفاع عن الفولكلور - دكتور عبدالحميد يونس هيئة المصرية العامة - ١٩٧٣

٢ - بڕوانە لاپەڕە - ١١٠ - ی کتێبی علم الفولكلور - الكسندر هجرتي كراب ترجمة: رشدي صالح - القاهرة - ١٩٦٧

٣ - بڕوانە لاپەڕە - ٢٧ - ی کتێبی ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی - عیوا عمر احمد چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی - ١٩٧٧

٤ - بڕوانە لاپەڕە - ٢٥ - کتێبی الخوف من الحرية - اريك فروم ترجمة: مجاهد عبدالمنعم - بيروت - ١٩٧٢

٥ - بڕوانە سەرچاوەی سێهەم [٣٨ ، ٤١].

٦ - بڕوانە لاپەڕە - ١٨٣ - ی کتێبی تیشك - خورشیدە بابان چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی - ١٩٧٠

٧ - سەرچاوەی یەکەم لاپەڕە - ٩٦ -

٨ - بڕوانە لاپەڕە - ١٤ - ی گۆڤاری بەیان ژمارە ٤٢ ساڵی: ١٩٧٧

٩ - نەچرێ: واتە بانگ نەکات. لەکوردەواریدا وا باو بوو کە ئەو ماڵەی دێوی تیا بترێ ڕزقی کەم ئەبێ.

١٠ - سەرچاوەی شەشەم - لاپەڕە - ١١٢ -

١١ - ناظر - مەبەست مامۆستایە، حاضر - ع ئامادە.

١٢ - دوتەر - ووشەیەکی هیندۆ ئەوروپی یە، لەفارسی دا بووەبە [دوختەر]، لە ئینگلیزیدا وەك خۆی بە [دوتەر - Daughter ] ماوەتەوە وەکو کوردی یە بە مانای [کچ] دێت.

١٣ - بڕوانە لاپەڕە - ٥٨ - کتێبی الاغنية الشعبية . د. احمد مرسي دار المعارف - القاهرة / ١٩٧٠

١٤ - پێش (١٠) ساڵ ئەم دوو دێڕەی دوایی وەکو خوارە وە بوو:

[illegible]

نوقڵی کەوتە گیرفانم

دام بە دەسگیرانم

١٥ - سەرچاوەی دووەم لاپەڕە - ١١٤ -

١٦ - سەرچاوەی دووەم لاپەڕە - ١٢١ -




# چوونە مەکتەب

chalakmuhamad@gmail.com

د. امین موتابچی

نیوەڕۆبوو کە باوکم هاتەوە، بەڵام هەموو ئازای نیشتبووە ـ سەرئارەق، کەواکەی داکەن، تاکو تۆزێ فێنکی بیتەوە چونکە هێشتا مانگی ئەیلول مابووی‌و خۆ گەرمای خۆری ئەیلول بەتایبەتی لەکاتی نیوەڕۆدا دەڵێی هالآوی تەنوورە. گوتی شوکر تەواوبووا دەفتەری نفوسەکەی حەمەم وەرگرت، انشاءالله ڕۆژی شەممە دەی‌بەم لە مەکتەب قەیدی دەکەم. منیش ئەگەرچی ناوی مەکتەبم بیستبوو لەبراو ئامۆزاو کوڕی دراوسێکانمان بەڵام نەم دەزانی چی‌یە! ئایە خۆشە یا نەء. وەکە دەی‌گوت قەیدی دەکەم وام دەزانی قەیدم لێ‌دەدەن یان قەید دەکەنە دەستم. ڕووی‌کردە دایکم و گوتی بەیانی بیگۆڕەو سدارەکەی بکاتە سەر دەیبەمە لای «یەحیا» ئەفەندی ڕەسم گر ڕەسمی دەگرم.

بەیانی کە لە خەو هەڵسام دەست و دەموو چاوم پاك پاك شت و بەخۆم و یارمەتی دایکم جلەکانم لەبەرکرد. بە پانتۆڵ و چاکەوت و سدارەوە ئامادەی چوونە دەرەوەبووم. دەستم لە دەستی باوکماو بەرەو دوکانی وێنەگرەکە، کەوتینەرێ. دوای ئەوەی بەخێر هاتنی کردین لەسەر کورسیەك دای‌نام و چەند جارێك سەری بەم لاو بەلادا بادام و دەستی لەژێر چەناگەم ناو سەری بەرزکردمەوەو گوتی سەیرکە چاو نەتروکێنی: منیش دەت گوت لە قوتودا دانراوم هەموو ئازام نیشتبووە سەر ئارەق یەحیا ئەفەندی چووەپشت قوتوەی کە لەسەر سێپایەکی بەرز دای‌نابوو بۆ ڕەسم گرتن و سەری‌کرد بە تورەکەیەکی ڕەشداو لەدوای تۆزێ سەری دەرهێناو گوتی سەیری ئەم شوشەیە بکە، قەباغێکی لاداو لەپڕ دای‌خستەوەو گوتی هەڵسە تەواو، لەدڵی خۆمدا گوتم ئۆخەی نەجاتم بوو بڕوابکە تۆزێکی‌تر دەوامی بکردایە دەبووراموە.

دوای چەند دەقیقەیەك لەتەنیشت قوتوی ڕەسم گرتنەکەوە قوتویەکی بچوکی دەرهێناو پارچە مقەبایەکی کە دیوێکی شتێکی ڕەش سەیری لەسەر نەخش بوبوو، دیاربوو ئەوە من بووم، دەرهێناو خستی‌یە سەتلە ئاوێك و گوتی ئەمە جامەکەیەتی باش دەرچووە بەڵام کە سەیری سەتڵەکەم دەکرد، جامی تیادا نەبوو جگە لەو پارچە مقابەیە نەبێ لەناو ئاوەکەدا.

لە دوایی‌دا بۆم دەرکەوت کە بەوجۆرە مقەبایە دەڵێن جامی وێنەکە. پاش ئەوە هێناو بەهەمان ئامێرو سنوق دەستی‌کرد بەڕەسم گرتن لەسەر ئەوجامە. نیوسەعاتێکی پێ‌نەچوو، چوار وێنەی دەرهێناو دوای شتنی لەناو سەتڵە ئاوەکەدا، بەمە قەستێکی دەنوك شکاو بری‌و ڕێکی‌خست و دایە دەست باوکم، بە زۆر پارەکەی دایە چونکە کۆنەهەواڵ بوون و ئەویش دیاربوو هاندانی خویندن و چوونە مەکتەبی خەڵقی ئەداو گەڕاینەوە بەرەو دوکانی باوکم. زۆر حەزم دەکرد ڕەسمەکەم ببینم بەڵام نەم دەوێرا بڵێم بابە نیشانم بدە نیوەڕۆ کە گەڕاینەوە ماڵی ڕەسمەکانی پیشان دایکم ئەوانی‌داو هەموو لەخۆشیانا چەند جارێك گوتیان «ئەڵلاو مەسەڵی عەلی سەیدنا...»و ماچیان دەکردو دایانەوە دەست باوکم. منیش لەو هەلەدا

سەیرم کرد. گوتم دیارە ئەمە یەکێکە لەبەزم و ڕەزمی چووتە مەکتەب.

بەیانی ڕۆژی شەممە دوای بەرچایی خواردن لەگەڵ باوکما چووین بۆ مەکتەب تا قەیدم بکات.

مەکتەبەکە نزیکی دوکانی باوکم بوو وە هەموو منالی خزمان و دراوسێکانمان لەوێ دەیان خوێند. گەیشتینە بەردەرگای مەکتەب دەرگای مالێکی گەورە.

لەسەر دەرگاکە لەسەر تەختەیەکی لە چوارچێوە گیراوی هەڵواسراو کە بەرەنگی سەوز بۆیە کرابوو، بە ڕەنگی سپی شتی لەسەر نووسرابوو لەدوایی‌دا زانیم بەخێری ئەو نووسینە ناوی مەکتەبە کەمانە.

چوینە ژووری لەناو دالانەکەیدا دوو پیاوی ڕێکوپێك بەجلی کوردی‌یەوە لەسەر کورسی دانیشتبوون لەبەرمان هەڵسان و باوکم گوتی جەنابی «مودیر» هاتووە؟ گوتیان بەڵێ باوکم بەرەو ژووری مودیر ڕۆیشت و خۆمان کرد بەژووردا. پیاویکی ڕێکوپێك و پاکو تەمیز لەسەر کورسیەك دانیشتبوو مێزیکی جوانی شوشە لەسەر لەگەڵ چەند شتیکی جوانی عەجایەیب و چەند دەفتەرو مقەبایەك لەبەر دەمیدابوو دوای سەلام بەخێرهاتنی کردین و باوکم گوتی - جەلال ئەفەندی حەمەی کوڕم هێناوە تاقەیدیکەن ئەویش گوتی فەرموو بەخێربێن. دەفتەرێکی هێنایە پێشەوە. گوتی کوا دەفتەری نفوسەکەی باوکم زۆر بەخیرایی‌و بەرو خۆشیەوە دەستی کرد بەباخەڵیاو دەفتەرەکەی دایە دەستی. سەیری کردو دیاربوو چی لە دەفتەرە کەدا نووسرابوو نووسی. ئنجا گوتی دوو وێنە. باوکم دوورەسمی دایە. لەدوایی‌دا گوتی وا قەیدم کرد. ڕۆژی یەکەم شەممەی مانگی داهاتوو یەعنی حەفتەیەکی‌تر بێت بۆ دەوام.

بەڵام دەفتەرو قەڵەم و کتێبی لەبیر نەچێ. باوکم زۆرسوپاس کردو هەڵساین مەکتەبمان بەجێ‌هێشت لەدڵی خۆمدا گوتم دیارە ئەمە ئەو قەیدەیەکە هەموو جارێك باوکم دەی‌گوت. لەوێوە چووین بۆ دوکان.

دیاربوو باوکم زۆری پێ‌خۆش بوو چونکە باوك زۆر حەز دەکات کە منالی پێ‌بگاو بچێتە مەکتەب و دوا ڕۆژی ڕوون بێ. لەپاش دوکان دانان و تۆزی ئیسراحەت. باوکم بە کاك (ئەحمەی)ی عەتاری دراوسێ‌ی گوت ئەحمەدی جانتایەکی زۆرباش و جوان بدە بەحەمە حەمەئیمساڵ دەچێتە مەکتەب. ئەویش جانتایەکی قاوەیی باشی دامێ. بەڵام ئەوجۆرە جانتایانەی ئەو دەمە چەپی نەبوو لەگەڵ جانتای سەفەری ئێستا ئەوەندە گەورەو ناقۆڵابوو. جانتام وەرگرت و دووسێ جار کردمەوەو دام خست، باوکم سەیرێکی کردم و گوتی ڕۆڵە ئەمە بۆ دەفتەرو کتێب و قەڵەمە بۆ یاری کردن نی‌یە، بەهەرحاڵێ دەمەدەمی عەسر دوکانمان هەڵگرت و بەراستە گوزەرە کەدا سەرکەوتین. نەك وەکو جاران لەکۆڵانەکانەوە. نەم دەزانی بۆکوێ دەچێ.

لەپاش ماویەك لەبەر دوکانێکدا وەستا. لەم دوایی‌دا زانیم کە ئەوە دوکانی مەلاعەلی سەحاف بووە خواڵێ‌ی خۆش بێ. گوتی کاکە مەلا قەرا ئەتیکی عەربی سنفی‌یەك و کوردی‌یەك و جزمیکی عەما «عم»م بدەرێ بۆ حەمە.

ئەویش هەڵسا، چونکە ناسیاوبوو کتێبەکانی بۆ هێنام بەڵام تازەو پاك. نەم زانی بای چەندبوون دیاربوو هەرزان بوون. جانتاکەی لێ‌وەرگرتم و هەمووی خستە ناو جانتاکەوەو دایە دەستی، ئا لەبیرم چوو هەر لە تەنیشت ئەوەوە چەند دەفتەرو قەڵەم و مەکینەی قەڵەم دادان و، لاستیکی خەت کوژانەوەی بۆ کریم و خستمانە ناو جانتاکەوە.

بەراستی بارم قورس بووبوو بروایکە دەم خشاند. باوکم دەی‌زانی بەڵام دیاربوو دەی‌ویست فێر ببم خۆم شتی خۆم هەڵگرم و بەتەمای کەس نەبم ئەگەر چی لەنیوەی ڕێگادا لێ‌ی وەرگرتم و گوتی قورم ساغ وا زوو هیلاك بوویت.

گەیشتینە گەڕەکی خۆمان لەناو کۆڵانەکەماندا منالی دەرودراوسێ کە جانتاکەیان دی کەوتنە مقۆمقۆ، دیاربوو دەیان گوت چاوت لێ‌یە باوکی چ جانتایەکی جوانی بۆکڕیوە.

سەرتـان نەیـەشێنم حەفتـە تەواوبـوو یەکی مانگی نوێ بەیانی زوو خەبەریـان کردمـەوە گوتیان یاڵڵا خۆت بگۆڕە لەگـەڵ ئامـۆزاکـانتـا بڕۆن بۆمـەکتـەب هەڵسام و خۆم ڕێـك خست دەت گوت دەچم بۆ شەڕی قەڵـلای دمـدم، دڵم گیـرابـوو بەهـەزار حاڵ چایـەکم بەرووتی خواردەوەو لەگەڵ مناڵەکانی هاوڕێما کەوتینەڕێ گەیشتینە مەکتەب هەر کە خۆمـان کرد بە ژووردا گوێـم لە هاژەو قیـرەقـیـڕوو ڕاکـەڕاکـەی شاگـردەکان بوو تاسێك بردمێوەو دەت گوت لە خەودام. نەگـەیشتینـە حەوشـەی یەکـەمی مەکتـەبەکـە مامـۆستـایـەك بەدارێکـەوە بۆمـان هات و گوتی یاڵـلا بڕۆنە حەوشی ئەودیـو. مەکتـەبەکـە بریتی‌بوو لە دووسێ خانوی گەورەکە درابوونە دەم یەك.

هەر کە چووینـە حەوشـەکـەی ئەودیـو هەرمنـاڵ بوو ڕای‌دەکردو هەرمناڵ بوو پاڵیان بەیەکەوە دەنا. گەورەو بچوك یاریـان دەکـردو دەنگـە دەنگیـان دەهـات لەپڕ مامـۆستـای داربەدەست هاتە ناوەڕاست حەوشە کەوەو لەمناڵەکان خوڕی.

دووسێ داری وەشان لەچەند شاگردێکی نارەحەت هەر کە پشتی پێی‌هـەڵکرد وەکـو ئاشـە مەکینـە کەوتنەوە گەڕ. پاڵم دا بە دیواری‌کەوە لەترسی ئەوەی خەڵك لێم نەکەوێ. دڵم پڕبـوویـوو هاتێستا بدەمە هاڕەی گریان هاساتێکی‌تر. گوتم چیم بەسـەرهـات. ئای کاشکی نەهـاتمـایـە. ئێستا بۆخـۆم لەمـاڵـەوە بوومـایـەو سەیری کەڵەشێرو مریشکەکانم بکـردایـەو لەبـەر هەتاوەکە خۆم هەڵ خستایە. مناڵ عەقلی پێ‌نـاشکی، عەقلی منـاڵی وەهـایـە. نازانم ئامـۆزاکـانـم چی‌یان لێ‌هات ئەوانیش وەکو مووروی غەیبی گوم بوون. لەم خەیـاڵ و قسـانـەدابـووم لەپڕ دووان یەکێکیان ڕاودەناو خویـان دا بەمنـا خەریـك بوو ملم بشکێ جانتـاکـەم حەوفرسەق پەڕی هەر کتێب و دەفتەرو قەڵەمێك بەلایەکا پەڕی.

هەرچیشی دەهـات ئەمـەنـدە بەخێرایی ڕایـایـان دەکرد بەسەر شتەکاندا دەڕۆیشتن.

هەر چۆنێـك بوو بەیـارمـەتی یەك دوو شاگـردی ژیـرو بەرەحم شتەکانم بەدەم گریانەوە کۆکردەوە. سەیرم کرد هەر من نیم زووربەی ئەوانەی لەتەمەنی مندان و بۆ یەکەم جار مەکتـەب دەبینن وەکـو مریشکی ڕەوی کزومات وەستاون و دڵیان پڕە. ئەی خوایە ئەمە چی‌یە بەسەرمانا هاتووە.

ئەوەندەی پێ‌نەچوو ئەو مامۆستایەی کە لەپانتایی کەدابوو ئیشـارەتی بۆ شاگـردێکی گەورە کردو ئەویش بە ئاسنێك دەت گوت دەسکی دەسکـەوانـە چەنـد جارێك لەبـەینی ئاسنێکی کە لەشێـوەی ناڵی کەدانی‌ی ئەسپـدابـوو سەرەو خوار هەڵواسرابوو دەی‌هیناودەی بردی‌و دەی‌دا بەئاسنەکەدا. دەنگیکی زەنگی‌و ناقـووسی لێ‌ئـەهـات هەمـوو بەرەو پانتایی‌یەکە کەوتنەڕێ. هەر کۆمەڵێك لەشوێنێکا ڕیز بوون. ئێمەش کە یەکەم جارمانە لەهیچ نازانین یەك دوو شاگرد لە گەورەکـان هاتن و دەستیـان کرد بەڕیـزکـردنمـان. هەتـا ڕیـزیکیـان ڕێـك دەخست ڕێـزەکـەی‌تـر وەك دیواری کۆن ورگی دەدا هەرچۆنێك بوو ڕیزکراین. مامۆستا لەناوەڕاستدا وەستاو گوێم لێ‌بوو بەقایم گوتی: ڕەحتکە. وریایە! دوای گوتی ڕیزی پێشەوە هەنگاوێك بۆ پێشەوە.

هەمـوو هەنگـاوێـك چوونـە پێشـەوە. ئێمـەش ئەو دوو شاگردە پاڵیان پیوەناین و چووینە پێشەوە ئنجا مامۆستا گوتی بۆ دواوە وەرگەڕێ.

کۆمـەڵـەکـەی ئێمە هەریەکە ڕووی‌کردە لایەك بەڕاستی سەربەقورمان پێ‌دەهاتە پێ‌کەنین. هەرچۆنێك بوو ڕێکیان خستین و گوتیـان دەستتـان درێـژبکـەن و دەسـەسـڕ بگرن بەدەستـەوە مامـۆستـا بەنـاوماندا دەهات بەخۆیی‌و دارەکەیەوە سەیـری پاکی دەست و نینـوکمـانی دەکـردو دەسـەسـری دەویست لەهەر شاگردێ کە دەبێ پێ‌ی‌پێ ئەوەی دەستی پیس بوایە تینوکی هەبووایەو دەسە سری پێ‌نەبوایە بەو دارە دەی‌مـاڵی بەرەقـەڵـەی دەستی‌دا. خواکردی من دەسەسڕم پێ‌بوو وەتۆزێ دەست و پلیشم پاك بوو. هەموو ئازام وەك بێ‌ئاو دەلەرزی هەتا گەیشتە عاستم وتی‌پەڕی هەزار دوعاو پێغەمبەرو غەوسی گەیلانی‌و کاك ئەحمەدی شێخ و حاجی

مەلا عەلی بەسەر دەممدا دەهات.

لەدوایــی‌دا گوتی هەنگـاویـك بۆ پێشـەوەو بۆدواوە وەرگەرێ. وەكو خۆمانمان لێ‌هات.

ئنجا ڕوی‌كردە كۆمەڵێك لەگەورەكان و گوتی كە شەرقی «سرود» بڵێن. دەستیان كرد بەم گۆرانی‌یە «چەند شیرین لام..» لەدوایی‌دا شاگردێك هاتە ناوەوەو بەشێوەیەكی جوان و دەست ڕاوەشاندن ئەم شیعرەی خوێندەوە:

«ئەی وتەن پایز بەخێربێ چونكە ئێستا باوومە».

لەدوایی‌دا هەركۆمەڵە بەرەو ژوورێك ڕویشتن ئێمەش لەگەڵ ئەو دووشاگردەدا خوا عومریان درێژكا بەرەو ژوورێك براین. هەر كە گەیشتین ژوورەكە هەر كورسیەك بەدەست دووسێ شاگردەوە زەلالەتیان بوو. دوو شاگردەكە گەورەكە هەموو مانیان داناو بێ‌دەنگ بووین. بەڵام ئەوەی لای‌من زۆر ناخۆش بوو جانتاكەم بوو. لەبەر گەورەیی جانتاكەو بچوكی چاوی مێزەكەمان پێوەی ئەدەچوو، وەلەبەر دەمیشماندا جێ‌ی نەدەبووەوە. چونكە سێ شاگردو ئەو مێزە پچووكە ئەو دەی‌گوت ئەوەندەی هینی‌منە، ئەوەندەی هینی تۆ، دەت گوت زەوی دابەش دەكەن، لەدوای تۆزێ مامۆستایەك بەخۆی‌و داردەستەكە یەوە خۆی‌كرد بە ژووردا. یەكێ لە شاگردە گەورەكان گوتی هەڵسن هەموو هەڵساین تەقەو كەوتنی جانتاكانمان بەپۆلێك.

مامۆستا گوتی دانیشن و ئەو دوو شاگردە ژوورە كەیان بەجێ‌هێشت. مامۆستا بەجۆرێك زۆرسەیر لێمان ورد دەبۆوە. ئێمەش هەموو لەترسا چووبوینە قاوغەكەی خۆمانەوەو ورتەمان لێوە نەدەهات دەرزیت فڕێ بدایە گوێت لێ‌دەبوو.

لەپڕ دارەكەی ماڵی بەمێزی یەكەم ریزدا هەموو داچڵەكین و گەزێ چووین بەهەوادا. گوتی وا دەرۆم كەسێ ورتەی نەیەت. پاش ماوەیەك وەكو جاری‌یەكەم زەنگ لێ‌ی‌دا هەر ژووربوو دەت گوت شارە زەردەواڵەیە شاكرد لەدەرگاكانیەوە بەگوڕ دەهاتنە دەرێ‌و دەستیان كردەوە بەیاری‌و ڕاكەڕاكە.

لەدوای تۆزێ بۆجاری دووەم چونیە ژووری دانیشتین و پاش كەمێك مامۆستایەكی كەمێ‌بە تەمەن لەو گەورەتر هاتە ژووری بێ‌دارو داردەست.

گوتی گوێ‌تان لێ‌بێ منداڵەكانم شاگردەكان ئێوە لە ئیمڕۆوە بوون بە شاگردی مەكتەب لەئیمڕۆوە ئیتر دەبێ هەرچی یاری‌و شتێكی ناشایست و منداڵانەنی كە شایان نی‌یە فڕێ‌ی بدەن و خەریكی فێربوون و خوێندە واری‌بن. گوێ لە ئامۆژگاری مامۆستاكانیان بگرن و دەرس و دەوری خۆتان بخوێنن. مەترسن ئەو شاگردەی عاقل و بەهۆش و هێمن بێ هیچ كاتی لێدان ناخوات. مامۆستاكانتان لەجێ‌ی باوكتانن پاك و تەمیزبن. ئاگاتان لە كتێب و دەفتەرو شتی خۆتان بێ ئەگەر خوا نەخواستە كەسێك ئازاری دان وەرنە لای‌من یا لای هەر مامۆستایەكی‌تر ئێرە جێ‌ی فێربوون و خورەوشتی جوانە.

گەورەپیاوان و زانایان و بلیمەتەكان لە مەكتەبدا فێری شتی باش بوون لەگەڵ هاوسنفی خۆتان و هاوتەمنتان یاری‌بكەن و.

هەڵسوكەوت بكەن. قسەی جوان بكەن دۆستی یەكترین ئێوەن دەبن بە پیاوانی دوارۆژ بۆ میللەتەكەتان.

بەڕاستی قسەی ئەو مامۆستایە هێزی پێ‌داین و ڕوناكی خستە دڵمانەوە. وای‌لێ‌كردم كە باوەڕم بگۆری‌و خۆم بە حەبس و مەكتەب بەحەبسخانە نەزانم.

هەر ئەو قسانەبوو وای‌لێ‌كردم كە زۆر حەز لە مەكتەب بكەم چونكە مەكتەب خۆشە. نزیكی بانگی نیوەڕۆ هەبوو بەرەو ماڵ بووینەوە. كە گەیشتمە ماڵەوە دەت گوت هەزارساڵە لەماڵ دوور كەوتومەتەوە. دایكم هات بەپیرمەوەو جانتاكەی لێ‌وەرگرتم و گوتی جانتای دوكتوریت لێ‌وەربگرم. بەڵام من لەبەر برسێتی‌و تینوێتی هێزم پێ‌نەمابوو. لەپاش چەند ڕۆژێك مەكتەب بوو بە ماڵی دووهەممان و زۆرمان خۆش دەویست.



# ڕەنجی بێ وەر

chalakmuhamad@gmail.com

○ سۆران مەحوی ○

دوکانەکەی سیلەی لە شەقامەکەدا بوو، بەسەر گشت کۆڵانەکەدا بەچاکی دەیڕوانی.. پیرەمێردێك لە کلکەی کۆڵانەکەوەی دەرکەوت، دەیویست بۆ ئەمبەری شەقامەکە بپەڕێتەوە، تاگەرووی شەقامەکەی بڕی نیوە عومر بوو.

بەو وەزعە گیانی بەزەیی زۆر کەسی جوڵاند، هات... هات.. تا گەیشتە ناو خەڵکەکە، یەکسەر چزووی دیدەی بە زەلامەکان دا چەقاند.

هەر چەندی کرد. کەسیکی لێ نەناسین، دوای ڕووەو دوکانەکانی خوارو ڕۆیشت، ئەنجام لەبەردەمی ئەو دوکانەی دەیویست چەقی... بەگەیشتنی ئەم کەسانیکی تریش موویان بۆ هەڵکرووزا، هەموو چاوەڕوانی کابرای دوکانداری‌یان دەکرد.. یەکێك لە خەڵکەکە ووتی:

- دەبوو ئێستا شت و مەکەکانی بدابنایە؟! دیارە بۆ دزیو فزی‌یە خۆی شاردۆتەوە.

لاوێکی زیتەڵە لەسەر راهات، وەك لە کاروان بەجێ مابێ، بە پەلە هەنگاوی دەنا، نەوەستا تا لای ئەمان، هەموو سەرنجی خۆی لە ئەودا خر کردەوە، «ئەم پیرەمێردەم زۆر دیووە، شێوەی دەکەم».

پاشان بە دوکانەکەدا هەڵیڕوانی:

- بە ملی شکاوی دیارە ئەمڕۆش نایەت!! ئەو بەد فەساڵە تێ ناگەم بۆ وا دەکات؟!

پیرەمێردەکە بەو ووتەیە توزێ بە هۆشا هاتەوە، تێ گەیشت کابرای دوکاندار هەر بەتەنها دەستی ئەمی نەبڕیوەو زۆر کەسانی تریشی بێزارو هەراسان کردوە.. دوایش بۆ ئەو مەبەستە ڕووی لە لاوەکە نا:-

- ئەمە سەری چەند جارەمە دێم!! کەچی نائومێدیش

بۆی دەگەڕێمەوە!!

- جا... بۆچی ؟! خۆ خێری باوکە سەگبابی خێرمان پێ ناکات.

تازە لەسەرەتای رازابوون، کەچی ئافرەتە شۆخەکە لێی تێکدان.. ئافرەتەکە بەوەدا رەشپۆش بوو، پێ دەچوو شۆخ ترێکی لە خۆی لەدەس دابێت.

نەخێر ژیرانە لە دووتوێی قسەکانیانەوە لە باسەکە گەیشت ،ئەویش لەبەر خۆیەوە کەوتە بۆڵە کردن:

- بلێ کە دوکانەکەت کلۆم دەدا؟! عالەمەکەت بۆچی مەحتەل کردوە؟!

پیرەمێردەکە کاتێ ئافرەتەکەی وا بینی، چاوی پەریە تەوقی سەری و مەراق دایگرت، لە داخانا نەیشەزانی چی بکاو ئەوەندەی کە زەرد هەڵگەرا:

- بەبیانوو نیازە، شت ومەکەکان بە قوزڵقورت بکا.

- جا... ئیمە بەوە. چۆن قایل دەبین؟!

ئافرەتەکە:

- جارێ حولی داوە!!

پیرە مێردەکە:

- بەسەری باوکی نایخوات... دراوسێ دوکانەکان بەو دیمەنە کوڵێ خەمیان خوارد، لەداخانا ئاوسابوون چپەچپێ پەیدابوو، دراوسێ دوکانێک:

- سەیر... سەیر... ئەو نەفرەت لێکراوە، چۆن بە خۆیەوە هەموومانی خراپ کردوە؟!

دوکانداریکی تر:

- ناهەقی نی یە ،ئەگەر وایی نەکردایە بەم خێرایی یە چۆن پێ دەگەیشت؟! بیرتان نی یە کاتێ هاتە گوزەرەوە (دوکانەکەی بەکرو دوو سەلک سابون بوو؟) ئێستا خوا نەیبرێ خاوەنی ئەو سامانەیە کە هەموو دەیزانین.

دوکانداریکی تر:

- ئەشێ ئەمە لە کۆنەوە رەفتاری بووبێ ؟! تازە باوەر ناکرێ تەرکی بدات.

لاوەکە هەیتا هەیتا خەڵکەکەی دەجولاند، دەیویست بەتەواوەتی هەموو لایەکی لێ بکات... جا بۆ ئەوە بێ پەردە دەدوا:

خوزگە ئەو زەرووە بهاتایە، تا لە تۆڵە سەندنەوەی خەڵکەکەدا دوو شەقم بگەیاندایە

ئافرەتەکە:

- تۆ دەڵێی چی، تازە فێری ئەوە بووە!! شل کوتی عومریشی بکەی عار نائێت.

پیرەمێردەکە:

- مەگەر مەرگ، ئەو مفتە خۆری یەی لە بیر بەرێتەوە!! تا دەچوو وەزعەکە بەرەو ناخۆشی دەرۆیشت، خەڵکەکە قین و غەزەبیان لێ دەباری ،ئاگریان دەکردەوە یەکێك لە ناو خەڵکەکەدا هەڵیدایە:

- با تۆزێکی تر چاوەروانی بکەین، بەشکم خوایە بێتەوەو جەزرەبەیەکی باشی پێ بگەیەنین!!

ئەوەندە وەستان، ئاوی پێیان داهات، ناچار بەربوونە جنێودانی کابراو دوایش هیچیان بۆ نەمایەوە دوکانەکەیان بەجێ هێشت خەڵکەکە پەرش و بلاو بۆوە، هەندێ سەرەو خوارو هەندێکی تریان بەرەو ژوو رۆیشتن. دواجار پیرەمێردەکەو دوورو نیزیکیش بە دوایا لاوەکە ملی نا.

لاوەکە زۆر مەراقی بوو، بزانێ کوێوە دەچێ ،بەوە قیروزفت لێی نەدەبۆوە، چەند رۆیشت ئەوەندە شوێنی کەوت.. ماندوو بوبوو، هەر ئەوەندەی پێ دەکرا پشوویەکی بۆ بگرێت. بەوە بەزەیی یەکی زۆری پیا هاتەوە، وەخت بوو گری تێ بەر بێت، نەخێر هەر چۆنێك بوو لێی نیزیك بۆوەو کەوتە دڵنەوایی کردنی:

- بتووتایە، تەکسیەکم بۆ دەگرتی.

- بەقوربان ئەم پێنچە ببرم ماڵەوەیە.

پاشی قەدەرێ وەستان:

- تۆ ئەوەیانم لەگەڵ بکە!!

- چی!!

- بەشکم بەیـانی هەمـوو لەوێ گرد ببینـەوەو نەهێڵین بەخوت و خۆرایی شت و مەکەکان زلفنج بکات.

لاوەکە لە دڵەوە بست بست بەو قسەیە باڵایی دەکرد، بۆی ساخ بۆوە، هەر چەنـدە بارو داری هەڵنـاگـرێ و کە نەفتیش تەنگی پێ هەڵچنیـوە!! بەڵام دڵی بەوە خۆشـە، هێشتا هەر دەماری؟!

جەربـەزلی لە مێشـك دا زینـدووە... بۆیـە یەکسـەر وەڵامی دایەوەو ووتی:-

- بەچاوان شەبەقی لەوێ دەگەمە لاتان.

لە نیـو قەدی شەقامـەکـەدا جیا بونـەوە، هەریـەکـە بەلایەك دا رۆیشت.. پیرەمێردەکە تا دەچوو لە گیانی خۆی وەرس دەبوو، زۆر بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە، بەتایبەت کە بیری لە تاقی لاوی خۆی دەکردەوە، چۆن لە تەمەنی ئەو لاوەدا دەستی کۆمـەکی بۆ زۆر کەسـان درێـژ کردووەو کەچی ئێستـا خۆش کەوتـۆتـە ئەو خانـەوەیی چاوەروانی یارمەتیدانی کەسانێکی ترە کەمێ لایی لێ بکەنەوە.

بەڵێ بەو هەمـوو بیـرو خەیاڵـەوە رۆیشتـەوە، هەمـوو ئەندامـەکـانی جەستـەی دنگەیی دەهات، لایەکت ببریایە بەخـۆی نەدەزانـی، لاوەکـەش هەر بەگەیشتنەوەی، چووە ژێری، بیری بۆ زۆر شت چۆوە، ئەنجـام بیـری هاتـە سەر ئەو خەیاڵەی بەیانی چۆن چۆنی یارمەتییەکی ئەو بدات.

ئایـا چۆن ئەو شت و مەکـانـەیان کە ئێستا چۆتە قورگی ئەو نەهەنگەوە دەر بهێننەوە؟!. ئەی کێیە؟! وا ئەم ئەمەی لەسەر دەکات و کەچی ناشیناسێتەوە!!

نەخێـر شەوی بەکـوڵـەوە گرت، شەوگـار هات و ئەم کردی، خەو زۆری بۆ هێنا، وەك لە کێوی سەفینی دابێ، پرخە پرخی قەدەرێ دەرویشت.. بەدەم وورێنە کردنێکەوە شرێتی عومری داهاتووی لێ دەدایەوە، «نەکەی بەلاویت بای ببیت، رۆژێ دێ تۆش کە نەفت و دامـاو بکـەویت چاوەروانی هاوتەمەنێکی وەك ئێستای خۆت بکەی، تا هیچ نەبێ لایەکت لێ بکاتەوە».

لەخـەویـا مێشکی هانیوبـرد، گوشی!! گوشی!.. تا گەیشتـە تلپـەکـەی خەیـاڵی لە پیاوانی گوزەر، لـە دراویکـان یان... لە وانـەی کۆن ئاشنـایی باوکی ... بـاپیری... باپیرەگـەورەی بوون کردەوە... پاشان بەوەش نەوەستـایـەوە هەمـوو لاپـەرەکـانی مێژوو... یەکە یەکـە کرد، تەنـانـەت ناوی لە لیستـەی بەهـرەدار و هونـەرمـەنـدەکـانیش دا نەبـو... وەختـە بوو شەق بەرێت لێکببێتەوە ئەی چۆن شێوەی دەکات و بینویتی؟!!

لەپـر وەك شێت لە جێگـاکـەیدا راپەری، دەستیکی بەچاوەکانیدا هێنا، تۆزێ تەشقی وەنەوزی شکاو خەو بەریدا:

- ئا... هاتەوە یادم، ئەرێ لە رێی خوایە بۆ وا تەپیوە؟!

پاشی زیاتر بیر کردنەوە:

- دیـارە کزی، کزەی تاقـانـەکەیەتی... ئەگینا من پێ بزانم ئەو پیرە نییە پەکیکەوتبێت.

شەبـەقی وەك ماخـۆلانی گرتبێ، بە شەقـامـەکـەدا دەهات و دەچوو. ئەوەندە هات و چۆی کرد بوو، هەناوی لەبەر برابوو، نەخێر ماندوێتی زۆری بۆ هێناو لەژێر چەتری شوێن وەستـانی پاسـەکـەی تونـدی کرد... تۆزێ بۆی وەستاو لەویش ئۆقرەی نەگرت، هەیتا هەیتا چاوەکانی کە وەك لە گۆمێکی خوێناودا هەڵکێشرابێ سوور بووبوون، لە کات ژمێری قەد دیوارەکەی دەسوو:

- کاتەکەش رۆیشت؟! هەر خوا بکا شتێکی لێ نەقەومابێ!!

ئەشێ لە کوڵانەکەی ئەو دیوشەوە هاتبێت و من ئاگادار نەبم.

بە هەڵەداوان بەرەو کوڵانەکە رۆیشت، قەدرێ لەسەری کوڵانـەکـەدا ووچـانی گرت، خێـرا لەویش گواستیـەوە، ئەمجـارە چاوی لە گشت رێگـاکـان نەئـەتروکاندو دیقەتی

لەهەموو ڕێبوارەکانیش دەدا.

کاشکی هەر دوێنێ لەگەڵیا بچوومایەوە، ئێستا ئەم سەرە خولێیەم نەدەکەوت!!

بە شپرزەیی‌یەکەوە بۆ دوکانەکە کشا، بیری هەر بەلای ئەوەوە بوو... لە دوورەوە عەشامێکی زۆری دی، وەزعەکەی نائاسایی هاتە بەرچاو، دڵی لە خۆیەوە کەوتە پەلەکردن، لەشی تەزوویەکی گەرمی پیا دەهات و خەریك سڕبوون بوو. ئا... تاوێکی تر لە هۆش خۆی بچێت:

- خێرە ئەم خەڵکە وورووژاون؟! ئافرەتەکە نەیقلیشاندبێتەوە باشە؟! خۆ ئەگەر دوو لنگە پاپووجی گەیاندبێتێ هەر خۆشە!!

بەدەم ئەو قسانەوە ڕۆیشت، تا گەیشتە ناو لێشاوی عەشامەکە.

نەخێر شەپۆلی عەشامەکە، لە تەرمەکەی گیرکرد، بەدیار تەرمەکەوە حەپەسابوو، دوایی سەیرێکی ناوچەوانی کرد:

- خۆ ئەمە میرزایە؟! سەیرە بۆ وایی بەسەر هات؟! خەڵکەکە هەریەکە بە جۆرێك دەدوا، ئافرەتە ڕەشپۆشەکەش کەپێش ڕوودانی ئەو کارە ساتە ناخۆشە بەچەند چرکەیەك هات بوو بە غەمباری‌یەکەوە ووتی:-

- ئاگر تێبەر بووەکە، بە تراکتۆرەکەوە خۆی پیا کێشا!!

لاوەکە:

- ئەی شۆفێرەکەی کوێوە چوو؟!

- ئەویش زمانی نەدا

لاوەکە:

- یانی مرد؟!

- دەست بەجێ!!

دوای ئەوە لاوەکە دەستێکی بۆ دوکانەکە ڕاکێشا، کە تا ئەوساش هەر قفڵ درابوو ووتی:

- ئەی هەواڵێکی زەرووەکە؟! هەق وایە هەموو تۆڵەیەك لە ئەو بکرێتەوە!!

یەکێك لە ناو خەڵکەکەدا هەڵیدایە:

- هێشتا وونە.

دوای ئەوەی خەڵکەکە بەتەواوەتی لە کابرای دوکاندار پڕبوون، ئینجا بەئاشکرا کەوتنە جنێودان بە خۆی... بە ژنی... بە باوکی... بە دایکی... بەوەی گۆشی کردو ناوکیشی بڕی.

ئەگەر لەوکاتەدا بەردەس بکەوتایە، لەت لەت یان دەکردو بۆ هەموو دزو خزەکان یان تەمێ دەکرد.

ئەمان بەم بەزمەوە بووم، لەپڕ کوڕێکی ڕەشتاڵەی شۆخ و شەنگ لە دالغەی دان ووتی:-

- ئا... لە چی دەخولێنەوە؟! ئەوەی ئێوە لێی دەگەڕێن؟

هەیهوو! هەیهوو!

خەڵکەکە بە یەك دەنگ:

- چۆن؟!!

- ئەی نەتان زانیوە؟!

خەڵکەکە بەیەك دەنگ:

- نە وەڵلا!!

- ئەوە ماوەیەکە، لەسەر ماڵی قاچاخ گیراوە.

خەڵکەکە بە یەك دەنگ:

- ئەی ئێستا؟!!

- ئێستاش بێ سەرو شوێنە

لاوەکە بە دەنگێکی بەرز.

- خوا بکا ئیعدامی کەن و لە کۆڵ بیبێتەوە.

ئافرەتەکە بە دەنگێکی بەرز:

- هەر ئیعدام؟!! هەقە ڕەنجی بێوەر بکرێ‌و دەستیش بەسەر هەموو ماڵی دا بگیرێت.

دوایی ئەوە هەموو لەسەر تەرمەکەی میرزا گرد بوونەوە، کۆڵێ بۆی بەداخ بوون و خەمیان بۆ خوارد، ئەنجام تەرمەکەیان هەڵ گرتەوە، بردیانەوە ماڵێ‌و تەسلیم بە کەس و کاری‌یان کردەوە....



chalakmuhamad@gmail.com

# کلکە سەگ

نووسینی: عەزیز نەسین
مەجید ئاسنگەر: لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە

(کورتە پێشەکییەکی نووسینە ئینگلیزییەکە):

(بەزمەسات) رەگو ریشەیەکی دوورو درێژی هەیە لە وێژەو هونەری میللی تورکیدا کلاسیکییە کۆنەکان و تەنانەت شاعیرو نووسەرە نوێخوازەکانی ئەم دواییەش هەوەسیان بەگەشەو برەو پێدانی‌یدا هاتووە. ئەدەبی

بەزمەسات نەك هەر لە لایەن (Seyhi) یەوە (کە لە سالّی ۱٤۲۰دا هاتۆتە دونیاوە)و زۆران کلاسیکی دیکەشەوە بەکار هێنراوە، بگرە لە لایەن (عمر سیف الدین)ەوەش

(۱۸۸٤ - ۱۹۲۰) کە یەکێکە لە رۆمان نووسە هەرە ناسراوەکانا، بەکار هاتووە. عەزیز نەسین تەواوکەری رێبازی بەزمەساتە لە وێژەو هونەری میللی تورکیی‌دا. ئەم لە ئەستەموولّ لە دایك بووە. سالّی ۱۹۳۵ قوتابخانەی سوپایی‌و سالّی ۱۹۳۷ ئەکادیمیەی سەربازیی تەواو کردووەو قوتابخانەی سەربازیی تەکنیکیش لە ۱۹۳۹دا.

لە ١٩٤٤ دا دەستی کرد بەبلاّوکردنەوەی یەکەمین

ووتـارەكـانـیـەوە لە گۆڤـاری (یـەدی گون)دا لە ١٩٤٥دا گوێـزایـەوە بۆ ڕۆژنـامـەی تان Tan و چەنـدان سكێتش و ڕاپـۆرتـی بۆ دەنـارد. لە سالّـی ١٩٤٦دا گۆڤـارێـكـی گاڵتـەجاڕیی دەركـرد بەنـاوی (ماركو پاشا)وەو لە ١٩٥١دا بووە خاوەنی نامـەخـانـەیەكی تایبەت بەخۆیەوە. لە ١٩٥٢ وەكـو وێنـەگـرێ بۆ (بـای ئۆگلو (Beyoglu) ئیشی كردو لە ١٩٥٣ وە بۆتـە پەیـامـنـێـرێـكـی بەردەوامـی گۆڤـارە گاڵتـەجاڕیـەكـانی (Dolmus, AKbada) ئێستـاش ئەنـدامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی AKşam - o [1].

لە ماوە كورتـەكـەی كاری ئەفـرانـدن (داهێنـان)یدا ٣٤ كتێبی نووسین: زۆربەیان چیرۆكی گاڵتەجاڕیی و سەیرن، لە مانەدا چواریان ڕۆمان و دوویان كۆمیدیان عەزیز نەسین شۆرەسـوارێكی بێ هاوتـای ئەدەبی گاڵتـەو گەپی توركیـیە بەهەموو سیفەتە تایبەتەكانیەوە. هەر بەمەشەوە دابین نابێ كە هەستی بەزم و پێكـەنینی خوێنـەرانی بورووژێنێ و بەس، بەڵكو هانیان دەدات بیربكەنەوە.

هەروەها بەچاوێكی زۆر تیژ و وردبینەوە هەموو شتێ لە ژیـانی میللەتـەكـەیدا دەبینێ و ئازایانەو بێ‌ترس لەبارەیانەوە دەنووسێ، بۆ ئەمەیش چەندان جار زیندانیی كراوە. عەزیز نەسین ئاوێنەیەكی لار دەخاتە بەردەم شتەكانەوە تاكو هەڵەو چەوتی‌یەكان ئاشكراتر بێنە بەرچاوەوە ئەم لە هەمووی زیاتر حەز بەوە دەكـات ڕەخنـەكـانی ئاراستـەی گشت ئەوانـەوە بكات كە بەدن، ساختەن، ناراستن، كەم و بێ مێشكن.

عەزیز نەسین لە نووسیندا شێوازێكی تایبەتو بێ هاوتای هەیە. لە كاتێكدا بەدروستی دەمانخاتە قاقای پێكەنینەوە، هەمان كات لە شێوەی (سەتیر)یكەوە لە ژیاری ڕاستەقانی توركیامان بێدار دەكاتەوە. . تابلۆیەكی (واقیعی) بۆ ژینی خەڵكە ڕەمەكی‌یەكە دەكێشێ كە ئێمە هێندەیان دەربارەوە نازانین.

**(كلكە سەگ) (٢)**

كاتێ بەنێـو گونـدەكـانـدا ڕەتـدەبـووین یەك شت زۆر سەرنجی ڕاكێشـا. . سەگـەلێكی زۆرمـان بینی بەڵام هیچ كامێكیـان كلكیـان پێـوە نەبـوو. بەرابـەرەكـەمم گوت كە مامۆستایێ بوو: هەموومان دەیزانین و لامان ئاشكرایە دێ نشینەكان گوێچكەی سەگەكان لێدەكەنەوە، خوێو بیبەریان لێـدەدەن و دەیـدەنـەوە بە سەگـەكـانیـان بیخـۆن بۆ ئەوەی دڕتـریـان بكـەن. بەڵام هەرگـیـز نەمبیستـووە كلكی سەگـەكـانیـان ببـڕن. مامۆستـاكـە لەوەرامدا ووتی دەشێ ئەمەیان جۆرە پەروەردەیەكی تایبەتی سەگان بێت.

هەر لەیـەكـەمیـن دێدا لەو پیـرەمێـردەم پرسی كە خانەخوێمان بوو! سەگی ئێرە بۆ كلكیان پێوە نییە؟ ئایا ئەمە جۆرە پەروەردەیەكی تایبـەتی سەگانە؟ پیرەمێردەگرژ ییەوە: ئەم باسـە حەكـایـەتێكی لەسـەرە، ئەگـەر قەڵست ناكـات دەتـوانم بۆتی بگێـڕمـەوە، ئەمـەی گوتـو دەستی پێكـرد: جارێكیـان مودیـری ناحیـە ئەم فەرمانەی لای خوارەوەی بۆ ناردین: لەسەر گوندەكەتانا بڕیاروەتەوە كە پێویستە هەر ساڵ ٣٠ سی سەر (یـەكـانـە بەراز بكـووژ ن) - بەبیستنی ئەو فەرمـانـەوە هەمـوو شلەژاین، دەستێكـمـان كەوتـە پاش و دەستێكمان كەوتە پێش گوندی‌یەكان بەمیان گوت! تۆ زۆر زیرەكیت و هەر خۆت سەرت لەم جۆرە كارانەدا دەردەچێ بچـۆرە لای مودیـری ناحیـەو بۆی ڕوون بكـەرەوە. . جا، منیش چووم.

(بەگم، پێیم گوت: بەندە چواردە ساڵم لە سوپادا بەڕێکردووە. لە یەمەن و چەنە قەللاو تەنانەت لە قوقاسیاش بووم..) (سەرم مەیەشێنە) مودیری ناحیەکە لە دەمی دامەوە (تۆ تەنها واجیبی نیشتمانپەروەریی خۆتت بەجێ گەیاندووە، خوا بزانێ چاوەڕوانی پاداشتیش ناکەیت، هاه؟).

(بمبوورە، بەگم ئیمڕۆکە بۆ کارێکی جیاواز هاتووم... ئەوجا شەڕ لە پێناوی سەربەخۆیی‌دا دەستی پێکردو منیش بەپێشمەرگە خۆم ناونووس کرد چەند هەڤاڵێکی لاووم کۆکردنەوەو ملی چیاکانمان گرت. کە ئەوە هەمووی بەسەرچوو، پەڕە کاغەزێکی بەقەد پارچە قوماشێکیان نایە دەستمەوەو تیایدا نووسرابوو کە بەندە کرابووم بە فەرماندەی یەکەیەکی بەرەی پێشەوەی جەنگەوە..).

(جا سوودی ئەم قسە قۆڕو بێ مانایانە چی‌یە؟ لە سای جەنابتەوە واکاروباری گرنگی دەوڵەت ماتەڵ بوون... زووکە پێم بڵێ چیت گەرەکە؟ بەهێمنی لەسەری ڕۆیشتم و گوتم: (سوپاسی خوا بکە کە سەری خستین.

سەرکەوتین منیش گەڕامەوە بۆ دێکەمانا ـ سەرتاپای لەشم بە گوللە کون کون و بەبرینی دەمەشیر نەخشێنرا بووا، مودیری ناحیە بەبێ ئارامییەوە قسەی پێ بڕیم:

(ئەمە ئەوە دەگەیەنێ تۆ هەلێی ئەوەتە دەسکەوتێکی ئابووریی بۆ خۆت بپچڕیت بەرامبەر بە کارێکدا کە ئەرکێکی نیشتمانپەروەریت بووە. کابرا، تۆ شەرمت بەخۆت نییەو تەریق نابیتەوە، وەختێك دەبینیت نەتەوە هەژارەکەمان چەنێ دواکەوتووە؟ گوتم. (چۆن ئەمە نابینم، گەورەم؟ بەڵام، ئەز دەتوانم هەروەها زۆران شتی‌تریش ببینم... بۆ نموونە، هەفتەی رابردوو، نوێنەری جەنابت (فەرمانی سووری سوولتانی) لێ سەندمەوە.. بەڵام، حیکایەتەکەت بۆ تەواو کەم، سوپاس بۆ یەزدان، هەموو مافێکی ڕەوای خۆمم لە دەوڵەت وەرگرتەوە، تەنانەت مەدالیایەکی سەر شەریتەکی سووریشم وەرگرت... هەروەسا چەن بەلگەیەکی سوپاسنامە کە بە پیتی زێڕین نوسرابوون و مۆرێکیش... بەڵام، ڕۆژێکیان مامۆستاکە هاتە گوندەکەمانەوەو منیش بەپێی عادەت باسی قارەمانێتی خۆمم بۆی گێڕرایەوە.

مامۆستاکە زۆر بەپەرۆشەوە بە درێژایی شەوەکانی ئەو زستانەوە گوێی بۆم شل کردو بە دوورو درێژیی گشتیانی نووسیێوە.. لە دوایدا بۆ شوێنێکی گوێزرایەوە، خوا ڕەحمی پێ بکات ڕۆژگار سوورایەوەو کات رابورد، تا ڕۆژێکیان منالێك دێ لە قوتابخانەی شاردا دەیخوێند هاتەوە بۆ دێکەمانا و گوتی: (سەیری.. خاڵۆ چاووش، لە ڕۆژنامانەدا لەسەر تۆیان نووسیوە.. ئەوە ئیشی مامۆستا قنجەکە بووە ژیانی منی بە قەزەتانا فرۆشتبوو. ئەوە یەکەمجار بوو شتێکیان بەژیانی منا دابوو، ئەوەیش دەبێ بڵێم کە یەکێکی دیکە لە باتی من پارەکەی خستبووە گیرفانی خۆیەوە. بەڵام من هیچ شتێکم لە هیچ کەسێکا ناوێت.

دەوڵەت پاداشتی منی بەوە دایەوە کە پایەی مولازمی یەکەمی پێبەخشیم.

جارێکیان بۆ شار بانگیان کردم بۆ بەشداریی‌کردن لە مەشقێکی گشتی بەبۆنەی جەژنێکی مەزنەوە. باشە، ئێستاکێ پیربووم و توانستی ڕۆیشتنی مەشقی سوپاییم نەماوە، ناشتوانم سەرتاپا بەرگی ئەفسەریی بپۆشم و شمشێرەکەم لەخۆم ببەستم بەهەر حاڵ، تەنانەت نایشتوانم شیرێکی (هاکەزایی) بکڕم بۆ کاروباری ئاسایی ڕۆژانەمەوە. ئەی ئەو پوولە لە کوێرا بێنم دەستە جلێکی ئەفسەریی پێ‌بکڕم؟ بەڵام، خۆت دەیزانیت، من بەوەوە سەخڵەت نابم.. من لە حاڵی خۆمەوە رازیم..

(ئەمەیان زۆر جوانە بەڵام تۆ چیت دەوێ؟ خۆ ناشتەوێ بتکەم بە (پاشا)؟ تەماشای من کە، من ئەو هەموو ساڵانە خوێندوومە ئەنجایش ئێستا تەنیا مولازمێکی ئیحتیاتم!

گوتم (بەگم، مەڕوانە ئێستاکەم کەچیم. . . ، وەختێ بووە بەندە پێنج سەد ئەسپ سوارو هەزار پیادەم لە ژێر فەرماندا بوون زۆرەها جار دوژمنم بەزاندوون و چەندان ژەنەراڵی گاورم رەوانەی لای شەیتانا کردوون. . . تەمەنی من هێندەی بەبەرەوە نەماوە بەڵام، ئەگەر شایەدا ویستیان بەمووچەی خانەنشینی و بەناوونیشانی ژەنەراڵیکەوە رێزم لێبگرن ئەوا رەتی ناکەمەوە).

**(باشە، ئێستا تۆ چیت دەوێ؟)**

(ئەمجارەیان گوندیەکان ناردوویانم تۆ فەرمانت دەرکردووە گوندەکەمان دەبێ ئیمساڵ ٣٠ سی (یەکانە) بەرازی کێویی بکوژێت. ئەمەیە هۆ کە من ئێستا هاتووم جەنابتان هەراسان بکەم. چونکە لە خوم بترازێ کەسێکی تر هەرگیز چاوی بە یەکانە کێویی نەکەوتووە. بەندەیش لەبەرەی جەنگدا لە گالیسیادا چاوم پێی کەوتووە لەوێدا مولازمێکمان هەبوو بەناوی ئەتەم بەگەوە ئەگەر مردووە خودا هێمنیی و ئاسوودەگیی هەمیشەیی پێ ببەخشێت، گەر زیندوویشە خوا بکا یادگاری خۆش و دڵگری ئێمەی لەلادا بێت. بەراستی نموونەی لاوێکی دروست بوو هەند بەهێزو تەوانا بوو دەیتوانی کاری دوو سەرەك ناوچەی وەك ئێوە بکات. بۆوێنە، جارێکیان بەیەکەوە واجیبی دەورییەمان بوو بەشەو، کاتێ بۆ شوێنی دیاریکراوا دەچووین گوللەیەکی وێڵ لارانمی‌سمی وەك یەکانە بەزەویدا کەوتم!

ئەمە چییەوە باش چاووش، بریندار کرایت؟ لیمی‌پرسی (هیچ نییە) وەڵامم دایەوە (بەڵێ بەڵێ، لەو زەمانیدا خەڵك لە تەختەی قایمترەوە دروست کرابوون (ئەتەم بەگ) منی‌دی لەدواوەوە بەشەلە شەل جێمابووم هەڵیگرتمەوە، لەپشتی خۆیا هاویشتم و بردمیە نێو خێوەتی نەخۆشخانەی مەیدانیی ئەلەمانەکانەوە. جا لەوێدا، لە تیمارخانەی ئەلەمانەکانا، بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا چاووم بە بەرازێ کەوت. جەرمەنەکان زۆر حەز بەگۆشتی بەراز دەکەن بەندەش ئەوەندە لەوە دەترسام ئەو گۆشتە دەرخواردی منیش بدەن کە لەو ماوەیەی لەوێدا مامەوە هەرگیز دەوم لە هیچ گۆشتێك نەدا. . . بەڵام، من وا زۆرم گوتو تۆم ماتەڵ کردووە بەڵام خۆت دەزانیت پیران زۆر بڵێن و. . . بەکورتی، لە دێکەمانا لە خۆم زیاتر هەچ کەسێ هەرگیز یەکانە بەرازی نەدیوە، مودیری ناحیەکە زۆر پەستو بێزار بوو، نەڕاندی بەسەرما: (تۆ دیوتە یا نەتدیوە - چش ووشەیەکی ترت لەدەما دەرنەچێت. لەگەڵ کۆتایی ساڵدا پێویستە دێکەتان ٣٠ سی‌دانە یەکانە کێویی‌یان کوشتبێ‌و، هەر ئەمەیە. جا هیچ نەبێت ئەو حەلە یەکانە بەراز دەبینن چۆنە. . گوتم (بەگم، بەڵایەکە لەوەدایە هیچ بەراز نە لە گوندەکەمانداو نە لەو دەورو بەرەیەشدا نییە ئێمە تەنها ووشە نەحلەتی‌یەکەی (بەران) مان لا هەیەو هەر گاتێك یەکێ بەراستی مێشك لەکەللەماندا نەهێڵێ ئەوە پێی دەڵێین (بەراز باوك) کەچی ئێمە هیچ بەرازی راستەقینە ناناسین.

سەرەك ناوچەکە گوژمەیی پەڕە گاغەزیدا بە دەموچاومداو هاواری کرد: (هەی بێ‌مێشکینە، تێناگەن دەوڵەت چەند بەتەنگ ئێوەوەیە؟ تەنیا چاوێك بەمانەدا بخشێنە کە ئەوان وا بۆتانی ئامادە دەکەن. . . گشتی لێرەدا نووسراوە، دەزانی بخوێنیتەوە؟ - (نەء). .

**گوایا ئەفسەریش بوویت؟**

(ئاخر گەورەم ئەوە زیانی بۆ کەس نەبوو) ئەوجا کابرا لەسەری رۆیشت (سەرنج بدە: لەم کاغەزانەدا وەها نووسراوە گەورە ترین دژمنی کێڵگەو دانەوێڵە جانەوەرە رەشەکەیە دانەوێڵەیش گرنگترین سەرچاوەی سامانەکانی دەوڵەتەو. . . بۆ زۆرکردنی بەرهەمی دانەوێڵە لە دێهاتەکاندا. . تۆ تورکی تێدەگەیت؟. . . زۆر پێویستەیەکانە کێوی‌یەکان بکوژن. . . تێدەگەیت؟ ووتم: (بێگومان ئەمە روونە، بەگم. بێگومان پێویستە جانەوەرە رەشەکە بکوژرێت تەنیا تۆ نیشانمانی بدەو ئێمەیش دەیکوژین. . بەڵام هەرچی ئێمەین دانەوێڵە

داناچێنین... بابو باپیرانیشمان هەرگیز دانەوێڵەیان دانەچاندووە.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە پێویستە دایچێنن.. لە جیاتی بەتەمبەڵی کات بەفیڕۆدان دانەوێڵە دابچێنن ئەوسا یەکانەکێویی بۆ دانەوێڵەکانتان دێن و ئێوەیش دەتوانن بیانکوژن و دەوڵەتیش دابین بکەن. ووتم بەشادمانییەوە، بەگم، بەشادمانییەوە دانەوێڵە دەچێنین بەڵام، دانەوێڵە لێرەدا شین نابێت. کێڵگەکانمان دانەوێڵە ناهێنن. خۆتان ئاگادارن زستانی ئێروکانە شەش مانگ و پ هەندێ جاریش هەشت مانگان دەخایەنێت و زەویوزار بەژێر بەفرەوە دەبن، (ئێوە هەر بڕوبیانو دەدۆزنەوەو ڕێگە لە هەموو شتێ دەبەستنەوە) ئەمەی و تو قیژاندی بەسەرمدا! ئەی جووتیارانی ئەمریکا چی بڵێن؟ ئەوان گوڵە مێخەك لەسەر شەختەو بەستەڵەکی تەوەری باکووردا دەروێنن.

دە ئێوەیش چاو لەوان بکەنو لێیانەوە فێر بن، خەریکبو شێت دەبووم بۆیە گوتم! بەوانەبڵێ کە فەرمانەکەیان دەرکردووە شتێکی ئەئاوا بکەن بەفر ئەمساڵ نەبارێت. ئەوسا ئێمەیش زەوی تۆو دەکەین، یەکانە کێوییەکانیش دێن و ئێمەیش دەیانکوژین.. زۆر بە توورەییەوە شیراندی: (چاك ئەمە بزانە، تۆ بە دەم فەرمانبەرێکدا دەچیتەوەو گاڵتەی پێدەکەیت لەکاتی هەڵسانێوە بە (واجیبی ڕەسمی) یەوە ئەمەیش بەلانی کەمەوە دوو ساڵ زیندانیی بەچاوەوەیە...) ووتم (تووڕە مەبە، بەگم، کابرایەکی بودەڵەی وەك من چ حەددێکی دەکەوێ بەدەمی بەڕێزێکی وەکو جەنابتانەوە بچێتەوەو گاڵتەی پێ بکات؟ بەڵام، لەچارە ڕەشیی و بەد بەختیی خۆمانەوە هیچ یەکانەیەك لە گوندەکەماندا نییە...

وادیارە لەکەڵی شەیتان نایەیتە خوارەوە؟ کێ باشتر دەیزانێ ئەگەر لە دێکەتاندا یەکانەکێویی هەبێت یا نەبێت، تۆ یاخود ئەوانەی فەرمانەکەیان نووسیوە؟ دەفەرموو دەی، یەکسەر وەڵامم بدەرەوە).

(بەگم، ئێمەو مانان خەلکێکی نەزانو ساوێلکەین. جا من چیت وەرام بدەمەوە. وەك من دەڵێم لە ئاواییەکەمانا هیچ یەکانەێی نی یە، قیژاندی بەسەرمداو گوتی: (ئەو زاتانەی فەرمانەکەیان دەرکردووە، تەماشای زۆر نەخشانیان کردووە، بەنێو گێشە کتێبێکدا چوونەتەوە ئەنجا لەسەر بناخەی چەندەها زانست و ڕاستییەوە زانیویانە جانەوەرە ڕەشەکە لە دێکەی ئێوەدا هەیە. منیش لەوەدا گومانم نییە یەکانە ڕەشە لە گوندەکەتانا هەیە تەنانەت ئەگەر ئێوەش نەتاندیین یاخود هیچیان لەبارەوە نەزانن. مادامەکی ئەوان ئەئاوا دەڵێن، ئەوە جەهەندەم، دەبێ یەکانە کێویی لەوێدا هەبن... جا، چاوتان بکەنەوە).

(دەیانکەینەوە بەگم، بەڵام سوێند دەخۆم بەیەزدان کە هیچ یەکانەێی لە گوندەکەماندا نییە) ـ (تۆ بەڕاستی کەللەیەکی زۆر ڕەقت هەیە هەی کەڕو لاڵ. ئێمەیش بۆ بەرژەوەندی ئێوە ئەئاواهی خۆمان هیلاك دەکەین و هەوڵ دەدەین وەك خەڵکی ئاسایی بەبێ کەموکووڕی پێتان بگەینین کەچی ئێوەش هەر هیچ تێناگەن... ئەم فەرمانە وەزیری کشتوکاڵ خۆی دەریچواندووە، تێگەیشتیت؟ هەر خۆیشی بۆ هەموو ویلایەتەکانی ناردووەو داوای لە پارێزگارەکان کردووە لە هەر هەرێمێکدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە یەکانان بکوژن. ئایا بەفیکری تۆ پارێزگارەکان خۆیان یەکانەکان دەکوژن؟ ە نەخێر ئەوان ئەمە ناکەن ئەوانیش فەرمانەکەیان بۆ قەزاکانا ناردووەو پێیانیان ڕاگەیاندوون هەر قەزایە دەبێ چەند یەکانە بکوژن. ئەمانیش بەدەوری خۆیان بە مودیری ناحیەکانیان ڕاگەیاندووە، ئەمەتا ئێمەیش بە ئێوەی ڕادەگەینین ئێوەی گەمژەو کەللە ڕەق. منیش بەشی خۆمم بەیەکسانی بەسەر گوندەکانەوە دابەش کردووەو دێکەی ئێوە پێویستە ٣٠س یەکانە تەسلیم بکات...).

(مودیری ناحیە ئەوەندەی پەیوەندیی بە کەللەڕەقییەوە هەیە، ڕاستە ئێمە کەللەڕەقین، چەندیش پەیوەندیی بە گەمژەییەوە هەبێت، ڕاستە ئێمە گەمژەین، بەڵام داوای لێبوردنت لێدەکەم، هیچ یەکانە کێوییەك لە دەورو بەری

گوندی ئێمەدا نییە.

- (جەهەندەم کەوابێ بەقسەی جەنابت تەنانەت وەزیری کشتوکاڵیش نازانێ ئەگەر جانەوەری ڕەش لە گوندەکەتانا هەبێ یانەبێت. ڤیژاندی بەرووەمدا (نەباشترین پسپۆرەکان و نەراوێژکارانیش کە لە کۆلێژی کشتوکاڵی ئەورووپادا خوێندوویانە پارێزگاریش نایزانێو هەروەها قایمقامەکانیش... نە کارگەرانی دایەرەی کشتوکاڵیو. نەتەنانەت منیش دەیزانم.. کەواتە، جەنابت دەفەرموویت ئێمە گشتمان گێل و هیچ نەزانین... وانی‌یە؟ وە بەتەنیا تۆ شتێك دەزانیت.. هەر تۆیت تاکە خوێندەوارو لێزان!

چاکە، ئەنجا دەزانیت ئەم بە سووك زانین و گاڵتە پێکردنە مانای چییە؟ یەکەم: تۆ خودی خۆمت بەگێل زانیوەو بەدەممدا چوویتەوە، ئەمەیان ئاوا، بەڵام وائێستێ قایمقام و پارێزگاریش بە نەفام دەدەیتە قەڵەم و گاڵتەیان پێدەکەیت. ئاخۆ ئاگات لێیە کێ بەسووك دەزانیت و قەشمەری پێدەکەیت؟! وەرامم دایەوە، من مەبەستم ئەمە نەبوو، بەگم مودیری ناحیە شیراندی؛ (مەبەست ئەوە بووبێ یانەء، هیچ پارە ناکات) لەپڕێکا بەرزەیێ بووو دانیشتەوەو گوتی: (جگە لەمەش، دەوڵەت ئەو یەکانانەی یە خۆرایی ناوێت. هەر ئەوەندە بەسە ئەگەر کلکەکانی سی‌یەکاتان بێنن، من بروانامەیەکتان دەدەمێ. بروانامەکە دەبەنە دایەرەی زەویو زارەوەو لەوێ پوولتان پێدەدەن.. ئەوسا دەتوانن پوولەکان ببەن بۆ بانك)و دوازدە (کروش)ی پێ وەرگرن.

لەمە زیاتر چیتان دەوێ؟ تێدەگەی ئەمە چی سوودێکتان پێدەگەیەنی؟ ئەمە جەنگێکی ئێجگارەکییە دژی یەکانە کێویی بەرپاکراوە.. پێم بڵێ).

یەك کێلۆ گەنم بەچەندە؟

وتم (بانك هەشت کروشی پێدەدات، وتی (دەبینن، کلکە یەکانەیەك نرخی کێلۆو نیوێك گەنم دەکات. من لە جێی ئێوە بوومایە، نەدەچووم بە خاوخێزانەوە لە کێڵگەدا ڕەنج بکێشم، بەلکو هەر کلکە یەکانە کێویم بە دەوڵەت دەفرۆشت. جا ئێستا بچۆرەوە ماڵەوە، ئەم قسە پڕوپووچانە بیرێتەوە. فەرمان هەر فەرمانە. ئەگەر زوو دەس بەکوشتنی ئەو مشەخۆرانە نەکەن ئەوا جەندرمەتان دەنێرمە سەرو ئەوان فێرتان دەکەن چی بکەن.

خوا دەس بەباڵتەوە بگرێت؟ ئەمەم گوتو ڕاست بۆی دەرچووم.

گەڕامەوە گوندەکەماناو ئەوەی مودیری ناحیەکە پێمی گوتبوو بۆ خەڵکەکەم گێڕرایەوە.

(دەزانن چی ی؟ بام یەکانە کێویلان بەخێوکەین؛ یەکێ هەڵیدایێ، (تیر ئالیکیانێ دەکەین و لەدواییدا کلکەکانیان بەمیریی دەفرۆشین! بەڵام گوندیی‌یەکان نارەزایی‌یان دەربڕیو گوتیان بەوە گیانلەبەری گڵاو دێنینە نێو دێکەمانا... لەپاشان پیاوەکی دونیا دیتە داوای قسەی کردو گوتی (یەکانەیەکی زۆر لەو شوێنەدا هەیە کە کاتی خۆی سەربازیی لێوە کردبوو،. دێ نشینەکان ماوەیی بیریانکردەوە، لە دواییدا وتیان (چاووش ئاغە، دەزانی چی، ئەگەر تۆ بچیت و ۳۰ سی کلکە بەرازمان بۆ بکڕیت ئەوا چاکەیەکی زۆرمان لەگەڵدا دەکەیت، بەڵام ئەوە بەشەمەندەفەڕ دوو ڕۆژی دەبرد. منیش لە وتووێژەکەدا بەشداریم کردو گوتم (ئەگەر ئارەزووتانە کارەکە بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت، وە ئەگەر ئەوانیش ئامادەن بۆ هەر تاقە کلکێك دوازدە کروش مان بدەنێ، دەبا چەند کلکێکی زیادەش بکڕین و بیانفرۆشین تاکو خەرجیی هاتوچۆکەی لێ دەربێنین).

پێشنیازەکەمیان پەسەندکرد، پارەی سەفەرەکەمان لە بانکەوە قەرزکرد. بەندەیش دوو هەگبەم کردە شانمەوەو ملی ڕێگام گرت... لە وەختێکی باشدا گەیشتمە قوناخ.. ژمارەیەکی زۆر بەرازە کێویی لە وێدا هەبوون. بەڵام زوو بۆم دەرکەوت کە هەر من بەتەنها تاقە بلیمەتێ نەبووم ئەو ڕێگایەم دۆزیبێتەوە خەلکی‌دیش بۆ کلك - کڕینا هاتبوون و تەنانەت کڕیاری لێهاتوو بەگیشە کلکی نایابیان وەدەس هێنابوو کارەکە لەبرەودابوو، داوا لە هەرمێن

بوو بۆیەکا نرخی هەر کلکێ ٢٠ بیست کروش بوو. منیش لە دڵی خۆمدا لێکمدایەوە!؟ جا چی بکەم باشە؟ ئەگەر وا بڕوات مایە پووچ دەردەچین و ماڵوێران دەبین.. ئەگەر ئەو کلکە نەگریسانە بە دوازدە کروش بدەینەوە دەوڵەت ئەی هەرگیز چۆن پارەی سەفەرەکەمان بۆ دەردەچێت؟ کەوتمە سەوداکردن لەگەڵیاندا، سەرەنجام دوای بینەو بەرەیەکی دوورو درێژ دوو سەد پارچەم کڕی، یەکی بە پازدە کروش و لە حەوشەی خانەکەدا بە خەلکەکەم نیشاندان.

(هەی گەمژە، ئەوە تۆ لەم تەمەنەتدا شێت بوویت؟ بەگاڵتەوە پێم پێکەنین، (ئەوە تۆ قەت کلکە بەراز نەدیتوون؟ منیش بەسەرسوڕمانێکەوە پرسیم: بۆ چ) ووتیان (چونکە ئەمانە کلکی بەراز نین، کلکە سەگن... تومەز لاوێکی پیکراو زیرەك کلکی چەند سەگەکی بڕیبوون، لە نێو رۆنی زەیتونی هەڵێنابوون و منی بەکەر زانیبوو، بڕوای پێهێنام کە کلکی یەکانانن. بەم جۆرە تەفرەدرابووم و قوڵیان بڕیبووم. (جا، ئەی چبکەم باشە؟) بە نائومێدیی پرسیارم کرد.ة گوتیان (هیچ بیانبەو هەریەکەی نەختێکی تریان لێ ببڕەوە، هەندێکی کەیان چەورکەرەوەو بیاندەرە مودیری ناحیەکەتانەوە هەر وەك هیچ شتێ رووینەدابێ. خۆ ئەو نایزانێت.

دونیا گەرمبوو، سەفەرەکەش درێژ، لە رێگادا کلکەکان بۆگەنیان کردو کرمێ بوون.. خەلکەکەی نێو شەمەندۆفەرەکە بەسەریاندا قیژاندم: (ئەرێ ئەم بۆگەنە پیس و ناخۆشە لە کوێوە دێت؟) خۆمم لێ کەڕکردنو وورتەم لێوە نەهات.

سەرەنجام گەیشتمەوە دێکەمان و لەوێدا بەم مژدە سەر سووڕهێنەرەوە پێشوازییان لێکردم: (چاووش ئاغە، وا دژی قەلەرەشکانیش هێرشیکیان دەس پێکردووە. مودیری ناحیە سەری دوو سەد قەلە رەشکانی ویستووە!) ووتم (قەلەرەشکە؟ ئەوەیان خراپترین شت نییە...

بیانکوژن و ئێمەیش سەلکەکانیان تەسلیم دەکەین.. بەلام، وادیارە لە ماوەی پانزە رۆژدا هێرشی کولە کوشتنیش دەس پێدەکات لە خودا بپاڕێنەوە مودیری ناحیە داوای سەلکە کلۆیشمان لێنەکات!).

دانیشتوانی دیهاتەکانی دەوروپشتمان بیسیانەوە لە گوندەکەمانا کلك وەچنگ دەکەوێ، سەیری ـ کۆمەڵ بەکۆمەڵ هاتن، ئێمەیش بۆ هەر کلکێ ٥٠ پەنجا کروش مان لێ سەندن. دوایی ش ٣٠ سی کلکمان برد بۆ مودیری ناحیە. کابرا بەقاقاوە گوتی (دەبینی؟ دەشتانگوت هیچ یەکانە لە گوندەکەتاندا نییە. تۆ تەنیا سەیرێکی ئەو کلکانە بکە، بزانە چەند جوانن... ئەمانیش رۆژێ لە رۆژانا گیانلەبەری درندە بوون!

لەو رۆژە بەدواوە هیچ کەسێ نەیویست پێ بنێتە ماڵی منەوە. دەیانووت ماڵەکەمم گلاوکردووە، هیچ کەس نەیدەویست دەسەکانم بگوشێت، دەیانووت دەستم داوەتە کلکە گلاوەکانەوە. بەندەیش ئەم ووشانەی خوارەوەم دەچرپاندە هەندێ لە گوندییە هەرە زیرەکەکانەوە (نهێنییەکتان لا دەدرکێنم.. من هیچ گوناهێکم نەکردووە تەفرەم خواردبوو... لەخشتە برابووم، ئەی باشە چیترم بکردایە؟ منیش بەهەمان دەستوور فێڵم لە مودیری ناحیەکە کردو تەفرەیمدا؛ کلکە سەگم بۆی هێنا لە جیاتی کلکە بەرازان!

هەروەها ئەو رازەیشم بۆیان ئاشکراکرد کە ئەو کلکانە چۆن چۆنی بەرهەم هێنرا بوون. ئەوجا، گومانیش لەوەدا نییە کە بەلێندەرێکی بلیمەتو چاوەقایم لە گوندەکەی ئێمەیشدا هەلکەوت و ئەویش چالاکانە دەستی دایە (بەرهەم هێنان)و ئیتر، لەوساکەوە سەگەلی گوندەکەمان قوتەو بێ کلکن! کابرا

هەروەها لە شاریشدا ئیش دەکات.

جارێکیان، لە شاردا تووشی هاتم، لێیم پرسی: (ها، ئەحواڵت چۆنە؟

لە وەڵامدا گوتی (سوپاس بۆ یەزدان، لەسای کلکە سەگانەوە بەختم هەڵساوە!

(١) ئەم ووتارە لە ١٩٦٢ بلاوکراوەتەوە (وەرگێر)

(٢) لە گۆڤاری New Orient چیکۆسلۆڤاکی (بەزمانی ئینگلیزی) وەرگێردراوە.



# شەڤا ڕەش



○ شمزین خلیل ملحم ○

شڤانێ گوندی گووتە بێرییەکێ: -

پاییزێ دەست پێ‌کرد، زەڤیێت گوندی سارببوون ئەز دێ چمە چیای، نۆبا هەوە بلا کوڕێ تە سماهیل بێتە نوبەدارێ.

- دێ لکیرێ بی‌دا بێتە نك تە.

- دێ لهەڤش بم بلا بێت.

شەڤە بایەکێ تەزی پێ تێت خویسارا لنهالاّو دولاّ چێ بووی شڤانێ گوندی لڤی دەمی بخۆ ئاگرەکێ هلکری‌و کەپەنە پێ دخۆ وەرکری‌و پێ روینشتی یە لبەر ئاگری‌و سەیێ وی ژی پێ ڕازا یە لدەف وی، شڤانێ گوندی پێ لهیڤیا نوبەداری داکو بێتن و جفتێ‌و شیڤێ‌و تێشتێ‌و کالکەکێ‌و پشت گورکەکێ‌و دگەل چاکیتەکی دگەل خۆ بێنت. پەز پێ مەخێل بووی هندەکێ ڤەدکایێت و هندەکێ



نفستی. پیچ پیچە هەڤشێ لچیای بێ سارێت وچبکێت بارانێ بێ دگەل بای تێن، هەر جگار کێشانەکێ شڤانێ گوندی بێ ئاگرێ خۆ خوش دکەت و هندەك جارا دەنگێ گورگا ژ دیرڤە دگەل بای بێ تێتە گوهێت وی وبەرێ وی بێ لرێکا نوبەداری نوبەدار ژ گوندی دەرکەت هەتا گەهشتی یە چیای و گەهشتە هەڤشی، کو پەز لێ رازایە جارا ئێکێ شڤان نەدیت، پاشی بەرێ خۆ دا رەخێ دی بێ هەڤشێ روناهیەك دیت زانی یا ئاگرێ شڤانی یە. سەیێ شڤانی سەرێ خۆ راکر شڤانی زانی تشتەکێ هەی بەرێ خو دا رەخێت خۆ نوبەدار دیت، سماهیلی سلاڤ کرە رێڤینگی ورێڤنگی سلاڤ ژێ وەرگرت، سماهیلی تشتێت خو دانان ورونشتە لبەر ئاگری، رێڤینگی گوتی:

- هەکە تو برێکێڤە دهاتی تە گول دەنگێ گورگا نە دبوو؟

- بەلێ.. بەلێ من گولێ دبوو، بەلێ دویرن.

- عەورێت رەش پێدتێن و با حێلێ تێت دگەل چپکێت بارانێ، دێ باران ئێت، ئەز دبێژم چێ ترە پەزی بیەینە شکەفتێ ڤە ژبەر بارانێ و گورگا.

- دێ بلا دا بیەین هێشتا بارانێ لێ نەکری و گورگە نێزیکی مە نە بووین. هێشتا نە رابووین بارانێ لێ کر و بو هورەبایەك و بریسیا ڤەدا. بلەز هەردووك رابوون رێڤینگی جفتە بملێ خو ڤەکرو چاکیت هلگرت و سماهیلی تشتێت دی هلگرتن و رێڤنگی لپەزی کرە ڤیری پەز رابوڤە، رێڤینگە لرەخەکێ پەزی و سماهیل لرەخێ دی و سەیێ ژڤی رەخێ پەزی دچتە رەخێ دی بێ پەزی و بەرێ پەزیدا. رێکا شکەفتێ و چوون. بریسی و باران بێ دبەردەوام بوون هەتا گەهشتی نە شکەفتێ، شکەفت نە هندا مەزن بوو کو هەمی پەز بچتە شکەفتێ ڤە هندەك ما نە ژ دەرڤەی شکەفتێ لبن بەرەڤەزا سماهیل و رێڤینگە و سە مانە لبەر دەرێ شکەفتێدا گورگە نە ئێنە شکەفتێ ڤە، چونکو دەمێ باران دباریت گورگە قەستا پەزی و شکەفتا دکەن. سەیێ رێڤینگی رەوی، دگەل رەوینا سەی گورگە کەتە پەزی لبن بەرەڤەزا پەز بربووو بەلاڤەبوو، هەر بارانا لێدکەت و بریس بێ ڤەددەن، سماهیلی تشتێت خو دانانە شکەفتێ ڤەو کارێ غارێ کر، و دەنگێ بریسیا، بدەنگەکێ بلند رێڤینگی گوتی: -

- دێ کیڤە چی؟!

- دێ چمە دهەوارا پەزی.

- تو نەشێی چبکەی رەڤدەکا گورگانە، نێزیکی دەهـ گورگانە.

- بلا..... ئەز هەر دێ چم.

- پا ئەز دێ دگەل تە ئێم.

- نە دگەل من نەئێ چاڤێ خو بدە پەزێ شکەفتێ ڤە.

- جفتێ دگەل خو بیە.

- نە بلا فتەبت ئەز دترسم گورگە بێنە تە.

ڕێڤینگی دزانی جفتە سماهیلی با چێ تر بو، بەلێ پا سماهیلی گوهێ خونەدا ڕێڤینگی و گازی کرە سەیی و کرنە غارو چوون. گەهشتنە بن بەرەڤەزەکێ دیت هندەك گورگا خو هاڤێت و دوو سێ بزنـەك برن سەیی دیتن، ڕەوی و بدیڤدا چوو. هندەك گورگ مابوون هێشتا نە چوو بوون، گورگەکی ژ وان گورگا خو دسماهیلی وەرکر سماهیل و گورك دکەڤرەکی دا کەتن و گورگی دەستێ سماهیلی بدەڤێ خو یێ گرتی و سماهیل یێ بزاڤێ دکەت دەستێ خوٚ ژ دەڤێ گورگی دا بینتە دەرێ و یێ دکەتە هەوار، دەنگێ وی لچیای دەنگ ڤەدا ڕێڤینگی گول هەوارا وی بو، کرەغارو سێ فیشەکێت جفتێ هاڤێتن ولدیف دەنگێ سماهیلی چوو، گورگ ژ ترسێت دەنگێ جفتێ دا وبزاڤا سماهیلی دکر ڕەڤی. و هەر باران و بریسی یێ دبەردەوامن. سە گەهشتە نك سماهیلی، هێشتا سماهیل ژ ئەردی نە رابوویە ژبەر بریندار بونا خو، ڕێڤینگ گەهشتە نك سماهیلی دیت سماهیل یێ بزاڤێ دکەت کو ڕابتە ڤەو ئاڤا بسەری دا تێتە خارو خوینا بلەشێ وی ڤەو جلکێت وی یێ ددڕیاین ژبەر پنجرویکێت گورگی لێداین، بلەز ڕێڤینگی دەستێت خو هاڤێتنە بن کەفشێت سماهیلی و ڕاکرەڤەو چوون هەتا گەهشتینە شکەفتێ، ڕێڤینگی چاکێتێ خو دانا ئەردی و سماهیل ڕازاندە سەرو کەپەنێ خو بسەردا داو سە مالنك سماهیلی و ڕێڤینگ چوو هندەك چەقێت دارا ژدەرڤەی شکەفتێ ئینان وئاگرەك هلکرێ وهندی شیای خوین و ئەڤن بلەشێ سماهیلی ڤە پاقش کرو دەستێ وی بپاتەکی گرێدا هەتا سماهیل نڤستی، ڕێڤینگ چوو نك تشتێت سماهیلی ژ گوندی ئینابن، دناڤ وان تشتادا مێدەکەك دیت زانی شیڤ و تێشتا وی یەو کالکەك و پشت گورکەك دیتن، زانی ئەڤ کالك وپشت گورکە یێت ئینابن دا بکەتە پێ خوو سماهیل کالك و پشت گورکێت پیا بیەتە گوندی ویدەفتە فنویە دارێ بەری خو. هەتا بوویە نیڤ شەڤ ڕێڤینگی شیڤا خو خارو کالك وپشت گورکێت پیا ژ پێ خو کرن و کالك وپشت گورکێت سماهیلی ژ گوندی ئینابن کرنە پێ خو، سەو ڕێڤینگ مانە هشیار لهنداف سەرێ سماهیلی هەتا بوویە بەری سپێدێ، ڕێڤینگی لڤی دەمی بەرێ خو دا ژ دەرڤەی شکەفتێ دیت بارانا ڕاوەستیایی وئاڤەهەیڤە وەکی تاڤەهەیڤا کەو چەرینێ یەو بەرێ خودا سماهیلی دیت هێشتا یێ نڤستییە، ڕابوو هندەك چەقێت دارا دانانە سەری ئاگری وگازی کرە سەیێ خوو چوو، چوو ژدەرڤە لپەزێ ژدەرڤەی شکەفتێ بگەریت ئەو پەزێ لبن بەرەڤەزا گورگ هاتینی هندەك بزن ژێ برین و یێ دی بەلاڤەبوویی و دویری شکەفتێ بووین، ڕێڤینگ گەهشتە وێ بەرەڤەزێ یاکو سماهیل لێ بریندار بووی ڕێڤنگی بەرێ خودایێ دیت دوو بزنێت کوشتی نە لوێرێ، بلەز ڕێڤینگ وسەیێ خو چوون چ بزنا دیتی ئیناو یامای دێ سپێدێ لێگەرن و چوو هنداف سەرێ سماهیلی دیت یێ هشیار بووی کەتە سەر کوتکێت خو وروینشت و گووتە سماهیلی: -

- تو یێ چەوانی برا؟

سماهیل ڕابوو شقوینڤەو بەرسڤا وی دا وگووت

- ئەزێ باشم برا. سماهیلی بەرێ خودا چاڤێت ڕێڤنگی وگوتێ: -

- ئەز نوزانم دێ چ بێژمە تە، ئەز نوزانم دێ چەوا باشیاتە زڤرینم.

- نەبرا وەنە بێژە من چ باش لتە نەکرینە ئەز وەکی برایێ تەمە.

هەردووك بشکورین و ڕێڤینگ ڕابوو پەزێ شکەفتێ ڤە دەرێ خست و چونك سماهیلی وگوتێ: -

- دێ برا ئەز دێ پەزی ڕاکەمە شەڤێنێ وتوژی هەکە بو سپێدە هەرە گوندی، هەردووك چوونە دەستێت ئێك و دوو وڕێڤینگی لپەزی کرەڤیری و چوو.

# دەنکە هەنار

عەبدوڵلا سەراج



بە هاورێکەم وت: مێژوو چەند (شێوە)یەکی جیا جیای (کردار)ی مرۆڤە لە (کات)ی جیا جیادا، چونکە لە چەند (گۆشە)یەکەوە دەیبینین؛ واتە توێژینە لەمەڕ بنیادەمێك یان کۆمەڵێك لەکاتێکی دیاریکراودا بۆئەوەی پاشەڕۆژ ی وەدی بکەین.

- باشە، دەتواندرێ مرۆڤ لە کردەوەکانی جیا بکەینەوە؟

ئەو گوتی. منیش وەڵامم دایەوە:

- دەگوێ لەم چیرۆکە بگرە.

دەروێش کاکەدین مشکیو جامانەی تێکەڵ دەکرد. سەروپێچەکەی، هەر بەپێچراوەیی گوزاتە سەر کەشکەژنۆی خۆیو بەسێ نوخان پشت گوێچکە گۆشتنە درێژکۆڵانەکەی خوراند.

ئەمجا دەستی بۆ هەنارەکە بردو

دیمەنێکی لەمێژی هاتەوە یاد. [بە نامامی لە شارەبانەوە هاوردم] نیگای بە گەڵاو چڵە سەوزەکانیا هەڵشاخا. کە جێگایەکی فراوانیان لە حەوشەکە زەوت کردبوو. [ئای کە هەنارێکی دانسقەو ئاودارە! توێکڵەکەی چۆن دەبریقێتەوە! دەڵێن گوایە هەر هەنارەو دەنکێکی لە بەهەشتەوە تێهاوێژراوە، کەچی بە نەسیبی هەر کەسێك نابێت!]

هەنارە مێخۆشەکەی بە تەرحێکی ئەوتۆ قڵەشاند کە دەنکێکی چی‌یە نەتەقی‌یان بکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەو چەوری‌یەی بۆ ئەم مەبەستە ڕاخستبوو هەتاکو خۆی گوتەنی: «کاڵوکوڵێوی دەخۆم. بەڵام دەنکە هەناری بەهەشت بوگەن نابێ، یان...» هەندە بەتاسەوە قەپاڵی لێدا هەر وەك ئەوەی دانیشتووی کیشوەرێکی ئاسمان بێت و بۆ یەکەمین جار چاوی بە هەنار کەوتبێ! هەستەکانی گشت لەناو زاری‌دا کۆببوونەوە. مشەی دەهات. لیکاوێك بە لالغاوەی‌دا، هێڵێکی ئاڵی بۆ ژێر چەناگەی ڕەوانە کردو لەوێوەش؛ لە سنگە تووکنەکەی ژێر ستارخانی‌یەکەی‌دا ون بوو. بەجۆرێك وا خەریکی خواردن بوو کە بازنەی ڕووانینی یەکجار تەنگ بوو، هەر تۆزێك لە چوارچێوەی چەوری‌یە ئاورشمینەکەی بەرینتر بوو! لەپڕ، هەروەکو بکەوێتە ناو بۆسەی ڕاوکەرێکی کارامەوە، ڕاچڵەکاو هەرچی دژوێنی دەزانی و هەندێکی تریشی داهێنا دژ بەوکەسەی کە دەرکەی دەرەوەی وازە کردبوو بۆ ئەو کەڵەشێرە نەگریسە هەتا دەرفەتی بێنێ بۆ قۆزتنەوەی دەنکە هەنارێك. [سندانم لێت دا. دەق بە پەڵەوەری دۆزەخ دەکەیت. هەبێ و نەبێ، ئەو دەنکە هەنارەی قوزەڵقورت کرد کە لە بەهەشتەوەیە.

هەرواشە. ئەگەر واش نەبێ بۆ لێم کەوتە دزەوە! مەلا محێدین دەڵێ: «بانگمان بۆ دەدات. دەك تووی ببڕێتەوە. ئەی دەنووك لەپیسی وەرنادەن؟ با.. هەی بە نەحلەتی دووا ڕۆژ بیت هەی. تفوو لەخۆت و کارو کردەوەت. هیچ مەمنوون نیم لەوەی کە مەلابانگدان ڕامدەپەڕێنیت.»

بەتوڕەیی‌یەوە هەستا.

- خەجە. هۆ خەجیج.. ئەو کەڵەشێرە بەدفەساڵە هی کێ‌یە؟ بەو پرسیارە، خەجەی هاوسەری لەگۆمی حەپەسان هەڵکێشا.

- بۆ، پیاوەکە!؟ خوانەخواستە کارێکی گەنی کردووە!؟

- کچێ هەی گەمژەی گەمحێل، ئەوەی ئەو کەڵەشێرە کردوویەتی مەگەر حەوینجە جوولەکە کردبێتی.

خەجە دەبوایە پێکەنی و گاڵتە بە ئاوەزی مێردەکەی بکات، بەڵام کە چاوە سوورەکانی دیت، دانی بەخۆیا گرت و بە کاوەخۆ؛ دەمی هەڵهێنا:

- کەڵەشێری ماڵ سۆفی ئۆمەرە.

- من سۆفی و مۆفی نازانم. دەمەوێ لە ئێستا زووتر نی‌یە، بچی، بە خۆشی وترشی بێت، بە قیمەت بێ یان بە هیمەت؛ ئەو کەڵەشێرەم بۆ بهێنە. هەر ئێستاکە..

خەجە وەکو کێچێکی لاق شکاو فرتەی‌کرد بۆ دەرەوە. پاش جگەرە کێشانێك، بە خۆی و بە کەڵەشێرەوە، لە نووای دەرویش کاکەدین وەستان.

- سۆفی سڵاوی هەبوو. گوتی: هەر دەرویش و کەڵەشێر!

خۆشم لە ئوغریدام.

دەرویش لەژێر دگانەوە، دەنگی دەرچوو،

- ئەمێستا کارەکەم سازە. بێنە، بمدەرێ. تۆیش برۆ مەنجەڵێ ئاو بخەرە سەر ئاگر.

کەڵەشێرەکەی، لە هەردوو باڵەوە هەڵگرت و گورج قەڵەمتراشەکەی باخەڵی دەرهێنا. ڕووی لە قیبلەکردو زمانی لەنێوان دەنووکی‌دا پەستا، ئەمجا چەند پەڕێکی لەملی هەڵکێشاو ئەوسا تیغەکەی بەملە ڕووتەکەیدا هێنا، کەچی لە هەڵەشەیی خۆی و لە ڕکی دڵی، ناوی خوای لەبیر چوو، بۆیە لەبەر خۆیەوە گوتی: «بەو خوایەی بان سەر گەر بەرازیش بیت، سەرتاپات دەخۆم.»

—

خەجە هەر لە گۆمی سەرسوڕماندا بوو کە دەروێش پاش هێور بوونەوە کەللە شەکرێکی شکاند کە وەك پینەی کەوا زەق و دیاربوو.

- ئافرەت خەونم دیوە، دەبێ بەتەنیا خۆم بتوونی گۆشتو گۆشتاوەی بخۆم.

پاش نوێژی ئێوارە، کەلەشێری لەت وپەت کراوی خرایە بەر دەست. دەروێش کاکەدین، بەوردی یەك بەیەکی پارچەکانی لە مێشکی خۆیدا لێکدایەوە، ئەوجا دەستی کرد بە ماشینەوەیان. پێشان لە سەرو قاچە ڕووتەکانەوە دەستی پێکرد [منداڵ بووین سەلکی مریشك و کەلەبابیان نەدەداینێ نەبادا سەری باوکمان بخۆین.] ئەمجا پەلاماری ملەقوتیو سیقەتۆرەو جەرگە و دڵەکەی دا. د وایی، نیشتە سەر سمتە جۆرەو سینگ و ڕانەکان. ناوبەناویش لە شۆراوەکەی هەڵدەقوراند «ئۆخەی» بە خۆی وت: «دەنکە هەناری بەهەشتی من دەخوێ! منیش وا سەرتاپات دەخۆم. با بزانین، تۆ نەبیت من بۆ نوێژی بەیانییان هەڵناستم! ئیتر سوێندبێت کە لە گۆشتی کەلەشێر بەولاوە، گۆشتی دیکە نەخۆم هەتا قرتان تێدەکەوێ.»

مەست ومڕبوو. هەر زووش خەو بردییەوە. شەویش چەند گلەتێك ڕاچڵەکیو چاوی لە شەوە نووتەکەکە بری. «زۆرم خوارد.» چێشتەنگاو، خۆر ڕمێك بڵندبوو کە خەجە ڕایوەشاند.

- ڕاست بەرەوە. دەڵێی قایەت شکاندووە! بە ئانقەستا هەڵتم نەستاند. دەروێش کاکەدین چاوەکانی هەڵپڕواندو . . .

- خۆ گۆشتی ئەو نەحلەت بووە لە نوێژی کردم.

- پیاوەکە، خەتای کەلەشێرەکە نییە، خەتای. . . .

- جا ئافرەت، پێم ناوشی لە چ سووچێکەوە گوناحی منی تێدایە!؟

خەجە گشت ئازایەتیی خۆی گرد کردەوەو گوتی:

- بەسڵا چوویەکی وەك تۆ دەبێ پێوانەی خۆی بزانێو . . . بە تەنگی ورگی خۆیەوە بێت.

- ئەی نەمووت: خەونم پێوە دیوەو. . . هەی گەمژەی وڕو کاس!

- کەواتە. . . دەبیخۆ.

ئیتر لەوە بەولاوە، دەروێش کاکەدین بووە مێملی ڕەگەزی کەلەشێرو کەف وکوڵی ناوەوەی خۆی بە ئەوسە - پێکەنینێك دەرخست کە کتومت بە حیلکەی ئەسپێکی زامدار دەچوو.

- خەجە، دەی ئەو پاچەی پشت دەرگاکەم بۆ بێرە.

دیسانەوە، خەجەی هاویشتە گۆمی حەپەسان.

- لە. . . بەر. . . چی!؟

- دەمت داخە. بێ چەنو چوون. ئەم هەنارە لە بێخەوە دەبڕمەوە

خەجە دەنگی نارەزایی هەڵبڕی.

- پیاوەکە، پێم نایەژی ئەمەیان لەپای چی؟!

- پاو مای ناوێ. حەوشەکەمانی تەسك کردووەو. . . ئا.

خەجە پاژنەی بە دڵی خۆیەوە ناو دەمی یاخی بوونی کردەوە

- دوو ڕۆژی ڕەبەقە تۆ وەك ئەوەی. . . .

- دەی، دەی تەواوی بکە هەی نارەسەن. دەبڵێ وەك ئەوەی جنۆکەو منۆکە جوونەتە کەوڵمەوە

- ئەرەوەڵڵا.

- زۆر زۆر جوان و پوختەیە. هەر ئەمەم مابوو!

ڕاوەستە با لەمە ببمەوە، ئەوساکە دوو قسەش لەگەڵ تۆدا دەکەم و قەرەبووی ئەم چەنەبازییەت دەدەمەوە.

دەرویش کاکەدین وا بەرکەوە تەکانی دا، هەرچی کێشکەی زۆربڵێ لەو گوزەرە هەبوون، دەنگیان بردە ژوورەوە. جووتە «یاکەریم»ەکەی سەر دار هەنارەکەش؛ فرکەیان بۆکردو لەسەر لێوارێکەوە چاویان لە سێبەرە ڕەشەکەی دەرویش کاکەدین بوو کە پاچەکەی دەوەشاندو تفی لە ناو لەپی دەکرد.




- فیصل دیهاتی -

دەستەکانت لە ترسی قارسی سەرماکە لە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەت کرمۆڵە کردووە، زۆر بە پەلەی هەنگاوەکانت خێراترو گەورەتر دەکەی، بایە ساردەکەش وەکو گوێزان بە ڕووتا دەچزێ، هەمووی چەند سەد مەترێکە دەگەیتە گۆڕەپانەکە، شۆستەی شەقامەکەش هێندەی بە بەرەوە نیە، دوکانەکانی شێخەللاش زۆر بەیان تەڕە فرۆشن. . هەر یەکەیان هێندەی ناو دوکانەکە سەوزەی بە بەردەم دوکانەکەی کەڵەکە کردووە، ئەگەر بە ناوەراستی جادەکەدا دەڕۆی ترسی ئەوەت هەیە بکەویە بەر شاڵاوی ئۆتۆمبیلی هەرزەکارێکی سەرمایەدارو. بپلیشێیتەوە!. . هەروای پەسەند دەکەی بە لێواری شۆستەکەدا هەنگاوەکانت چڕترکەی، هێشتا چەند خولەکێك ماوە، تەمەنێکە.

خۆی پێی گوت. . زۆر لە ژیانی دایرە بێزارم، ژیانی دایرە بێ گۆڕانە، هەموو رۆژێك دەبێ بەسەر کلێشە کۆنەکە راپەرموویتەوە، لە پرسگە بەیانی باشو ئیمزاکردنی دەفتەرەکەو (زواج)و (صورة قید)و (بطاقەی شخصی). . دوێنێش بە شێوەی ئەمرۆ بوو. . بەیانیش بە شێوەی ئەمرۆیە «هەریەك قەوانە» ئەگەر بەرپرسی ماڵەوە نەبوایە ئەو چەند ساتە شیرینەی ژیانی وا بە هاسانی لە دەست نەدەچواند «هەموو کردارەکانی رۆژانە یەکسان نین بەو لێکتر تووانەوەی نهێنیە ژوانێك».

گۆڕەپانەکە لە خەڵك دەجم جمێ، هۆرنی ئوتومبیلەکان دڕ بە ڕاوەستاوان دەدا، عارەبانچیە پاقلاوە فرۆش و شەلغەم فرۆش و پاکەت فرۆش و کێشکە فرۆشەکان شوورەی دووەمی ئەم گۆڕەپانەیان دروست کردووە. ئەوە شیشەکانی پەرژینی خوارووی گۆڕەپانەکە بوونە وێستگات، هەناسەیەکت هاتەوە بەر، ریمی خەتی گەڕەکەکان بە چوستی نەفەرەکانیان سوار دەکردو دادەبەزاند، هەر ریمێکی خەتی ناحیەکەش دەهات دڵنەوایی دەدایەوەو فێنکی دەکردیەوە، سێبووریت دەهاتەوە بەر. هەر هەمووی سێ ساڵ لەمەو بەربوو لە بەرگە و.

مەبەست و نیازو هەڵویست و بۆچوونێکی تر لەم شوێنەولەم کاتەدا دەبوویتە بەندەری چاوەڕوانی و کەناری خەونی سەوزی تامەزرۆی شەپۆلێکی سەرەڕۆی ڕەها .

+ ئا . . ئەو جارەش لەگەڵ نەبوو.

چ دەردێـك بەقـەد چاوەڕوانی مرۆڤ دەخاتـە گێـژاوی مەینەتیـەوە؟! . . ناو بەناو ڕەوینەوەو دڕدانی خەڵکەکە چەند هەنگاوێك پاشە کشەی پێ دەکردی و دەیخستیە دواوەتر، هەر پاکـەت فرۆش بوو بە کوڵانـی (شـێخـەلـلا)دا بەرەو ناو گۆڕستانـەکـە ڕایدەکرد، خۆیان لە پەنا کێل وخوڵی گۆڕەکان حەشـار دەدا، ئەم گۆڕستـانـە مێـژوویـەکی کۆنی هەیـە، دووریش نیـە چەنـدان ئافرەتی شۆخ و شەنگ لەتەك زەلامی کەلـلە زل وبلح وزەبـەلـلاح نێـژرابن، گومـانیش نیـە چەوساوەیـەك لە تەنیشت چەوسێنـەرێـك، چاونوقانێکی ترە خەڵکـانی دی لە پشت کێـل وئێسقـان وپرووسکی ئێمـە مانـانیش خۆدەشارنـەوە، ڕەنگـە بەمـردوێتی ببینـە گەواهی ژوان وگوڵی ماچ ولێکترتوانەوە.

لەگەڵ هۆڕژنی ڕێمێکی تر هاتیەوە سەر پەتی چاوەڕوانی و دیسان لەگەڵ نەبوو، دەستە دەستە کچی چاوباز بەلەنجەیەکی پڕ لەنـازو بزوان و جولانـدنی لەشی بێ پەڵەیان و تێروانینێکی سەر بزێـوانەی گۆشەی تیژی چاویان و هەناسەی گەرمی پڕ لە حەزی شاراوەیان هێندەی تر پڕتاوو تاوگیری هاتنی «ئەو» تێکی دەسوڕاندی . .

+ ئەوە چ بوو هەر نەهـات؟ . . دەبێ گفـتـی بە یەکێکی تـر نەدابێ؟ . . دوورنیـە! . . شتـە چاوەڕوان نەکـراوەکـان لێرەدا دەشێن . . ئەمجـارە بهـاتبـوایـە . . ئەم گۆڕستـانـە ترسێکی گەورەی خستۆتە گیانە سۆزانیە پەنگراویەکەت .

دوێنێ لای بووی، وا ئەو پاسەش هات، هەر ئەو پاسە بوو دوێنێ تۆ لەگەڵیدا سوار بووی، پاسەکە پڕبوو لە ئافرەت، هەر بەتەنها تۆ تەرە پیاو بووی، چەند پیرە پیاوێکی ژیان لە دەست چوو لە ڕیزی دواوەی پاسەکە لەناو بەهاری ژینی لاویان نقووم بـوون، ئافـرەتـە شۆخـەکـەی تەکت زۆر بە ووردی لێتی دەڕوانی ، هێندەت تێراما چاوەکانی ئەبلەق بوون، چاوەکانی لە ئاستتـا نەدەتـرووکاند، خوازیاری دواندن بوو لەگەڵتا، گۆنا چاڵ بووەکـانی نیشـانـەو سەربردەی هەڵگرتنی باری سەختی ژیـانی لێ دەخـویندرایەوە، بەڵام پەردەی شەرم لێوەکانی پێ هەڵنـەبـڕی، هەروەك کلۆیـەك بەفر لە دەمیا توابێتەوەو زمانی لەگـۆ خستبێ، ڕووی لێت وەرگێڕا، پاسەکەش بە خێراییەکی ئاسـایی ڕووەو مەڵبـەنـدی ناحیەکە درێژایی ڕێگاکەی قووت دەدا، ڕووت بەلایـا سووڕایـەوە، دووچاوە شینـەکـانی وەك بڕووسـك لەناو هەوری پرچی دەیگۆڕاند، جار جار مناڵەکەی نێـوانتـان ڕووی لێ دەشاردیـەوە، لەگـەڵ هەڵبـەزو دابـەزی پاسـەکـە خۆتـان لە ئاوێنـەی ڕووی یەکتـردا دەبینی ، خۆشت نەتدەزانی هۆکاری چ نهێنیەکی کاریگەرو سەختە ناتوانی بیدوێنی!

ڕەنگـە ڕازی نەبێ، نا. . . نا. . سەرنجـەکـانی نیشانەی تامـەزرۆیی تاسـەی بێ ئامانی حەزە شیرینە بێ سنوورەکانی دەخـاتـە ڕوو ڕەنگە شووی کردبێ ومێردەکـەی مردبێ، یا دووچـاری گرفتێکی دژواری زەمـانـە بووبێ = لەپڕ بەزمـانـە شرینەکەی چەند ڕستەیەکی جوانی دەربارەی زۆرداری لەدەمە خونچـەییـەکـەیدا بەسـەر ژێکانی بیرکردنەوەت باراند، وەك داستـانێکی شیـرین وهەست بزوێن ترنجا ناخی دەروونت = ئا ئەوەتـا دابـەزی، خۆیـەتی = هەر لە دوورەوە زەردە خەنـە بارانت دەکـا = ئەوەش گەر ژیـانی بنووسیتـەوە شاکـارێکی مەزنی ئەم سەردەمـە بۆخامـۆشی مێـژ ووتۆمـار دەکـەی، تلانەوەی خوشکەکەی هەر نا. . پرسیار مەکە بۆدوا کەوتووە = گەردو تۆزی ڕووتـان و تاس بردنـەوەی شەو ڕاشکـان و دەستە لاوازەکانی تۆو ئەنگوستی دۆشاو مژەی «ئەو» . . .

دەستەکان وخستە ناودەستی یەکتر، گرژ ومۆنی وسەرنجی هات و چۆکەران بەر بەستی نەخستە هەنگاوە پڕ لە تاسەکانتان .

●■●

مایس ـ 1983 ـ هەولێر

# خۆبەڕێتی شارەکەمان



- بەبۆنەی یادی ۲۰۰ ساڵەی شاری سلێمانی خۆشەویستەوە -

کاکەی فەللاح

ماموستای یەکەم:
وەرن، وەرن، منالان!
لە مانگان و لە سالان
ئەمجارە، یەکەمجارە
کەوا ئیمە لەم شارە
بەدەم پیکەنینەوە
هەموو کۆ ئەبینەوە
ئاهەنگی خۆش ئەگێرین
بۆ یادیکی زۆر شیرین
بۆ یادی بنیات نانی
شارەکەی سلیمانی

ماموستای دووەم:
دەی چەپلە منالینە!
بۆ ئەم یادە دیرینە
خۆ یادی دووسەد سالە
بۆ گەورەو بۆ مندالە
بۆ شاری خنجیلانە
کە بیشکەیەو هیلانە
شاری گوڵ و گولالە
تەمەنی دوو سەدسالە
جەژنی لەدایك بوونی
پیرۆزی‌یەو چاوڕوونی

دایکێك:
کارژۆلەکەم! بەرخەکەم!
تۆ ئەی جگەر گۆشەکەم!
پێش دوو سەدساڵ ئەزانی؟
شارمان چاوی هەڵهانی
پێشتر قەلا چوالان بوو
کە پایتەختی بابان بوو
فەرمانڕەوای بابانی
ناوی نا سلێمانی
شارەکەمان بەم ناوە
بوو بەم گلینەی چاوە
سلێمانی دلگیرە،
دیاری‌ی باوك و باپیرە

باوکێك:
کە بنچینەی شاریان ڕشت
بە خۆشی‌ی وردو درشت

هەرچی پێویستی‌ی شاربوو
سەرا، خانوو، بازاڕبوو
ڕازایەوە وەك بەهار
سلێمانی بوو بەشار
بوو بە جەژن، بەشادی
بوو بە گەردن ئازادی
بوو بە هەڵپەڕکێو سەیران
بۆ میرنشینی‌ی بابان
بۆ ئەم سلێمانی‌یە
کە بەهەشتی جوانی‌یە

قوتابی یەکەم:
باوکم، چوومە لایەوە
چیرۆکی گێڕایەوە
پێی‌وتم: هەبوو، هەبوو
ئیبراهیم پاشایەك بوو
میرێکی گەورەو دیاربوو
ئەو بنیات نەری شاربوو
فەرمانڕەوای بابان بوو
لە نەوەی (سلێمان) بوو
بەیادی باپیرانی،
ناوی نا سلێمانی
بۆ ئەوەی هەر زیندووبن
مەشخەڵی رابوردووبن

قوتابی دووەم:
منیش دایکم پێی وتم:



ڕوڵەی شیرینتم، کچم!
ئەو منالە بەختیارە
لەدایك بوونی دیارە
یادی ساڵانەی ئەکەن
ئاهەنگی بۆ ساز ئەدەن
شار هێلانەی هەموانە
گلێنەی کوردستانە
خۆشەویستێکی وایە
پەرستنی ڕەوایە
ئەم دڵی نیشتمانە
ئەبزی بۆ گشتمانە
یادی لەسەر سەرمانە
ڕێگایەو لەبەرمانە

قوتابی سێیەم:
لەو ڕۆژەوە شار هەیە
جێی‌زانین و بەهرەیە
سەرچاوەی شیعرەو نووسین
ڕەنج و کردەوەو کۆشین
شارێکی زۆر زیندووە
نامرێو نەمردووە
دڵنیابن، دڵنیا
سەری بەرزە وەك چیا
جێی سەرنجە شارەکەم
شارە زۆر نازدارەکەم
ڕوڵەی بۆیە بەختیارە
لەناو شارانا دیارە
پیرەمێردی ئەمەی وت
نەك هەر ئەوەندە، زۆرشت

قوتابی چوارەم:

من گوێم لە مامۆستابوو
لە پۆلا ڕاوەستابوو
ئەیوت هەر لەم شارەوە
لەم شارە هوشیارەوە
شێخ و جەنگاوەرانی
لە دوای شەڕی جیهانی
بەرامبەر بە ئیستیعمار
لەشکری دووپشك و مار
شۆڕشێکیان هەڵگیرسان
یەکەم گوللەیان تەقان
بۆ مافی نەتەوەی کورد
بالآی خۆیان کرد بە پرد
بۆ سەر بەرزی‌ی نیشتمان
خۆیان ئەکرد بەقوربان

دایکێکی‌تر:
ئەی جگەر گۆشەکانم!
منیش زۆر چاك ئەزانم
شارەکەم، ئەم شارەیە
کە ئەم یادگارەیە
لە مەیدانا پێشرەوە
سوار چاکێکی بێ‌خەوە
مەڵبەندە بۆ ڕاچەنین
شەشی ئەیلوول، ڕاپەڕین
شاری نالی‌و کوردی‌یە
هی‌سالم و مەحوی‌یە
هی هەموو شاعیرانە
زاناو هونەر مەندانە
شاری گردی سە یوانە
هی گردی شەهیدانە
ئەی شاری سلێمانی!
تۆی شایانی قوربانی



باوکێکی‌تر:
شاری پیرۆزو دێرین
بۆ خوێندنەو بۆزانین
ئا ئەم شارە ئازیزە
جێگای شانازی‌و ڕێزە
لەشاران لێت بپرسن
خەڵکی کوێ‌ی؟ تۆش بڵێ من
پەروەردەی سلێمانیم
ڕۆڵەی بەفرو بارانیم
گوێژەو پیرەمەگروونی
لێمان ئەکەن چاو ڕوونی
ئەزمرو گڵە زەردە
سەربەرزە وەك ئەم کوردە
هەرخۆش بێ سلێمانی
بۆ خۆشەویستەکانی

هەموو پێکەوە:
لە یادی دووسەد ساڵا
جەژنی گەورەو منداڵا
جەژنی شاری دڵگیرمان
دیاری باوك و باپیرمان
بژی بەهەشتی جوانی
شارەکەی سلێمانی
تەلیسماوی شارمان
وەك پاییزو بەهارمان
وەك هاوین و زستانمان
وەك ناوی کوردوستانمان
وەك باران و بەفرمان
وەك لاپەڕەی نەمرمان
هەر خۆش بێ سلێمانی
بۆ خۆشەویستەکانی




شعیری: عبد الله عباس

تەمەن ئەڕوا
من لەگەڵ تەمەنا . . نارۆم
لەگەڵ تودا هەنگاو ئەنێم
تۆ، لەتەمەن گەورەتری
من عەشقێکم لە دڵایە
ناوی ڕووبار
باڵای درەخت
باڵندەکان
زەردەخەنەی چاوی منداڵ
شەقامی شار
وشەی شعیر
ڕێزی ئەگرن
کە ئەمبینن
تۆیان بیر ئەکەویتەوە

★★★

عاشقێکم
لەبەر تیشکی خۆرا ڕائەوەستم
بەگژ هەوری ڕەشا ئەچم
کاتێ ئاور
لە پشتەوەم ئەدەمەوە
چیاو ڕووبار
پێ دەشت و
دار خورماو
دار گوێز
پشتیوانمە
گۆرانی ڕووناکی خۆر ئەڵێین . .

# دوو پارچە هۆنراوەی کلاسیکی کوردی



○ عوسمان خۆشناو ○

پێش ئەوەی دەست نیشانی مەبەست بکەم، داوای لێبوردن لەخوێنەر دەکەم و دەڵێم، لەدوای کۆچی دوایی کاکی زاناو بلیمەت، کاکی شیعرو ئەدەب دۆست. کاکە حسین خانقاهـ ١٩١٣ - ١٩٨٤.

بەڵێ لەدووای ماوەیەك ئەم دوو پارچە هۆنراوەم لەبەڕێز خاتو «مریم خان»ی خوشکی گەورەی خوالێخۆش بو بەدەست گەیشت.

هۆنراوەیەکیان بۆ کۆچی خوالێخۆش بوو سید أحمدی خانقاهـ باوکی کاکە حسین خانقاهـ دانراوە، بەڵام نەمزانی هی کام شاعیرە، ناوێك لەسەر «دەق»ەکە نووسراوە بۆم ساغ نەبۆوە ناوەکەکێیە؛ هۆنراوەی دووەمیان ناوی «حاجی شێخ مصطفیٰ قاضی» لەسەر نووسراوەو بەس، کە پرسیارم لەبەڕێز خاتو «مریم خان» کرد ووتی (حاجی شێخ مصطفیٰ شێخ عبدالصمد قاضی) خاڵۆی دایکمانە، لە سلێمانی کۆچیدوایی کردووە.

شاعیرێکی باش بووە بەڵام من شتەکی لەبارەی نازانم و هیچ لە شیعرەکانی شك نابەم. .) منیش بەپێویستم زانی

لەرووی بایەخ دان بەهەموو بابەتێك لە كەلەپووری نەتەوەییمان، بیان خەمە پێش چاوی خوێنەران لەسەر لاپەڕەی ڕۆشنبیری نوێ لەگەڵ «دەق»ە كانیان بۆ ناسینەوەو سوود لێوەرگرتن و بۆ ڕزگاربوون لەفەوتان لەلایەك. لەلایەكی تریشەوە، بۆ ئاگاداری‌كردنی بۆ هەموو ئەو نووسەرو شیعرو ئەدەب دۆستانەی كە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم «بنەماڵەی سەر بەئاین و ئەدەب دۆستانەوە هەبووە، ئەگەر شتەكیان لەلایەو بە كەم وكوڕی ماوەتەوە، یاخود بۆیان نەلواوە بیخەنە پێش چاوی خوێنەران، لەرووی وەفاداری‌و دڵسۆزی بۆ وێژەی نەتەوەییمان كە بنچی لەسەر كەلەپووری كۆنی بەنرخە، بەبلاوكردنەوە لەگومبون و فەوتان ڕزگاریان بكەن، من لەم باوەڕەدام، كەسانی‌تر لەم بابەتەوە شتی بەنرخیان لەهەمان بنەماڵە واتا لەدوا ڕۆژەكانی ژیانی خوالێ‌خۆش بو لە كاكە حسین خانقاهـ وەرگرتووە، ڕەنگە ئەوشتانە توژینەوەو یەك لاكردنەوەیان ئاسان ترو لەبارترو پەسەندتربێ ئەگەر بخرێنە پێش چاوو بەبلاوكردنەوە بەهەر جۆرێك بێ. . لەگەڵ سوپاس.

پارچەی یەكەم

رثای مرحومی جنت مكان فردوس آشیان سید أحمدی خانقاهـ

طاب ثراه

بۆفـلك بەركی رەشی پۆشی غریـقی ماتـەمـە
دەشتـو صحـرا تانظـركـەی لیلو تاریك و تەمـە
ملتی كورد قور بەسـر خۆیـا بكـا هیشتـا كەمـە
شیـوەنـی دو شیـونـە بو عالـم و بو حاتـەمـە
عالمی رمزی فناوو عارفی علمی بقا
حاتمی كوردی عراق شێخ و شاهی خانقا
مُرشـدی عقـل و خرد بو هەمـو اهـلی ولات
غبطە بخشی مدرسـەی ازهـربـو حُجرەی خانقات
یا لە علمـی كون و تازە یا لە نكـات
نكتـەو رمـزی نەمـا تحـلیلی نەكـرابی لەلات
علم و عرفان آدب بەم روینەت روورویەتی
خوی بەبیكس مایەوە رووریەكەی بوخویەتی
حاتـمی‌طی گربـە مُعـجـزبیتـو زنـدوبیتـەوە
نان خوان سُفـرەیـی احـسـانـی توبـبیـتـەوە
آهی حسـرت هەل ئەكیـشی تا ابـد ئەتلیتـەوە
حاتـمـی علم و سخـا وینـەت أبـە نابیتـەوە
امتحانی خامە ناكەم وەصفی توكالال ئەبی
با وجودی دوزمان هر راسبُ اكمال ئەبی
خادمی نوعی بشـربـوی مدتی عصـری بەسـال
گەبـەنشـری معـرفت گاهی بەبـذلی نقـدومـال
مەیـلی بەرزیت كرد بە امـری ارجعی كوتیتـە بال
هەل فریت لبیـك گوبـو بارگـاهی ذی الجـلال
وا لەقصری جنتیشا ایستە میوانت هیە
هروكو ناو خانقا دیوانی عرفانت هیە

پارچەی دووەم

حاجی شێخ مصطفیٰ قاضی

دل لەبو شمعی جمالی تو ئەبی پروانە بی
سوزشی باوا نەبێتو هیندە بی پروانە بی
. . . نابی بەمەی مخموری بادەی عشقی تو
موسكن خومخانەبی ئەو یانەخو خەم خانەبی
مخزبی املاكی هەستی من بەنقدی گیان و دل
صرف بی‌جانانەی ئەم خزمە باجانانەبی
دەس لەدو زلفی بدا مطلوبە بو سلطانی روم
حەز ئەكا شاشانەی اما دەبی وەك شانەبی
آهی سەردم با نەبی كاتی كە حضرتی رقیب
زلفەكەت تاتانەبی‌وا چاكەقت تاتانەبی
طالبی مشوقی بەعاشق لەهەر جمال بیی
مسجدو دیرو كنیست یانەخو بتخانەبی
حسرتی مشكی خەتاو صحتی آهوی خەتەن
منقطع نابی هەتا ئەوزلف و چاوانە ببی
آرزوی ترفیهی روتبە بانەبی عبدالفتی
. . . . مقدمی طفلیكی مكتب خانەبی. .

# هۆچۆلەکە

○ عبدالرزاق بیمار ○

هۆ چۆلەکە!
چی دی ئەو پێیە کوڵەکە
وەبەر بانی ئاسمان مەدە
ئێمەش دەمرین و ڕادەبرین
ڕەنگبێ بێژم بۆچی هاتین
بەڵام ناڵێم بۆچی دەمرین!؟

★ ★ ★

هۆ چۆلەکە قنجەی بۆرە!
لەدوای تۆ خۆر هەر ئەو خۆرە
سەر لە بەیانی فیشاڵی هەزار ڕەنگی
بە جووکەی هەزاران مەل و چۆلەکەی تر
گەرم دەبێ، لێی هەترە دەبێ پرشنگی!
هەر ئەو هەورەو لە سواندەدا
هەر ئەو مارە لە هێلانە پەپکە دەدا.

★ ★ ★

کە تۆ مردی یان نەمردی
خەرمان هەر دێتە سەر خوانچە
لە پاشۆڵی خاتوو پەرێز
بۆ چیکڵدانە برسی‌یەک
چەند دەنکێك هەر دێتە سەر مێز
میوەی لێ قات نابێ باغچە!

★ ★ ★

هۆ چۆلەکە!
بۆ ئەو ئاسمانەی تیبا دەفری
پێی خۆت مەکە بە کوڵەکە!
دەرمێ؟ بلا!..
بیری خۆتی لێ کول مەکە.

خۆ هەر دەمرین
بەڵام نەم دیت چۆلەکەیەك لەبەر پیری
پۆپەی داری لێ حەسرەت بێ
لە سەرەمەرگا دڵگیری
رابردووی خەم و مەینەت بێ.
کەس ناپرسێ؛
«بەڵام بۆچی دەنووکت لە هێلکە جووکا
دەنگە کەرخ بوویت و دەندووکت پاچایەوەو
باڵت شکا!

هەڵۆ نەبوویت، نێچیری هەڵۆو واشە بوویت
فرمێسکی چاوی وەك ئاوی
ئابڕووت تکا..
ئیتر ژیایت. ئیتر خواردنت
ئیتر کردنە. خوێندنت. فرییت،
بە دڵداری هێلانەت گەرم داهێنا
بە دەندووك هێلکەت ترووکاند
ئەمجا مردی...».

★ ★ ★

کاتێ دەمرین، دوای ئێمە هەوارو شاخ و
کانیو باغ و کۆو ڕۆژان و زۆزان و
گەرمێن و سەرین و دەرگاو پانەو سەیرانگاو
شەقام و کارگەو بازار.. هەتیو... نابن
دارو پەندیخانەو کۆشك و
بانك و دەزگاو ڕۆژنامەکان،
ئاڵاو دروشمی چڵکنی لالغاوەی
هەڵپچراوی دوژمنەکان
بێ مشتەریو بێ شیو نابن!

یادگارمان
جووکەی خوێن گەرمیی بزێویو
باڵەفڕکێی ئاسمانی بەرزو سەردارمان
نارەزاییمان، هاوارمان..

هەمووی نەخشی سەر لێواری دەریاییکە
با لێی دەداو دەیسڕێتەوە.
نە با، نە شەپۆلی دەریا
چیرۆکمان ناگێڕێتەوە..
کاتێك دەمرین و ڕادەبرین
ئەو ژیانە هەر ئەو ژانە
هەر ئەو چیا سەرکەشانە
تۆقیان لە مل نابێتەوە
خۆ لەدوای ئێمە لانەمان
بەختی خۆی نادۆزێتەوە!؟
ئیتر دەمرین؟

★ ★ ★

کە هەر دەمرین
هۆ چۆلەکەی سەر تۆقەڵە
بجریوێنە بۆ من، بۆ خۆت،
ئاسمانی شین، زەویی بەرین
بۆ ئەو ژیانە مەتەڵە.



# ئەی نەسیمی سوبحدەم

chalakmuhamad@gmail.com

● محمدی مەلا کریم ●

ماوەیەکە کەشکۆڵی خواڵێخۆش بوو مەحموود پاشای جافم بەدەستەوەیە ڕوونووسی شیعرە کوردی‌یەکانی ناوی ئەکەم بەنیازی لەچاپ دانیان بە ناوی (کەشکۆڵی مەحموود پاشا)وە.

ئەم کەشکۆڵە دوو بەرگی‌یە کە زۆرتری خەتی پاشا خۆی‌و بەشێکیشی خەتی ئەمین بەگی کوڕی عوسمان بەگ ناوێکە کە بەشێکی زۆری شیعری مەولەویی بۆ پاشا نووسیوەتەوە، خەتی گەلێ کەسی‌تریشی تیایەو پێوەیە. پاش کۆچی دوایی پاشا خۆی کە دەس بەدەس هاتووە کەسانی‌تریش شیعری‌تریان تیا نووسیوەتەوە خواڵێخۆش بوو. حەسەن فەهمی بەگی کوڕەزایشی گەلێ وردە بابەتی مێژوویی‌و ئەدەبی تیا نووسیوەتەوە، یەکێ لەمانە ئەم پارچە شیعرەیەو لەگەڵیشیا ئەمەی نووسیوە: «یەکێك لە بەگزادەی تایفەی فەیزوڵلابەگی کە ناوی (گەنج عەلی خان)ە لە ساڵی ١٩٤٣دا (تصادفاً) ڕێی کەوتە ماڵی ئێمە لە هەڵەبجەوە موددەتی ١٥ ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مایەوە. پاش ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆیان موکریان، ئەم غەزەلەی بۆ ناردبووم. ئەم گەنج عەلی خان کوڕی حاجی سەلیم خانی موکریانە، ماڵیان لە دێی (جان بولاق)ە».

منیش پێم جوان بوو وەکوو نموونەیەکی شیعری برا کوردەکانی ئەودیومان بڵاوی بکەمەوە.

ئەی نەسیمی سوبحدەم، ئەی شارەزای دەشت و دەرە
وەی بەقوربانی شنەت بم، هەستە، زوو بەو، وا وەرە
زۆر دەمێکە ئارەزووم وایە بنێرم قاسیدێك
بۆ حوزووری خۆشەویستم، بۆ سەرم تاجی سەرە
کاغەزێکت بۆ ئەنووسم زۆر بە شەوق و ئاب و تاب
ئەیدەمە دەستت، بەڵام توخوا زەریفی هەڵگرە
وەقتی زۆر خۆشە، بەهار نیوەی چووە، سەرما نیيە
دەشت و کێو شاخ و لاپاڵان وەکوو ڕووی مەخمەرە
ئاوی بەفری شاخی کوێستان دێنە خوارێ شیو بە شیو
زۆنگ و کانی هەڵقوڵیون، ئاو لە ئاو شیرینترە
گەرچی ڕێگای شارەزای با منیش وەبیرت بێخەوە
ڕێی نزیك و ڕاست لە کوێ بۆ کوێ ئەچێ، یادی گرە
لێرەوە ئەچیە مەحاڵی (میرەدێ) تا (کێلە شین)
دێ لەسەر دێ چیمەن و سەوزیو گوڵاڵەو شەست پەڕە
دەچیە (بانە)، بەندەن و کێوی سەراسەر جەنگەڵە
گوێزە، هەنجیرە، هەنارە بووزو پەڵك و عەرعەرە
ئەم بەرو ئەوبەر خیابانی چنارو سەروو کاج
ئەم سەرو ئەوسەر هەمووی فەرشی سمنت و مەرمەڕە
شارەکەی شارێکە زۆر ئاوو هەوای ساف و لەتیف
ساختمان و پارك و بازاڕی قەشەنگ و دڵبەرە
گەر وەدەرکەوتی لەوێ جێگەی شەوت (سەیران بەن)ە
چۆم و بوستانی بەبەردا دێت و شیرین مەنظەرە
گەر لە چۆمت دا ئەڕۆی تا دەچیە شاری (پێنجوین)
شار وەکوو فیردەوسە، ئاوی سەلسەبیل و کەوسەرە
هیچ لە وێ تەئخیر مەبە ئەمجا بڕۆ بۆ (شارەزوور)
میسری کوردستان، جێگەی عێل و خێڵ و چادرە
مەرکەزو پێتەختی دەشتی شارەزوور لەم دەورەدا
پێت بڵێم شاری (هەڵەبجە)ی پێ‌دەڵێن و دڵگرە
نیشتمانی میرو پاشای عێلی جافانە قەدیم
خەیمەگاهی گەورەیی کوردانە، جێی ئەسکەندەرە
دەچیە بەر دەرکی (حەسەن بەگ) میرو گەورەی گەورەکان
دەرکی دەروازەی وەکوو پێش دەرکی قەسری قەیسەرە
دەستەیی بەگزادە سەفیان بەستووە برنەو بە دەست
دەستەیی نوکەر هەموو دەستیان لەسەر گوێ خەنجەرە
دەستەیی فەڕڕاش لە بەردەرگا (عموماً) حازرن
عەترپاشیی لێ ئەکەن، بۆن خۆش ئەکەن بەر پەنجەرە
با تەمیزو پاك و خاوێن بچنە خزمەت سەروەرم
گەر گەیشتیە حەوزی بەر دەروازوە دەسنوێژ هەڵگرە
دەرکەوان دانیشتووە دائیم لەسەر خواجەنشین
بۆ پەزیرایی لە میهمان و غەریب زۆر حازرە
پاش ئەوە ئیزنت ئەدەن داخڵ کە بوویتە نێو حەسار
شەم ئەکەیت بۆنی گوڵە، عەترو عەبیرو عەنبەرە
پەردەدار ئیزنت ئەدا تا ئەچیە نێو میهمان سەرا
تەخت و کورسیو ئەسکەمیرە، پڕ لە ئاغاو بەگلەرە
لای سەرووی هەمـوان (حـەسـەن بەگ) سەروەرو
سەرداری کورد
زۆر بە تەمکین و ئەدەب دانیشتووە ئەو سەروەرە
ئەهلی فەزڵ و عیلم و ئاداب و ئەدیب و زۆر فەسیح
خۆشەچینی (مەحن)و (سەحبان)، (فەزڵ)و (مانی)و
(جەعفەر)ە
ئەم عەریزەت پێیە، بیدە خزمەتی، بکشێوە پاش
دەس لەسەر دەس، لێو لەسەر لێو، چاو لەسەر پێ ڕاگرە
عەرزی ئیخلاس و سەلامی خالیسانەی لێ ئەکەم
تاکو دنیا ماوە من هەر بەندەم و ئەو سەروەرە
زۆر لە ئەو ڕۆژەی کە هاتوومە حوزووری ئەنوەری
سەد بەرابەر ئەوڕۆ ئیخلاص و سەمیمیم زۆرترە
ئەو تەواریخەی کە فەرمووت، داخی داخانم نەبوون
وەرنە ئەمری تۆ موتاعە، جێی لەسەر چاوو سەرە
حەولی زۆرم دا لە (سابلاغ)و لە (تەورێز)یش نەبوون
هەم لە (تاران)یش نەبوو، نوسخەی ئەڵێن زۆر نادرە
بۆ هەموو بەگزادەکانی موحتەرەم تەقدیم ئەکەم
بەندەگیو عەرزی ئیرادەت لێرەوە تا لۆندەرە!!





* نزار بەزاز *



دەما تـە گوتیەمن ..
ئەز حەشتە د کەم
ڤولاچکێت خەمێت ڤەشارتی لناڤ ..
شەڤێت ڤەلەکێ ..
دیوارێت وان . .
لبن .. لبن .. خڕ هڕفتن
خـەونو ئومێدێت گـول گولی ..
لنـاڤ ڕوناهیـێ دەرکەڤتن
لنـاڤ دەریایێ چاڤێت‌تـە ..

شـەپول تەنابین
باژێڕێت جـان لناڤ دیاربیـن
دوسـتو مرۆڤو دەیکو بـاب
ئاڤار بینـە باخـچو بوهـار
لناڤ ڤـێ ژیانێ .. قـەد نەما ..
تشتێ خراب
عەڤر هاتـن ..
باران باری لسـەر بسـتانا

ئـو عەمرێ‌من ..
لسـەرمن نڤیسـێـیە
ئەز حەشـتەبکەم
تە دل خوشـکەم
لناڤ جیهانـا نەڤینیـێ ..
قـەد نەترسـە
ئەز بوتـە بوهارا گەشـم
ئەگەر گولەلا لدەڤ مـە وەریـا
دێ هـزار .. هـزار گـولا دەم
ئەگەر ئـاڤا مـەزن ڕابـو
ئـەز دێ لبەردا بـە سکرەك
لسـەردا بۆتـە بـە گەمیەك
ئەڤینیاتـە ..
لناڤ هەمی کونجێت دلێ‌مـن ..
ژ خوشـیو جەژنا ..
چەپەر بخـو ئاڤاکرن
ڤەبـا هەمی خەما دکەتن ..
ڤەبـا هەمی خەما دکەتن ..

## بێ دەنگی یاتە...

# گوهێت من کەرکرن

○ هەڤال عبدالحافظ مایی ○



بێ دەنگی یاتە
شەڤێن درێژێن زفستانێ
داستانێت بێ دوماهی و تژی ژانن
نەستێرەك هەیە
لاڤژەك ژ مەرا بێژیت
نەخەونەك هەیە
ئاخینکامە ل سنگێ خودا برێژیت
مەبەتە ژیانەکانی
جارەکادی
سترانێت خوش و نازك
ل ناڤ بێ دەنگی یاتە بنێژیت
هونازکێ:
هەمی جها بێهنا
بێ دەنگی یاتە ژێت هێت
هەمی درا
تاما خێڤەیا ئەلندا.. پەیڤەکا
هێش تە نەگوتی
یاژێت هێت
دێ ب پەیڤەو جارەکادی بگرنژە

× × ×

هونازکێ:
هەتا کەنگی بشکورینێت تەیێت ڤەشارتی
ل ناڤ دلوپێت روندکا دڤەشێرینی
هەتا کەنگی دلێ منێ سێوی
ل تەنیرا دل سوژینی
دسوژینی
دێ باخڤەو جارەکادی بگرنژە
ل سەر لێڤێت تەیێت بێ دەنگی
گوتنێت ڤەشارتییێت کەڤن هەل رێژە
بێ دەنگی یاتە نەهێندەیا درێژە
دێ بپەیڤەو ل سنگێ خوێ تاری
بێهنا بەهارو کولیلکێت ڤی واری
هەمی بمێژە. هەمی بمێژە

# ئەنووسم بۆ جوانی

عثمان خوا کەرەم: زرنگ



«من کە ئەنوسم بۆ جوانی، خۆم مەستو سەرخۆشم بە جوانی.» ئەتوسم بۆ ئەو تیشکە نهێنی یەی لە جوانیی دایە: ئەو تیشکەی کە ئاراستەی هەستوو هۆشو دڵو دەروون ئەکرێ، نەهەست ئەمێنێت و، نەهۆشو، نەئاگا. دڵو دەرونیش پارە پارەو، وێلو سەرگەردان ئەبێ: کورەی سۆزیش دێنێتە جۆش.

ئەی جوانی.. ئەی سەرچاوەی زیندەکانی..

لە کاتی لە دایك بونی ئەم جیهانە، ئەم ژیانە، ئەم ئاوەدانیە.. تا ئێستاش، بۆ لەمەو دواش، تۆ هۆنراوەو هەڵبەستی شاعیرانی.. بۆ تۆیە ئاوازو گۆرانی.. تۆ کانیاوی بەختیاریت.. تۆ سەرچاوەی هەستونەستیت. ئەی جوانی تۆ تیشکو پرشنگو ورشەی لە چاوێکی گەشو مەنگدا، ئەو چاوەش ڕەشە یان سەوزە، شینە یان کاڵە.

تۆی دوو لێوی پڕو، چەناگەی چاڵ. تۆی دوو کوڵمی خڕو، گۆنای ئاڵ. هەرتۆی.. هەرتۆی کانگای خەیاڵ.

ئەی جوانی.. تۆی لە ڕوی کوڕە لاوێکی شۆو شەنگدا.. تۆی لە باڵای کچێکی قەشەنگدا.

تۆ سوتەمەنیت بۆ گڕو بڵێسەی ئارەزوی دڵداری، بۆ دڵ خوازان، بۆ ئەشقو ئەشقبازی، بۆ دڵی شەیدا.

ئەی جوانی.. بۆ تۆیە داستانەکەی مەموزینو، شیرینو فەرهاد، لەیلو مەجنونو، ڕۆمیوو جولێت.

ئەی جوانی.. تۆ ئەفسونێکی کاریگەری لە زەردەخەنەی سەرلێوی شۆخێکدا.. لە تریفەیەکی سەر دەمدا لە بریقەی سەر گۆنایەکدا.. هەروەها لە گڕوگاڵی منالێکدا.. لە کوورەی خۆشەویستی دڵی دایکێکیدا.

تۆ تیری دڵ داریت لە ورشەی کراسێك دا.

لە لەرینەوەی گوارەیەکدا.. تۆ بریسکەی ملوانکەیەکی مرواری گەردنێکی بەرزو سەر سنگێکی سپیت.

تۆ دڵۆپێ شیری زیندەگانی گۆی مەمکێکی قوتو خڕیت.. تۆ تەلیسمی لەشێکی کەمێ گۆشتنو، کەمەرێکی

تەنگیت . . تۆ گۆمی هەنگوینو، پیاڵەی شەکری دەمو لێونکی . . تۆ ئاوازی مۆسیقای خەندەیەکی . . تۆ لە گوێدا خوتوکەی وشەیەکی نەرمو نیانیت . . تۆ مۆری شادمانیت لە ماچی ناودەمدا . . تۆ تەلی کارەبایت لە دەست گوشینێکدا . . بۆ دڵی شەیداو ئاوارەش تۆ پشکۆی، تۆ گڕی، تۆ بڵێسەی کە ئەو دڵەشت سوتاند . . تۆ سوتوی، تۆ خوڵەمێشی .

هەر تۆی لە وێنەیەکی دڵ گیری نیگارکێشیکدا. تۆی شێی لە دیمەنێکی دڵ فرێندا.

هەر تۆی، هەر تۆی لە گژوگیای سەوزو، گوڵو گوڵزاری ڕەنگاو ڕەنگی بەهاردا. لە سەرپۆشو تارای سپی پۆشی کەژو چیاکاندا.

تۆ شەپۆلی دەریایت: هاژەی ڕوباریت! قەڵبەزەی تاڤگەیت. بە نەرمونیانیش تۆ لەرەو لەرزەی زیخوچەوی بن کانیت . تۆ ورشەو خشپەی ئاوەڕۆی کانیاوو جۆگاکانی . تۆ تیشکی زیوینو تریفەی مانگەشەوی. تۆ ئاورنگی بەریەیانی سەر لێوی گوڵانیت. تۆی لە نەخشو نیگاری سەرو گەردنی کەوی قەدپاڵو نزاردا.

تۆ چریکەی بولبولی . . قاسپەی کەوی . . هاقوی کوتری.

تۆ نهێنی دەنگی خۆشی مرۆڤی . . تۆ زریکەو ناڵەی نەیو شمشاڵی . . تۆی لە ئاوازی کەمانو عودو تاردا. تۆی ئاوێنە لە ڕوی بێگەردی یاردا.

ئەی جوانی . . ئەی خواوەندەکە . . ئەی پەرستگا، تۆ کە سەرچاوەی ژیانو، هەوێنی خۆشەویستی بیت، جا منی هەژارو شارەزا لە زمانو زاراوەی کوردیدا . . بە نوکی پێنوسێکی کوڵەوە چیت بۆ بنوسم؟ چۆن بتوانم نرخی خۆتت بدەمێ؟ . . نەک من، هەمو نوسەرانی جیهان بە زمانو زاراوە جۆربەجۆرە. کانیانەوە ناتوانن بین بە ئاوێنەی نوسینو، ڕوی بێگەردی تۆی تیابنوێنی . هەمو مامۆستاکانی وشەی ڕێک پۆش بە زمانی پاراویانو بە نوکی تیژی خامەیان ناتوانن لە وشەو ڕستو دێر ئەو بەرگە قەشەنگەی شایانی توێی بێ دورنو بیکەن بە بەرتا . . چونکە تۆ پاراوتری لە زاراو، بەمانا تری لە وشە. بریسکەدار تری لە ئاوێنە. بڵندتری لە لوتکەی بیرو هۆشیار . تیژتری لە نوکی خامە. قەشەنگ تری لە هەمو بەرگێک.

ئەی جوانی . . من ئەزانم تۆ هاوڕێو هاوسەرو برادەری خۆشەویستیو پاکیەتیو بێ تاوانیو نەرمو نیانیو دڵ سۆزو وەفاداریت لە ژیانی مرۆڤو لە مرۆڤایەتیدا . . بۆیە نەفرەت ئەکەیت لەو دڵ ڕەقەی گوڵی باخی دڵێک ئەپچڕێنێ چەکەرەی هیوا پێشێل ئەکات. چرۆی ئاوات هەڵ ئەپرکێنێ . . خەوش ئەکا بەڕویەکی بێگەردا.

لە جێی شنەی شەماڵ گەردەلول هەڵ ئەکا. لە جیاتی فرمێسکی شادی خوێن ئەبارێنێ دیسان نەفرەت ئەکەیت لەو دوروندەی بەچرنوک گوڵنایەک ئەڕوشێنێ. یان تاڵێکی ئاوریشم لە پرچێک ئەقرتێنێ خەندە لە سەر لێوێک هەڵ ئەپروسکێنێ. وشەی ئۆخەی لە قورگا ئەتاسێنێ . . موچورکەی خۆشی لەڕەگ دەردێنێ. بەداخەوەیان دوگمەی سوخمەیەک بە زۆر دائەترازێنی، بۆ ئەوەی دەروازەی بەهەشت بخاتە سەرپشت بۆ گڕی دۆزەخ.

دەسائەو دروندەی وا ئەکات . . ئەوە دوژمنی جوانیە . . دوژمنی نەرمونیانیە ئەوە دڵی ڕەقە . . دڵی ڕەشە . . خەلوزن . . قەقنەسە.

ئەوە لە ئاستی جوانیدا کوێرە . . نابینایە . . چاوی نوقاوە . . بەرچاوی تاریکە. لای ئەو شەوە . . شەوە زەنگە. بێ ڕۆشنایی . . بێ تروسکایی.

بەڵام ئەی جوانی منی دەروێشو، سەرگەردانو عەوداڵت بە خۆمو کەشکۆڵی خامەو پەڕەو نوسینمەوە هەتا ماوم بە تام، بە بۆن، بە دەست، بە دەم، بە چاو، بە گوێ . . بە هەستو هۆشو سۆزم چێژو تامت لێ وەرئەگرم.

بۆ تۆ ئەژیم . . بۆ تۆ ئەلێم، هەمیشە تۆم ئەوێ لە ڕویەک دا . لە باڵایەک دا. لە وتەیەکی خۆشی مرۆڤێک دا . . لە خۆم دا. هەروەها لە دیمەنێکی دڵ فرێنی سروشت دا.

# تروسکەیەك لە ژیانی شاعیرێکی نادیار

# « بەرزۆی پەری »

○ نووسینی هەردەوێڵ کاکەیی ○

شاعیر ناوی ڕەفعەت کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلی‌یە، لە هۆزی کاکەیی‌یە، ناوی دایکی پەری کچی جاسمە، لە ناو کۆمەڵدا بە (بەرزۆی پەری) ناسراوە.

ساڵی ۱۹۰۹ی ز لە شاری بەغدا هاتووەتە جیهان، لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە بەغدا خراوەتە بەرخوێندن بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندن و زانست دا ئاشناو شارەزا بێ، لە پەیمانگای زانستی (المعاهد العلمیة) پۆلی دووەمی ناوەندی تەواو کردووە، وەکو خۆی دەڵێ:

ساڵی ۱۹۱۷ی‌ز هەموو پەیمانگا زانستی‌یەکان لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی‌یەوە داخراوەو فەرمانیش دراوە کەس لە دەرچوانی ئەو پەیمانگانە لە ئیش و کاردا دانەمەزرێن.

کاك ڕەفعەت لە ٦ی ئابی ۱۹۳٤ی‌ز چووەتە ڕیزی سوپای عیراقەوە بە پلەی سێ خەت = (عریف)، ساڵی ۱۹٤٦ی‌ز لەسەر ئارەزووی خۆی لە سوپا دەرچووە.

ساڵانی (۱۹۵۳ - ۱۹٦۱ز) بە کرێکاری لە شاری بەغدا ئیش و گوزەرانی کردووە.

ساڵی ۱۹٦۲ی‌ز لە بەغداوە کۆچی کردووە بۆ دێی (عەرەب کۆیی) لە هەرێمی تاوغ، لەگەڵ خزمو کەس و کارەکەی شادو شوکرەوە بووە، هەر لە هەمان ساڵەوە بە کاری جوتیاری‌یەوە خەریکە.

ساڵی ۱۹٦۲ی‌ز لە تەمەنی (٥٣) ساڵیدا لەگەڵ خاتوون عەزیمەی کچی شوکر دەروێش ئیسماعیل لە دێ خنجیلانەکەی (عەرەب کویی)دا زەماوەندی کردووە.

شاعیر نیشتمان و نەتەوەکەی خۆش دەوێ، پیاوێکی ڕوو خۆش و سەرڕاستە، وریاو قسەزانە، باڵا ناوەندی‌و ئەسمەر ڕەنگە، خاوەنی جووتێ سمێلی گەورەو درێژە، قژ و مووی روومەتی سپی‌یە، ڕەنگە پیری‌و ئەختیاری لە ڕوخساری نیشتووە، لە قسە کردندا لەسەر خۆیە، ژیانی بە هەژاری‌و دەست نەڕۆیی بردوەتە سەر، چاوی لە ماڵ کەس نی‌یە، بە هەژاری‌و نەدارایی‌یەکەی سەر بەرزە.

شاعیرمان گەلێ کتێبی خوێندووەتەوە وەك: داستانی شیرین و فەرهاد، خورشێدو خاوەر، ڕۆستەم و زۆراو، داستانی عەظیم شاه، داستانی حەسەن و حوسەین، داستانی حەوت لەشکر، داستانی حەوت ڕەزم، داستانی قەندیل قەڵا، داستانی محەمەد حەنیفە، گوڵستانی سەعدی، دیوانی حافظ شیرازی، دیوانی مەلا خەلیل

منەووەر، دیوانی مەلا عەباس حیلمی، هەروەها بە دەیان کتێبی تریش.

زۆربەی ئەو داستانانەی سەرەوە بۆ چەندین جار لە ساڵەکانی (١٩٣٠ - ١٩٥٠ز) نووسیوەتەوە، هەندێ لەو داستانانە کە بەدەس شاعیر نوسراوەتەوە لامان پارێزراوە، کاك ڕەفعەت جاران بە شەوان ئەو داستانانەی لە قاوەخانەکان و دیوانەکاندا بۆ خەڵکی دەخوێندەوە.

شاعیر گەلێ شیعری هەمەجۆری هۆنیوەتەوە بە شێوە زاری (ماچۆ) بە تایبەتی ئارەزووی لە هۆنینەوەی شیعری کۆمەلایەتی‌و سۆفیگەریتی‌یە زۆربەیانیش لە چەشنی داستان و چیرۆکە، ئەم ڕێبازە گەلێ لە شاعیرە کۆنەکانی کاکەیی پێش خۆی پێ‌ڕەویان کردووە وەك: میرزا خەلیل منەووەر، مەلا زەینەل، مەلا عەباس حیلمی... تاد.

هۆنراوەکانی لە قاڵبێکی سادەو لەسەر کێشی دە برگەیی دارشتووە هەر وەکو ئەو شاعیرە کلاسیکیانەی کۆن کە بەشێوەی (گۆران) یان (ماچۆ) شیعریان وتووە، ڕەفعەت ناز ناوی بۆ شیعر نووسین دانەناوە هەر بەناوی خۆیەوە شیعر دەنووسێ، هەمیشە قەڵەمێك و کۆمەڵێ کاغەزی سپی پێ‌یە لە هەر شوێنێکدا ئارەزووی لێ بێ ئەوا دەست دەکا بە هۆنینەوەی هۆنراوە.

شاعیر دوو برای هەبووە ئیسماعیل و شوکر، ئیسماعیل لە ساڵی ١٨٩٠ی‌ز لە دێی (عەرەب کۆیی) لە دایك بووە، ئەم زاتە نەخوێندەوار بووە، پیاوێکی بە ئاین و زیرەك و دانا بووە لە قسە کردندا لەسەر خۆو هێمن بووە، شەوانی زستان مەتەڵ و حیکایەتی فۆلکلۆری بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە، لە یادمە مام دەروێش مام ڕەمەزان دانشتووی گوندی تۆبزاوە کە دراوسێمان بوون لە ساڵەکانی (١٩٥٧ - ١٩٦٣ز) گەلێ جار دەیهێنایە ماڵەوە بۆ حیکایەت و مەتەڵ گێڕانەوە، جا خەڵکی لە دەوری کۆ دەبوونەوەو گوێیان بۆ ڕازو قسە خۆشەکانی شل دەکرد.

جارێکیان لێی پرسیم وتم: ئاخۆ ژمارەی ئەو مەتەڵ و حیکایەتانەی دەیزانی چەندە؟ لە وەڵامدا وتی: ئائێستا نەیانم ژماردووە بەڵام دەتوانم بڵێم لە «هەزارو یەك مەتەڵ» زیاترە، خاڵۆ ئیسماعیلی (حیکایەت خوان) لە ٣١ی ئازاری ساڵی ١٩٦٥ی‌ز لە دێی تۆبزاوە دڵی لە لێدان ڕاوەستاو فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو لە گۆڕستانی حەواشەکانی لە دێی عەلی‌سەرای بە خاك سپێرراوە. داخی گرانم ئەو شتانەی ئەو دەیزانی بە خاوی مایەوەو تۆمار نەکرا هەرچی‌یەکی هەبوو نەبوو لەگەڵ خۆیدا بردییە ژێر گڵەوە.

شاعیر وەکو خۆی دەفەرمێ گەلێ جار لە بەغدا چاوی بە مێژوو نووسانی کورد تۆفیق وەهبی‌و ئەمین زەکی بەگ کەوتووەو وتو وێژیشی لەگەڵیاندا کردووە، هەر وەها دەڵێ: یەك دوو جاریش چوومەتە خزمەتی شاعیری پایەبەرزی بەناو بانگی کورد (پیرە مێرد)ی نەمر لە شاری سلێمانیدا وە بۆ هەر جارێ چەند سەعاتێك میوانداریم کردووە.

کاك ڕەفعەت لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا باسی ئاسمان و خۆرو مانگ و ئەستێرەمان بۆ دەکات:

**وە قەول قودرەت ئایات قورئان**
**با کەرۆن تەعریف ئەسباب ئەکوان**
**چەند طەبەق دارۆ فەضای ئاسمان**
**چە کامین طەبەق قەمەر بی عەیان**
**ئیخبارش مەدۆ با کەرۆش ئیزهار**
**پەرێ مەخلوقات شای پەروەردگار**
**چە سر قودرەت قەهار قەیووم**
**قەترە بنۆشیم چا (بحر العلوم)**
**ریوایەت هەنەن چە قایی ئوستاد**
**سەر کوورەی قەمەر هیچ نەدارۆ باد**
**وە دوو ریوایەت نەقڵەن چە کیتاب**
**خالیەن چە باد یا نەدارۆ ئاب**
**موحیط کوورەش نامش بلوورەن**
**موعاکس وە شەمس شوعاع نوورەن**
**دە شێوە دارۆ ئەو ماهـ تابان**

پەرێ ڕۆشنایی ئەرزو ئاسمان
هەم وە شێوەی ئەو جەمع ستاران
وە شوعاع شەمس موعاکس مەبان
زەحل پا مەریخ زوهراو موشتەری
جەوزاو ترازوی قوطب و قەمەری
کوورەی دۆزەقی شەمس جیهانگیر
چەنی هەفت قازان نارو زەمهەریر
دوو کەففەی میزان مدران موعەللەق
پەرێ حەسابات بەهەشت و دۆزەق
مەسافەی مابەین زەمین و قەمەر
چەند ملوێن میلەن وە قەیدو دەفتەر
هەم سومك و کوورەی بڵندی باڵاش
سەد ملوێن میلەن نمەبۆ حاشاش.
★ ★ ★

لەم چەند خشتە شیعرەی خوارەوە باسی ژیانی ڕابوردو دەکاو دەیبەستێ بە ژیانی ئەمڕۆوە:

با بوانیم بەحس ماجەرای ئینسان
تەطویر ئیظام ڕابوردووی جیهان
سەدو هەشتا ساڵ چینە وەریتەر
وە زۆر بازوو مەئماثان هونەر
ئەماکینە بی نە ئەسلیحەی نار
ئەواسیطەی نەقل سەیارەو قیتار
ئەشیای موختەلیف ئەموال توجار
قافڵەی حەیوانات پشت وە کۆڵ و بار
مەنزلگای سەفەر خانات ناو شار
مەئموورو مەئجوور کاروانچی‌و بازار
میللەت چە دەوڵەت وێش ئەوی مەئموون
دەیجوور بی تفاق ئی روبع مەسکوون
عالەم بی چە تەوق سوڵطەی مەمالیك
ڕۆژشان بی وێنەی شەوگار تاریك
مەللاك و شەحنە موختارو مەئموور
مسکێن وە سوخرەی ئیشان بی مەجبوور
(ظلم بلا حق) ڕاشی‌و مەرتەشی
چە ئەتوارشان کەم کەس بەرمەشی
مەلاو مەشایخ چەنی دەروێشان
بورهان و دەلیل کەراماتشان
پەی قبووڵ کەردەی ئیعتیبارشان
زەرگە و تیغ وەشێن ساج نارشان
تەکیەی عیبادەت جای ئەعمالشان
ڕەحمەت وە ئەیتام کەردەی کارشان
گشت وە عەشق دین موفتەدی بیشان
تەقدیر وە ظروف زەمانەی ئەوشان
بەڵك و مەرحەمەت بۆ چە قەلبشان
فەللاح هیلاك بی عامل پەریشان
بەس تەئسیرش بی وە ئەهل ئیمان
ڕەنج هیچ و پووچ کەردەن گوزەرانت
حەتا مەصانع بەرشییا وەبەر
کەم کەم سەعادەت دریا وە بەشەر
ئینسان چە قەدیم حەتا وە ئارۆ
غەزەب و ڕەحمەت چە وێش مەوارۆ
کەس چە حاڵ کەس خەبەر نەدارۆ
ئەسرار چە سینەی هەم وێش مەشارۆ
بولبول چە قەفەس ماچۆ دەرد وێش
پەرێ قەل و قوش چە ئەطراف خێش
بەڵك و بوینان عیلاجێ پەرێش
نەغمەی عەشق یاروە دوستاغان چێش.
★ ★ ★

شاعیر پارچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە بە ناونیشانی (سوبح و سەحەرەن) ئەم پارچە شیعرە لە (١٨٠) خشت = دێڕە شیعر زیاترە لە بڕبڕەی شیعرەکەدا باسی جەنگی جیهانی یەکەم دەکا کە لە ساڵی ١٩١٤ی‌ز ڕووی داوە هەر

وەهــا وێنــەی گوزەرانی خەڵکی ئەو سەردەمــەی کێشـاوە فەرموون ئەمیش چەند دێرێکە لەو شیعرە.

سەرەتای شیعرەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

ئیستاکە وەعدەی سوبح و سەحەرەن
ئەزیش جارِ مەدی کێ وەخەبەرەن
پەرێ زەلیلان شەخصێ موستەجیر
رەها کەرۆ بەند دوستان ئەسیر
یا وەمەعریفەت دانای تەدابیر
بیاوۆ وە داد مسکین و فەقیر
وێنەی مەلۆچەك یا بولبول هەزار
دەلیل و دەستگیر یار وەفادار

شاعیــر بەرە بەرە دەچێتــە سەر باسی جەنگی جیهـانی یەکەم و دەڵێ:

هەم بەیمێ وەسەر حالاٚتا ئینسان
دەهرو ماجەرای زرووف سالاٚن
ئەو ساڵ هەفدەی نۆسەدو هەزار
عەهد عوسمانی عەلیاشدا قەرار
چە تابیعەی وێش بستانۆ طەعام
پەی ئەرزاق جەیش دەوڵەت ئیسلام
تاکەرۆ تەئمین مەصرووف ئەرتال
روو بەرووی عالەم مەعرەکەی قیتال
چا حەرب عوظمەمای عالەمی ئەوەڵ
ئەسباب کاران کەردن موکەمەل
چەرخناشان هارِ ئاسیاب نەبەرد
مەغلووبەی ئاشووب مەحشەر وەیا کەرد
ئەرزاق میللەت یەکجاری کەم بی
چە دیدەی عالەم دنیا ماتەم بی
ئەو حەرب عوظمەمای حوکم عوسمانی
تەکلیف دا وە بان ساڵ گرانی
واسە بی تەقدیر کەم حاڵ و گەدا
چەنی بیماران غەریب مەئوا
لاتو بەرەڵلاٚ بێ ماڵ و تەمکین
چە ئاوراییدا فەوتو فەنا بین
وە بۆنەی دەوڵەت عەلیەی عوسمانی
هەفت ملوێن بەشەر عومرش بی فانی
بەعزێش چە مەصاف مەعرەکەی نەبەرد
چا خاك غوربەت جەنگ فەناشان کەرد
میللەت زەعیف بی وە کۆچ و هیجران
(سَحیق الرِّجال) پەی تەعقیب نان
بەعزێ چە هیجرەت وەعدەش تەواو بی
غەریق لەجەی رەحمەت ئاو بی
خەیلێ یەتیمان چا خاك غوربەت
فەوتو فەنا بین چە ئاورایی سەخت
پەنجا هەزار کەس تورك ئەناضۆڵ
چا خاك غوربەت بیابان چۆڵ
چە ئاوراییدا لاتو لەغەر بین
مەحرووم حەیات (دار الوقر) بین
چەو سەردا ئۆردی (یوسف عزالدین)
مەیل فەرەنسا وەنەش بی ورگین
مەرِ مەرش وە تۆپ غەرق دەریا کەرد
هەزارو دوو سەد یەسیرش ئاوەرد
هەزارو دوو سەد ئەجەیش فەرەنسی
تەسلیم بین وە دەست تورکان چەرکەسی
ئۆردیگای هەفتەم چە موڵك عیراق
وە فتوای جیهاد کەردن ئیتیفاق
ئەنوەر پاشا وێش قائید عامش بی
ئەوەڵ ساڵ حەرب فەتح و سامش بی
دووهەم ساڵ خوطەی غەلەطدا ئەجەنگ
روو بە ئینگلیز چون شێرو پلەنگ
داشان وەهەمدا دوو سوپای سەنگین
مەیدان نەبەرد چە خوون بی رەنگین
ئاسیاو ئەورووپا چەنی ئەفریقیا

داخل بین وه جەنگ ئەرکان دنیا
چە ساڵ هەژدەی نۆسەدو هەزار
ئینگلیز داخل بی تا وه بەغداد شار
ئەو رۆژە ئەرواح چە قورنەی قەفەس
رجوع بین وه زات فەرد فریاد رەس
چە بریقەی ئاتەش ئەسلیحەی ماوزەر
ماچی قەیامەت ئاخێز کەرد وەبەر
چەو لاوه ناڵەی مەترەلۆزو تۆپ
لەویس و فیکرەس دەستارِ ئاشوب
ئەهل مەراتب چەنی ئەفسەران
تینیو تامەزرۆ بیمارو نوقسان
هندستان و چین یابان و کرکاس
تفاق بین وه سەر یەك دەنگ و یەك باس
ئەرژەنتین چەنی بەلجیکەو فیتنام
هەنی زنجەبار کۆستاریکاو چام
هەم سەنغافوورەو ئوزاغ و بوزاغ
کەشمیرو لاهورِ کراچیو کونداغ
گشت بین وه یەك دەنگ چەنی ئینگلیز
بۆمبای وه سیلان تاجیل ئەندیز
غەربەن فەرەنسا وه شیمالەن رووس
ئەسپانیا چەنی طەلیان عەبووس
تورکان چە عێراق یەك دەم جەلا بین
وه حەرب ئینگلیز وه هندستان و چین
چەو دما مێردان عێراقی زەمین
چە حەیدەرخانە مەجلیس تشین بین
(مَلك الکشافه) ئاوردن وه کار
(فیصل الحسین) نیشت نەتەخت زەرِ
چە بەین ئینگلیزو مابەین عەرەب
وارث بی وەحوکم کورسی وه مەنصەب.

★ ★ ★

هەر وەها شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیدا لە خوا دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی لە گوناهی خۆش بیٚو لە دەردو بەڵای ناگەهان بپارێزێ: -

عیراقی نەسەب (کشاف المیحن)
گیان کەردهن فیدای خاك و رای وەطەن
ئیلاهی وه ناز شەفیع مەحشەر
یەعنی محەممەد راهدارو رەهبەر
دووهەم وه حورمەت چوار یار نەبی
ئەبوبەکرو عومەر عوسمان و عەلی
سەهەم وه حورمەت ناز شەهیدان
وه عەشق حوسەین دادەن سەرو گیان
قبووڵ کەری خێر کەردەی کەردەدار
بوگزەر چە تاوان عەبد گوناهکار
فەرموودەی وێتەن ئەسباب و ئاجال
کەردەی خێرو شەرِ تەطویر ئەحواڵ
دادەنی دەستوور وه کوللی ئینسان
دوو راگەر یەك دەر دوو شاخەی جیهان
سەعیدو شەقی چەنی خاسو عام
هەفتادو دوو دین دارۆ یەك مەقام
مەقام یەك رەنگ راگەی راستانت
موسەع رەحمت لوطف و ئیحسانت
وه (حسب الکتب) ئەرزو ئاسمانت

هەم وه رۆژ حیساب سرِ نیهانت
وه ئەنوار پاك نەقش ئەکوانت
وه شەرع و ئەصناف پێغەمبەرانت

وه رای شەرتو شۆن قەڵەم دارانت
وه حوکم ئایات شرح قورئانت
بوگزەر چە تەقصیر بەندەی بیٚ طاقەت
مونتەظەر نەحوب چەمەرای ڕەحمەت

یە (رفعەت) واتەن هیچش نەزانان
یەك شەخصیٚ بیٚ کەس چە خزمەتکاران.

# عەرعەر

# بنێزەکەی میرزا

# عەبدوالقادری پاوەیی

○ محەممەد عەلی قەرەداغی ○

لە کۆتایی مانگی حەوتی ئەمساڵدا سەریکم لە سلێمانی دا، لە سەردانەکەدا دیدەنی یەکی مامۆستا مەلا حەمەئەمینی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیم کرد. لە دەرفەتێکی کەمدا گەلێ نامەو دەسخەتی جوان و نایابی پیشان دام و، دواییش دوو دەسخەتی داپێم کە ماوەیەك لە لام بن و سوودیان لێ وەربگرم. یەکێك لە دەسخەتەکان بە خەتی خوالێخۆش بوو مەلا مەعرووفی باپیرەیەتی و لە نووسینێکی دیکەدا چەردەیەکم لەسەر نووسیوە. ئەو دەسخەتەکەیان بە خەتی مەلا محەممەدی مرادی جوانرۆیی یەو، لە ساڵی ١٣٤١ د ك ١٩٢٢ی زدا لە هەواری تاریکە نووسیویەتی یەوە.

ئەم دەسنووسە شڕو پەڕپووت بوەو، سەرەتاو کۆتایی نەماوەو، سەرجەمی ئەوەی کە ماوە (٢٨) لاپەڕەیەو، لەسەر شێوەی بەیاض نووسراوەتەوەو، ئەندازەی نووسراوی لاپەڕەکانی وەك یەك نیە؛ لاپەڕەی وا هەیە (١١) بەیتی تێدایە، لاپەڕەی وایش هەیە چواردەو زیاترو کەمتر.

دەسنووسەکە شیعری چەند شاعیرێکی کوردی تێدایە،

لەوانـە: ئەحمـەد بەگی کۆمـاسی‌و، میرزا قادری پاوەیی‌و، شێخ ڕەزاو، عەبـدوڵـلابـەگی شەرەف بەیانی‌و، فەرەج و، بێسارانی‌و، میرزا شەفیع و، طاهیر بەگ...

دەسنووسـەکـە سەرەڕای شڕی‌و پەرپـووتیەکەی تەڕیش بوەو، تەڕی‌و نم ئەم بەرەوبـەری کردوەو، نووسـراوەکـەی شێواندوەو، زۆر بە زەحمەت دەخوێنرێتەوە.

هەرچۆن بوو دەستم کرد بە بەراوردکردن و خوێندنەوەی شیعرەکان. یەکەم کەس ئەحمەدبەگی کۆماسی‌و (گلکۆی تازەی لەیل)[1] بوو. دوابەدوای ئەو ئەم پارچە شیعرەی میرزا قادری پاوەیی بوو کە لەم هەلەدا پێشکەشی دەکەم.

ئەم پارچـەشیعـرە لە کتێبی میـرزا ئۆلقـادری[2] مامۆستا محـــمـــەد ئەمین هەورامـــانیـدا بلاو کراوەتـەوە. بەڵام لە کتێبەکەدا تەنها (١٦) بەیتی لێ‌بلاوکراوەتەوە، لێرەدا ـ وەك دەبینی ـ (٣٦) بەیتە. واتە (٢٠) بەیتی لە کتێبەکە زیاترە. جگە لەوەیش لەبەر ڕۆشنایی ئەم نوسخەدا (١٦) بەیتەکەی کتێبەکە باشتر ڕاست دەکرێنەوە، هەندێك جێگەیش هەیە کە مامۆستا هەورامانی لە هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیدا باش بۆیـان نەچـوەو، بە بلاوکـردنـەوەی ئەم نوسخە ڕووی ڕاستییان باش دەردەکەوێت.

هەروەها جگە لەوەی کە چنگ کەوتنی دوو نوسخە ـ یا زیـاتـر ـ تا چ ئەنـدازەیـەك لە کاری لێکـۆڵینـەوەدا یارمەتی لێکۆڵەرەوە دەدەن و، کاتی بۆ دەگێڕنەوەو، ڕێگای بۆ کورت دەکەنەوە... ئەوەیشمان پیشان دەدەن کە میرزاو بنووسانی کەشکۆڵەکان تا چ ڕادەیەك دەسکاری شیعری شاعیرانیان کردوە ـ ئەگـەر نوسخـەکـەی لەمەڕ مامۆستای هەورامانی لە باتی دەستاودەست دەماودەم نەهاتبێ ـ بەڵام من وا دەزانم ئەم نوسخـەی بەردەستمـان زیـاتـر لە نوسخـەی شاعیـرەوە نزیکـەو، لەوانـەیە نەخوێندەوارو گۆرانی بێژان نوسخەکەی مامۆستـا هەورامانییان لەبەرکردبێت و، ماوەیەك دەماودەمی کردبێ تا ئەنجام لەسەر لاپەڕەیەك ئارامی گرتبێ. خۆ ئەگەر مامۆستـا هەورامـانی سەرچاوەی ئەم پارچە شیعرەی دیاری بکردایە باشتر دەمانتوانی لێ‌ی بدوێین.

دواجـار ئەوەیش لەبیـر ناکـەم بە بۆنـەی شڕووڕی‌و تەڕبـوویی نوسخـەکـەوە وەك پێویست پارچـە شیعرەکەم بۆ نەخـوێنـرایـەوە. ئەو شوێنـانەی گومانم لێیان هەیە ئامرازی سەرسوڕمانم لە نێو دوو کەوانەدا ئاوا (!) بۆ داناون. جاری وایش هەیە جێگەکەم بە بۆشی هێشتوەتەوەو چەند خاڵێکم داناوە.

من کلام مرحوم میرزا عبدالقادر پاوە رحمە اللە علیە بتأریخ ١٣٤١

عەرعەر بێزەکەم! عەرعەر بێزەکەم!
نەمام نەوڕەس، عەرعەر بێزەکەم!
ئاهووی نە سا سڵ، سەحەر خێزەکەم!
دڵروبای دلبەر، دڵ ئاوێزەکەم!
سەوڵ وەش تەرکیب شیرین خاڵەکەم!
مەحبووب بێ‌عەیب، شەم جەماڵەکەم!
نەزاکەت فرۆش، لارەو لەنجەکەم!
دەریای مەعریفەت، سوخەن سەنجەکەم!
کۆگای زەبەرجەد،[4] دانەی لاڵەکەم!
کان حەیاو شەرم، پڕ کەماڵەکەم!
سەوڵ نازپەروەر، جەمین جامەکەم!
گوڵ قام، گوڵ ئەندام، گوڵ گولاوەکەم!
گوڵ دەس، گوڵ قامەت، گوڵ ڕوخسارەکەم!
شەرط و شۆن دروست، وەفادارەکەم!
عەهدو بەین دروست، سزاوارەکەم (!)
صاحیب وەفاو مەیل، وەش ڕەفتارەکەم (!)
ریشەی دڵ پەی‌کەر مار ئەندازەکەم!
یەك ڕەنگ، یەك مەقام، یەك مەجازەکەم!
توحفەی وەش قوماش، دڵ پەسەندەکەم!
شۆخ نازەنین، دیدە ڕەندکەم!
خاوێر خاڵدار، خەرامانەکەم!

شیفای دەرد نە دڵ نیسیانانەکەم (!)
تەوانای قووەی خەستەی خەستەکەم!
مەڵهەم نومای جەرگ ماران گەستەکەم!
قیبلەگای مەقصوود دنیای بینەکەم (!)
کەعبەگای نەجات سەرزەمینەکەم!
دەوای ئێش زام سفتەی نارەکەم!
ڕۆشنیی دیدەی سۆمای تارەکەم!
رەندم، رەوێڵم، حاڵزان حاڵم!
شەمعم، شیرینم، شەوچرای ماڵم!
دۆسم، دڵسۆزم، شەوچرای ماڵم![٥]

ڕۆحی رەوانم، یاگەی خەیاڵم!
دۆسم، دڵسۆزم، یارم غەمخوارم!
حوکم، حەکیم، شیفای ئازارم!
سۆزم (کدازم!) زەوقم، دەماخم!
شادیم، پۆشاکم، بەرگم، پەرداخم!
گەنجم، گەوهەرم، مایەی تیجاریم!
طەلام، ئەشرەفیم، دانەی دیاریم!
خاوم خەیاڵم، دیدەم پەناییم!

ماڵم ئیقباڵم، خەزانەی شاهیم!
خوردم، خۆراکم، تامم، مەقامم (!)
قووتم، قنیاتم، شامم، نەهارم!
شەهدم، شیرینیم، شەوقم، شەراوم!
خاوم، سەراوم، راوم، کەواوم!
سازم، روبابەم، چەنگم، چەغانەم!
لافم، گەذافم، عوذرم، بەهانەم!

دینم، ئیمانم، قیبلەم، سوجوودم!
فەرزم، روکووعم، عەینم، مەقصوودم!
وەرعم، طەریقم، دەستگیرم، پیرم!
قوطبم، یەقینم، بەدرم، مونیرم!

حەجم، طەوافم، صەومم، صەلاتم!
غەزام، سونەتم، فیطرم، زەکاتم!
خوطبەم، خەطیبم، خەتمم، خیطابم!
عەظم عەظیمم، عەطام، عیتابم!
جامم، . . . دەفم، کەشکۆڵم!
عەصام، تەسبیحم، هەمڕاز چۆڵم!

مزگیم، ئیمانم، وضووم، شادەتم!
شەرعم، شەرتەکەم، عورفم، عادەتم!
تەقوام، طاعەتم، ذیکرم، ئەورادم!
فیکرم، خەیاڵم، دەرسم، ئوستادم!
کەسبم، کەماڵم، روتبەم، رەوشتم!
بەیتم، کەلیسام، دەیرم، کەنیشتم!
حەوزم، حەیاتم، باغم، نەمامم!
صەفام، سەهەندم، موڵکم، مەقامم!
ساقیم، کەوثەرم، بادەم، طەهوورم!
طووبام، بەهەشتم، حۆری پڕ نوورم!
ساتۆیچ هەی ئازیزا هەی شۆخ دلبەرا
ئارەزووی دنیاو قیامەتم کەر
هەوادەر شاباڵ موژەی دڵ پەی‌کەر

ئارەزووی دنیاو قیامەتم کەر
یەك جار تیر مەرگ نە تۆی جەرگم بەر
ئارەزووی دنیاو قیامەتم کەر[٦]

هەر لەو دەسخەتەدا لە دوای ئەم پارچە شیعری میرزا عەبدولقادرەوە ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەیش ـ بێ دیاریکردنی ناوی خاوەنی ـ نووسراوە. وا ئێمەیش لێرەدا

دەینووسین. شایانی باسە ئەم پارچە شیعرە لە (دیوانی مەولەوی)شدا[٧] هەیە، بەڵام لەوێ سێ بەیتەو لێرەدا چوارەو، کەمێکیش جیاوازییان هەیە. جا ئایا ئەم پارچەیش

هەر هەمان پارچەی دیوانەکەیەو، نوسخەکەی لای مامۆستا بەو شێوە بوە؟ یان وەرگرتن و خواستن لە نێوان مەولەویو خاوەنی ئەم پارچەی ئێرەدا هەیە؟ وەلامی ئەمە پێویستی بە نوسخەی دیکەو دیاریکردنی خاوەنی ئەم پارچە ـ ئەگەر بێجگە لە مەولەوی خاوەنی هەبێ ـ هەیە.

ئەمەیش پارچەیەکە وەك لە دەسخەتەکەدایە:

**دووربا، مشنەوون لەیل زوکامشەن**
**ئێش وار[8] باڵای نەونەمامشەن**
**بە واتەی حیکمەت ئێدەن عیلاجش**
**چونکە بە هوونم تەشنەن میزاجش:**

**هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش**
**پیشرایی[9] کوورەی نار عەشق وێش**
**بە مەودای برژانگ[10] سۆراخش کەرۆ**
**گەرمی مەشامەی دەماغش دەرۆ**

**پەراوێزو سەرچاوەکان: -**

(١) دانـانی گڵکـۆی تازەی لەیـل بۆ ئەحمـەد بەگی کۆمـاسی گرێکـوێرەیەك دەخاتـەوە سەر ئەو باسـەی کە مەحموود زامدار لە ژمارە (١٠١، ١٠٢)ی گۆڤاری بەیاندا لەسەر حەمەئاغای دەربەند فەقەرەو گڵکۆی تازەی لەیل نووسیبووی.

(٢) بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی، میرزا ئۆلقادر، چاپخـانـەی کۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغـدا، ١٤٠٤ك، ١٩٨٤ز. ل: ٥٦.

(٣) لە فەرمـایشتـەکـانی خوالێخـۆش بوو میـرزا عەبـدولقـادری پاوەیی ـ ڕەحمـەتی خوای لێ بێ ـ لە مێـژووی (١٣٤١)دا. واتـە نووسـەر لەو مێـژووەدا نووسیویەتیەوە، نەك شاعیر لەو کاتەدا گوتوویە.

(٤) لە دەسـخـەتـەکـەدا لە جێگـەی ئەم وشـەدا (مـەعـریفـەت) نووسرابوو، لە سەریەوە (زەبەرجەد) نووسرابوو، ئێمە ئەمەیانمان پەسەند کرد کە لێرەدا بێت: چونکـە لە دێڕی پێش ئەمـەیشـدا (مـەعـریفـەت) هاتووە، دووپـات بوونـەوەی وشـەیەك لە دوو دێڕدا پەسـەنـد نیە. شایـانی باسـە ئەم وشـەیـە لای مامـۆستـا هەورامـانی (نـەبـەرجـەد)ە و دیارە کە هەڵـەیـەو (نەبەرجەد) مەبەستێك بەدەستەوە نادات.

(٥) لەم دوو سێ بەیتەدا هەست بە ناجۆریی و کەم و کووڕیی دەکـرێت: چونکـە دووپـات بوونـەوەی (دۆس و دڵسـۆز)و (شـەوچـرای ماڵ) یەك لە دوای یەك بێ مانـاو مەبـەستێکی تازە شیـاوی شیعـر نیە. ڕەنگە نووسـەر ئەو دێرانەی لە بری دێڕی دیکە نووسیبێ‌و دێڕەکانی تری لەبیر چووبێت.

(٦) ئەم دێڕەیش بەم جۆرە سێ جار نووسراوە.

(٧) بڕوانـە مەلا عبـدالـکـریمی مدرس، دیـوانی مەولەوی، پیتی شین، پارچەی (١١).

(٨) ئەم وشـەیـە لە دیوانی مەولـەویـدا بە (دیشـوار) نووسراوە، بەڵام من وام بە بیردا هات کە (ئێش وار) واتە: (ئێش باری) باڵایـەتی بێـت. بە تایبـەتی کە شێـوەی نووسینی دەسخـەتـەکـەیش تۆزێ یارمـەتی ئەم بۆچـوونـە دەدات. چونکە لە دەسخەتەکەدا ئاوا (ایش وار) نووسراوە، هەرچەند پیتی یەکەم بە (د)یش و بە (ا)یش دەچێت.

(٩) ڕەنگە (پیشراویی) بێت و، نووسەر (و)ەکەی لەبیر کردبێت.

(١٠) ئەم وشـەیـە لە دەسخـەتەکەدا وەك (موژانگە)یش دەچێت، بەڵام وەك (موژگان) دەرناکەوێت.

# حەیرانوك

○ زیاد نقیب برواری ○

زار گوتنا مە كوردا، باخچەكێ بەرفرەهـ وبیاڤە، هەمی جورێن گول وگولزار ورحان وسیسن وبنەڤشانە. . . بەژنێن خوێێن رند وجـوان، ژێر سیبـەرا ڤی باخچێ سپـەهی ورەنگین، وەرپاددەن ودهەژینن. . !

بێهنێن خوێێن قەشەنگ وپڕ ڕەنگ ل دوور ورەخێن ڤێ سروشتا ب خەمل وجوان بەلاڤ دكەن، گشت دلێن نازك وئەڤیندارا ل دورێن خو دجڤینن، دیلانەكێ، گوٚڤەندەكێ دئافرینن. . . ئەڤ دلان، لێ دبیتە سەما وشاهی، پەیڤێن ڕەسەن وپەتی ژمەڕا ڕێز دككەن ودشینن. . . جەرگ وهناڤا دشەوتینن. . . . دكوزرینن.

یەك ژ جورێن ڤی ئاوایێ هوێێ رند وسپەهی، سترانێن ئەڤیندارانە، حەیرانانە، دل ب كولانە. . . چاخێ ئەڤینتی ودلـــداری، دەرگـــەهـێ دلـێـن وان دقـوتیـت ولێ دبیت میهڤان. . وی دەمی چ پەیڤەك، كوڤانەك، هزر وبیرەك، مرازەك، نیـــازەك، ددلێن وان دا پەنكیـــابیت وڤـەمـابیت، ژمەڕا دشینن، ب جورەكێ گەلەكێ دل ڤەكەر وژێهاتی. . .

هەژی گوتنێ یـــە، ئەڤ ئاوا وجـورێ ستران وهـوزانێن ئەڤیـنـدارا. . . (حـەیـرانـوك) یەكە ژ جورێن زار گوتنا، كو ژتـــەڤ جورێـن دن یێـن زار گوتـنـێ، زرێڤـە سەرێ خو هەلدابن، وخو كێشابنە قادا هزر وبیر وئاشوپا مللەتان.

ئەڤ ستران وهوزانێن هەنێ، كەڤنترین جورێ سترانێن

فولکلوری‌نه. . [1]

[دیسان حەیرانوك «Heyranok» هوزانێد فولکلوری ێد کوردی‌نه. . بابەتێ سەرەکیێ وان ئەڤینی وحەژێکرنه. . .]. [2]

[هەردو رەنگێد سترانانه. . . [3] ئانکو هوزانێد فولکلورینه. . دەما ئەم دبێژین هوزانن، خویا دبیت کو بکێش وقافیەنه. . نەبەس ئەڤە بەلکو پری‌یا هەر دوان لسەر بنواشێ [چار برگەیی = چار دەنگی] هاتیە ڤەهاندن.] [4]

هولێ برانۆ. . حەیرانوکێن مه گەلەك ددل ڤەکەرن. . . هوزانن. . . پڕ ئاوازن. . . هندە جارنا ژی وە ل مروڤی دکەن، تژی چاڤێن مروڤی روندك ودلی ئاخینك دبن. . .

ل ڤێرە، ڤان چەند حەیرانوکێن ژێری ئەز ژ خوەندەڤانێن هێژارا دکەمە دیاری.

- ١ -

حەیران دلکێ منۆ کانیا مێرا<br>
دلکی من ڤەکەلێشن<br>
ب دەنە بەر جزدان وکێرا<br>
ئەز یالاوا بوم<br>
ئەز دامە پیرە مێرا

- ٢ -

دلکێ منۆ خانا درێدا<br>
کاروانەك هات ودانە تێدا<br>
خازی خودێ مرادا من<br>
حاسل کربا دڤێ هەیڤێدا

- ٣ -

ێ وەرن دلکێ من ڤەکەلێشن<br>
قودیکەکا تێدا رەحمەك<br>
مەلانە ئێك دەروێشن<br>
دەردێ ئەشقێ وئەڤینیکێ<br>
زور گرانە کەس نەبێژیتن

- ٤ -

حەیران ئەز دێ مرم<br>
من نەبەن ناڤ مری‌یا<br>
قەبرێ من پ کولن<br>
ل بن دارەکێ ل سەرێ ری‌یا<br>
هەکە بەس دهێتن<br>
بێرا ئێڤاری<br>
دا ب هێتە گوهێت من<br>
فیت فیتا شڤانی<br>
ئو زرزرا مەنجەلوکێت<br>
ڤان بێری‌یا

- ٥ -

کورکۆ دینۆ<br>
رێکا گەلی رێکا مەیە<br>
ترێ رەزا بالەتەیە<br>
قەولێ منۆ حەیرانێ من<br>
ئەڤ هەیڤکا ل سەر مەیە

- ٦ -

کورکۆ دینۆ<br>
رێکا گەلی ب هاتن وچونه<br>
تە شەل رەش وشەپێ جونه [5]<br>
من نەزانی غەریب دهونه

- ٧ -

کورکۆ دینۆ<br>
رێکا گەلی ب خر وبەره<br>
کالکێ بێخە ب گورێ وەره<br>
هەکە درها دێ بو تە چێکەم<br>
ب ئارمێشکێ سور وزەره

- ٨ -

حەيران خودانێ هێسترێ
تو بارێ خو بارکە شەڤلێ کەبرێ
خەلکێ چويە کزوتێ[٦] تو بو من هەرە دەزگرێ

- ٩ -

باران بارى قەد ڤەنەکر
کورکۆ دینۆ بارا بارى قەد ڤەنەکر

لاوکۆ دینۆ تاڤێ لێدا زوهانەکر
ئەز وحەيرانێ خو مالێ ئێك بوين خودێ حەز نەکر

- ١٠ -

حەيران حەيرانێ منۆ
تو کێلى وفەرشا دانە سەر دلێ منۆ
دا ئەز نەبينم تو بێ پ مال وژنۆ

- ١١ -

ئەز پير نەبوم تەپيرکرم
کورکۆ دینۆ ئەز پير نەبوم تەپيرکرم
کرمە نەشتێ هەڤيرکرم
لاوکێ من عەبدالەکا خودێ
چو زوزانێت ژورى
يارکەك گرت وئەز ژبيرکرم

- ١٢ -

حەيران هومە هومە
ئاڤکا گوندێ مە جەلال وجومە
کورکۆ دینۆ دێ وەرە من پ خازە
هەکە ئەز ژدەستێ نە چومە

- ١٣ -

حەيران گەلى ل بەر گەلى
باکەکێ هين هات ودلکێ من کەلى
دێ بلا ئەز هنکوستيرکەکا زێرى بامە
ل تلا يارکێ خو لاوکێ چەلى

- ١٤ -

کاروانى خوش کاروانى
حەيران کاروانى خوش کاروانى
م زانى ل کيرێ بارکر
بەلێ من نەزانى دێ ل کيرێ دانى
هەکە دا سينگێ خو
کەمە مێرگ وئو مەکێت خو کەمە کانى

× × ×

ژێدەر و تێبينى:-

١ - علم الفولكلور. الكزاندر هجرتي كراب. ترجمة رشدي صالح. دار الكتاب العربي ١٩٦٧.

٢ - عبدالرحمن مزورى. کوڤارا بەيان ژمارە ١٠٠، ١٩٨٤.

٣ - ل ڤێرە سەيدايێ هێژا عبدالرحمن مزورى، هەڤبەرکزنەك يا کرى دناڤبەرا حەيرانوکێد کوردى ورومانسێد ئەسپانى دا.

٤ - ژێدەرێ بەرێ.

٥ - جونە = جورەکێ رەنگێن مەرەزىيە.

٦ - کزوت = جلکێن بوکينى يێنە.

٧ - ئەڤ حەيرانوکێن هەنى من ژ زار دەڤێ دەيکا خو نڤيسينە.

# دڵدار

# شاعیری شۆڕشگێڕی کورد




لەسەر نووسینی: کەمال غەمبار

کە «دڵدار»ی شاعیری جوانەمەرگ لەکۆلێجی ماف «حقوق»دا قوتابی بوو، یەکەم کەس کە پەنجە خستە سەر شیعرەکانی و دەستنیشانی بەهرەی شیعری ئەم شاعیرە کوردەی کرد، مامۆستا رەفیق حیلمی بوو. کە ئەو حەلە «دڵدار» جاروبار شیعری خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گەلاوێژدا بڵاودەکردەوە، شیعرەکانی شاعیر سەنجی رەفیق حیلمی راکێشاو ئەویش بەم جۆرە شاعیری پێشکەش خوێنەران کرد:

«بەلای ئێمەوە دڵدار شاعیرێکە زۆر باڵا، ئەگەر لەهەندێ شیعریا ناپوختەیی هەبێ بەهای شاعیریەتی پێ ناشکێت، منالێك کە هەموو ژیانی خۆی بەخوێندنەوە رابواردبێ و هێشتا لەخوێندنی پێویستی «رەسمی» رزگاری نەبووبێ ناتوانێ ببێ بە شاعیرێکی (کەسبی) و بگاتە پلەی ئەوانەی شیعریان کردوە بەسەنعەت لەگەڵ ئەمەشا دڵدار هەر لە مەکتەبی (ئیبتدائی یەوە) دەستی کردوە بە شیعر وتن لەم مەیدانەدا گۆی هونەری بردۆتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە کەموکورتی شیعرەکانی ئەومان نەگرتە بەرچاو، بڕوامان هەیە بەوەکە شاعیرێکی فطری و خوادادە، هیچ گومانی تێدا نیە کە هەڵێکی باش و کۆلینەوەیەکی ئەدەبی ورد دڵدار ئەگەیێنێتە ریزی شاعیرە گەورەکانی کورد، ئەویش لەوێ بوەستێ لەلایەن بیری قووڵ و خەیاڵی وردەوە، ئێستەش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرانەوەیە کە هەندێ ووشەی

رەق و تەعبیری ساردی وا ئەهۆننەوەو ئەیکەن بە (نظم) کە بەدیمەن و بیستن شیرین و رەنگین، بەلام لەماناو حەقیقەتدا پووچ و بێ کەلکن، ئیمە ناتوانین لێرەدا هەندێ شیعری دلدارنووسین کە زادەی بیرێکی زۆر قووڵ و زەکایەکی ئیجگار تیژن و لایشمانەوە ئەو شیعرانە وێنەیکی روون و رەوانی تەفکیری عەسری) یە، بەلام زۆر جێی داخەکە پێوەندی گرانی تەقالید ئیمرۆ رێ نادا بەبلاو کردنەوەیان، زۆر تریشی ئەو جۆرە شیعرانەیەتی کە دلدارو شاعیریەتی بلندی دلدار بەئیمە ناسی، ئەو شیعرانەی کە لەهۆنینەوەو دروست کردنی ووشەو تەعبیری رەنگاورەنگ و رێکخستنی قافیە زیاتر کۆلینەوەی فەلسەفەی ژیانمان بیرئەخاتەوە وەچەشنی لێکدانەوەی ئەم شاعیرەمان تێ ئەگێنێ کە بەتەمەن منال و بەمێشك گەورەو پیگەیشتوو. . . »

ئەم بۆچوونەی مامۆستا رەفیق -میلمی نووسەر یکی وروژاند کەبەرپەرچی بداتەوەو لە گەلاوێژدا بەناوی «ج» لەسەر رایەکەی مامۆستای ناو براوی نووسی، کەچەند شیعرێك شاعیر ناگەێننە ئەوپلەیە، هەر چۆنێ بێ دلدار بەپێی تەمەنی و چوارچێوەی مێژوویی ئەو قوناخەی کەتیایا ژیا شاعیرێکی بەهرەدارو نووسەرێکی کارامەو بەتوانابوو، ئەگەر تەمەن مۆلەتی بدابایە ئێستا لەریزی شاعیرو گەورەکانمان دەوەستاو دەورێکی دیاری لەسەر نەخشەی شیعری کوردیدا دەبوو.

مامۆستا عبدالخالق علاء الدین ئەرکی زیندووکردنەوەی بەرهەمەکانی دلدارو شیعرەکانی خستوتە سەرشانی خۆی، لە کتێبێکی ٢٤٠ لاپەرەیی دلدار پێشکەش دەکات بەناوی دلدار شاعیری شۆرشگێری کورد». کتێبەکە بەیارمەتی ئەمینداریتی ی گشتی ی رۆشنبیری و لاوان لەچاپ دراوە، بەرگەکەی بەتابلۆیەکی هونەرمەند محمد عارف رازاوەتەوە، لەسەر کاغەزێکی سپی ولووس چاپکراوەو، چەند وێنەیەکی قوناخی جیاجیای دلدارکە بۆ یەکەم جار بلاودەکرێنەوە نرخیکی تایبەتییان بەکتێبەکە داوە.

ئەم کتێبەی کەلێ ی دەدوێنین بریتی یە لەپێشەکی یەك کە تیایا نووسەر باسی چۆنیەتی کۆکردنەوەو دەسکەوتنی بەرهەمەکانی ئەدەبی و شیعرەکانی دلدار دەکات، دوایی دێتە سەر چاپکردنی شیعرەکانی دلدار، کە دوو جار چاپکراون و دەلێ: دلدار شیعری بلاونەکراوەی کەمە، هەرچی هەیەتی لەدایوانە چاپکراوەکەیدا هەیە تەنیا دووپارچە نەبێ یەکەم لەژێرناوی» ئادەمیزادو ئەدیان» دووەم بەناوی (موفرەدات) ئەو دووپارچە شیعرەش لەبەر پەیرەوی باری کۆمەلایەتی و سیاسی ماوەی بلاوکردنەوەیان نەبوە. بەلام یادداشت و بەرهەمە ئەدەبیەکانی تری جگە لە چەندووتارێك کە لەگەلاوێژ بلاوکراوەتەوە ئەگینا هەر بە هەلگیراوەیی ماوەتەوە وا بۆ یەکەم جار کەوتە بەردەستی ئیوەی بەرێز.

نووسەر یادداشت کەی دلدار هەلدەسەنگێنی و نرخ و بەهایەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێ، راستە یادداشت وەك باوەرنامەیەك زۆر دیوی نادیارو تەمومژ لەسەری ژیانی شاعیرو نووسەر روون دەکاتەوە، ئەوەی کە شیاوی باسە لەم رووەدا دلدار زۆر بەدەستپاکی لەژینامەی خۆی دواوە، بێ رتووش و لاف لیدان و خۆهەلکێشان جلەوی قەلەمەکەی بەرەللا کردوە، ئەو یادداشتەی دلدار جێگەیەکی دیارو بایەخدار لەژیانی شاعیر دەکاتەوە، ئەو وەك رۆشنبیرێك و رووناکبیرێك بیردەکاتەوەو ژیان هەلدەسەنگێنێ. لەزۆرلایەنی ژیانی رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی خۆی دەدوێ، هەر لەسەرەتای لەدایك بوونی یەوە کە ٢٠ ی شوباتی سالی ١٩١٨ ی زایینی یەو باوك و باپیرو رەچەلەك و تیرەو رەوشت و داب و نەریتیان تا دەگاتە سالی ١٩٣٦، لەو ماوەیەدا کۆمەلێك رووداوو بەسەرهات و گیروگرفتی ژیان و هەلس و کەوت و گورانکاری خێرا خێرا وەك شریتێکی سینەمایی دەخاتە بەرچاو، بەداخەوە لەوێوە دەوەستێ، هۆی ئەم وەستانەش وەك براکەی مامۆستا مجید

ڕەؤوف دەڵێ:

دوو دەفتەریتر یەکیان بەنووسینی من و گوتنی دڵدار ئەویتریان دڵدار بەدەستی خۆی نووسیبووی وەزۆر شتی بەنرخی ژیانی ئەوی تێدابوو نازانم چۆن.. وەکەی بزربوون و لەدەستمان چوو؟ دڵداریش خۆی پەرۆشی وون بوونی ئەو دەفتەرەی لەسەرەتای یادداشتەکەدا دەردەبڕیو دەڵێ:

«کەچی لەدواجار ئەو دەفتەرەی کەموزەکەراتم تێدا نووسیبۆوە گەلێ شتی بەقیمەتی تێدابوو لێم وون بوو.

«نازانم کەکام دەست ئەم خەزینە بەنرخەی لەدەست دام» دوای ئەوە مامۆستا عبدلخالق لەژیانی دڵدار دەدوێ کە ساڵی ١٩٤٠ خوێندنی دواناوەندی لە کەرکوك تەواودەکات، دوایی دەچێتە کۆلێجی حقوق لەبەغدا، ساڵی ١٩٤٥ خوێندن تەواو دەکات، وادیارە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی دڵدار ساڵێك لەکولیج دوا دەکەوێ. مامۆستا مسعود محمد ماوەی چوارساڵ ژیانی لەگەڵ دڵداردا بە دەستپاکیو ئەمانەتەوە دەخاتە بەردەم خوێنەرو ڕووناکی دەخاتە سەر گەلێ لایەنی شارو ڕاوەی شاعیر، لەوانە چاوتێریو نەفس بەرزی شاعیرو دڵپاکیو ئازایەتیو جوامێری‌یەکەی، هەروەها چۆنیەتی هەوڵ و تەقەلاو ڕەنجی فەرهادانەی لەپێناوی خوێندن تەواو کردن و خۆیی گەیاندنی.

دیوێك لەژیانی شاعیر ئەویش کە تائێستا لامان ڕوون و ئاشکرا نەبووە لایەنی حەزودڵداری شاعیرە، کە کەوتبوە جیهانێکی تایبەتی خۆیو گرفتاری خاتوونێ ببو کە ڕۆژی لەرۆژان بۆ نزیك ترین کەس لای نەدرکاندبوو. مەگەر خەندەکەی بابی هەوێن و تەقینەوەی ئەو سۆزە بەجۆش و خرۆشە بێ کە لەدڵیا پەنگی خواردبۆوە.

دوای تەواوکردنی حقوق، کۆیە دەبێتە دواهەواری شاعیر، ماوەیەك خەریکی پارێزەری (محاماة) دەبێ، کۆچی ناوەختی برا گەورەی (آصف)، بەتەواوەتی کاردەکاتە سەرشاعیر، ژیانی لێ قورس دەکات و دەکەوێتە مل ملانێ‌یەکی توندوتیژ لەگەڵ ڕۆژگار، ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی کاکی دەگرێتە ئەستۆو دەبێتە باوکێکی میهرەبان و سۆزیان.

لە ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٢ کە تازە لەنەخۆشی ڕاست ببۆوە لە کۆیە بۆ هەندێ کاروباری خۆی دەچێتە هەولێر، لەوێ مەرگێکی تراژیدیانە دەمرێ کە مامۆستا عبدالخالق بەدرێژی بۆمان دەگێڕێتەوە کەچۆن مەرگ خونچەی لاوێتی هەڵوەراندو بووە قوربانی کەم تەرخەمیو نەزانی خەڵکی ئەوکاتەو ئەو شاعیرە لاوە لەتەمەنی خونچەی بەهاردا ماڵ ئاوایی لێ کردین.

دوایی ئەمە نووسەر باسی خووڕەوشتی دڵدار دەکات و نامەکەی عەونی شاعیر بڵاودەکاتەوە کە باسی پەیوەندیی خۆی دەکات لەگەڵ شاعیرداو لەشاعیری یەتەکەی دەدوێ، دوایی نووسراوەکەی جا هیدی شاعیرمان دەخاتە بەردەم کەچۆن پێکەوە ژیاون و شیعریان بەجووتە داناوە.

نووسەر ووناکی دەخاتە سەر بیروباوەڕی شاعیرو جموجووڵی لەکۆڕیوباری سیاسیدا، پاشان لەپایەی زانستی دڵدار دەدوێ، لەم کتێبەیەدا لیستەیەك بەناوی ئەوکتێبانەمان بۆتۆمار دەکات کە دڵدار لەکتێبخانەکەیدا هەیبووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دڵدار تا چ ڕادەیەك - بەتایبەتی لەوکاتەدا کە کتێب کەم بوە - خویندویەتی‌یەوە جۆری کتێبەکان ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی شاعیرن.

دڵداری نووسەرو ئەدیب بەشێکی ترن لە کتێبەکە، کە بایەخێکی تەواوی خۆیان هەیە. «زوبانی کوردیو ئەدەبیات» وتارێکی بەنرخە کە هێزو دەسەلاتی زمانی کوردی دەردەخات کە ئێمەی کورد ئەگەر بمانەوێ دەتوانین کوردی‌یەکی پاراوو ڕێکو پێك بنووسین، نموونەی چوارینەکەی خەییامی هێناوەتەوەو کردوویەتی بە کوردی‌یەکی پەتی، هەروەها نموونەی چەند شاعیرێکی

تریش، کەوشـەی عەرەبیـان بەکـارهێنـاوە کەچی کە دڵـدار کردوونی بەکوردی بەدەگمەن وشەی ناکوردیبەکار هێناوە، ئەمـەش بەڵگـەیـەکی پتـەوە کە زمـانی کوردی زمـانێکی ڕەسەنەو توانای دەربڕینی هەیە.

وتاری «ئەدەب بەخواری تەماشا ئەکرێت» باسی ئەدەب دەکات کە کاکڵی ئەدەبی ڕاستەقینە چیە، چەند نموونەیەك شیدەکـاتـەوە کە ئەوانە شاکاری شیعریکوردین، هەروەها باسی مەســەلــەی داهێنـــان و لوتکـە دەکـات، پەنجـە بۆ نووسـەرە گەورەکـانی جیهـان درێژ دەکات. لەم نووسینەدا

هەست دەکـەین کە دڵـدار لەڕووی ڕەخنـەوە هەستێکی بەرزی هەیەو بۆچوونەکانی ماقووڵ و بەجێن، بەتایبەتی کە پەنجـە ئەخـاتـەسـەر خاڵی جوانناسیو داهێنان، هەروەها باسی کارتێکــردن دەکـــات، کە ئەدەب بەهـــەر زمـانێـك نووسرابێ تأسیری خۆی هەر دەبەخشێ، پاشان ئەورایانە بەنمـوونـە دێنێتـەوە کەچۆن لە ئەدەب دەگەن، کە ئەدەب مەودای فراوانەو وەك تیشکی خۆر وایە کە لەچەند ڕەنگێك پێك دێ.

لەڕووی «نـــووسینی کوردی» یەوە دڵـدار داوای دانـانی فەرهەنگێکی کوردی دەکات بەرلەوەی ئێمە بەکوردییەکی پتـەو بنووسین، دەبێ گۆڕانێـك لە نووسینـدا ڕوویـدات، فەرهـەنگـەکـە پەرە پێبـدەین، ئینجـا بەکـوردی پەتی بنـووسین و ناشبێ لەسـەر ڕێگـەی کۆنـەمان ـ کلاسیکی ـ نووســەر ووشــەی غەیــرەکــوردی بەکـاربێنێ واتـە داوای پاك کردنەوەی زمانی کوردی دەکات لەوشەی ناکوردیو وەك دڵــدار بۆی چووە ئەم کارە بە دووسێسـاڵ پێـك نایـەت، بەڵکو دەبێ وەکو مێرووله کارەکانمان بچووك و بەنرخ بێ، دوایــی دێتــە سەر شێــوەی نووسیـنی کوردی، کە دوو کۆسپەمان دێتەپێش: یەکەمیان: مەسەلەی کوردی پەتی

دووەمیــــان: شێـــوەی پێنـــووسینی کوردی. یەکـــەم مەســـەلـەیـەکی زانستییـەکـە قابیلی گۆڕان نیـە، بۆ ئەمـە پێشنیازی دانانی ووشەی کوردی دەکات لەجیاتی ووشەی ناکوردی،

مەسەلەی دووەم شێوەی نووسینە، شتێکی هونەرکارییە هەر کەسـەبـەشێـوەی دڵیخۆی شێوەی نووسین دەنووسی، لێـــرەدا باسی ڕێــزمـــان دەکـــات، کە دەبێ بەشێـوازێکی ڕاست و ڕێکو پێك بنووسین، دووربین لە هەڵەی زمان، ڕەخنە لە نووسینی چەند نووسەرێك دەگرێو ناویان نا هێنێ.

دوایی دێتە سەر وەرگێڕان و شێوازەکەی.

دڵدار لەوتاریکیدا باسی نەورۆز دەکات، پاش ئەمە لە وەرگێــرانـــەکـــەی شێـخ سەلام دەدوێ کە چوارینـەکـانی خەیـــامی کردوە بەکــوردی، لەم گۆشـەیەوە پەنجە بۆ نرخ و بەهای سامانی نەتەوایەتیمان درێژدەکات کە دەبێ بایەخی پێبدرێ بەڵام بەمەرجێ لەبایەخ دان بە ئەدەبی نوێ دوورنەکەوێنەوە.

وەرگێـرانـەکـەی سەلام دەرگـایـەك بۆ دڵدار دەکاتەوە کە باسی ژیـان و بەهـرەی (عمر الخیام) بکات و زۆر لایەنی ژیـانی شاعیـر بۆ خوێنـەران ڕوون بکـاتەوە. . . بە جۆرێ مێژووی کۆچ کردنی خەییام ساغ دەکاتەوە. . نووسینەکەی دڵدار جۆرە مەنهەجیەتێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردوە، بە بێ پروگـرامێکی زانستیـانـە بابـەتـەکەی نووسیوە، ئەمەش کارێکی باشە کە لەو کاتەدا پەیرەوی کردوە.

«سـەرکێش» چیـروکێکی عەرەبییە دڵدار کردوویەتی بە کوردیو کوردییەکەی ڕەوان و پاراوە.

«کـچـم نەسـریـن» وتـــارێکی ئامـــۆژگـــاری کردن و ڕێنمـاییـە، کە دڵـدار ئاراستـەی هەمـوو کچـە کوردێکی دەکـات کە چۆن لە ژیـان بگـەن و بە چاوێکی دووربین و واقیعیانە سەیری دەوروبەریان بکەن و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان بکـەن و بە گیـانێکی بەرزی سەردەم و هاوچـەرخانە هەنگاو هەڵێنن.

«الطلاسم» هۆنراوە بەناوبانگەکەی «ایلیا ابو ماضي»یە، دڵـدار بە پەخشـان کردوویـەتی بە کوردی، سەرکـەوتنێکی

باشی‌وه ڕیهێناوەو بە کوردی‌یەکی پوخت و بێ گرێوگاڵ وەریگێڕاوە.

«ئاگزووری گەلایەتیمان ـ کۆمەڵایەتیمان» چەند وتارێکی دڵدارە کە بە زنجیرە لە گەلاوێژ بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە هەمووشی بڵاونەبۆتەوە، تیایا باسی کۆمەڵێك شت دەکات، لەوانە خێزانداری، چۆن خێزان دامەزرا؟ چۆن گەل دامەزرا؟ گەل و تنظیم، ڕێکخستنی خێزان، عەقدی ژن هێنان، مەوزووعی ژن هێنان، ئافرەت و پەیوەندیەکانی... هتد. لەم ڕووەوە باسی دەسەڵاتداریی دایك و باوك و تیئۆری ئەزەلی و یاسای سروشتی، تیئۆری دەسەڵاتداریی باوك «بەتریرکی» دەکات.

دوا بەشی کتێبەکە بۆ شیعرەکانی دلدار تەرخان کراوە. مامۆستا عبدالخالق لە شاعیریەتی دڵدار دەدوێ‌و چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی دێنێتەوەو ئەو قوناخانە دەستنیشان دەکات کە شاعیر پەیرەوی کردن و بوونە سەرچاوەی تەقینەوەی شیعرەکانی وکارتێکردنی ئەو هۆیانەی کە بوونە هەوێنی شیعری دڵدار، پێ‌بەپێ شییان دەکاتەوەو ڕووناکیان دەخاتەسەر.

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە دڵدار جگە لە باڵابوونی لە کۆری شیعرا، نووسەرێکی کارامەو، زمان زانێکی باش بووە، کوردی‌و عەرەبی وتورکی‌و ئینگلیزی‌و فارسی بەباشی زانیوە، کەمێکیش فەرەنسی، دەستی لە نیگارکێشان هەبووەو حەزی لە ئاوازی فولکلوری کوردی کردوە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆشنبیرێکی مەوسووعی بوو، بە پێی تەمەنی خۆی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ ئێمەی جێ هێشتوە ڕووناکبیرێکی سەرنج و ڕدو بیر قووڵ بووە لە مەیدانی وەرگێڕاندا گۆی هونەری بردۆتەوە. شیعرە بەناوبانگەکەی لافونتین «قەل ورێوی»و «الطلاسم»ی ئیلیا ابو ماضي چاکترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕایەمان.

دەتوانم بڵێم دڵدار پێشبینی زۆر مەسەلەی گەورە گەورەی کردوە کە ئێمە ئێستا باسی دەکەین و پێش سەردەمی خۆی کەوتۆتەوە، وەك دانانی فەرهەنگی کوردی، پاککردنەوەی زمانەکەمان لەوشەی ناکوردی‌و چۆنیەتی وەرگێڕان و شێوازی نووسین و کەمتەرخەمی کردن و پشت گوێ‌خستنی ئەدەبیات و سامانی نەتەوایەتیمان، گەلێ بابەتی‌تر.

خۆ ئەگەر مەرگ بواری دڵداری بدایایەو لەناوەخت ڕای‌نەفراندبا، ئەوا دڵدار ئەستێرەیەکی تربوو لەژیانی کوردە واریمان...

ئەم کارەی مامۆستا عبدالخالق شیاوی ڕێزو ئافەرینە، کە نەك شیعرەکانی بۆجارێکی دی بەشێوەیەکی تێروتەسەل بەچاپ دەگەیەنێ، بەڵکو بەرهەمەکانی دڵدار کە مایەی سەرنج ڕاکێشان و پێداچوونەوەن، سەرجەمی ئەوانە کەلێنێکی گەورە لەژیانی لێل وتەمی دڵدارو دیوی نەزانروی پردەکەنەوە.

ئەم کتێبەو نووسینی ئاوا کارێکی باشەو هەنگاوێکی بەجێیە با بۆ ڕێزلێنان و زیندووکردنەوەی گیانی‌پاکی ئەو نووسەرانەی مایەی شانازی‌و سەربلندی ئەدەبەکەمانن، زیاتر رەنج و تەقەلا بدەین و بەرهەمەکانیان بەچاپ بگەیەنین.

## لاوان



# جانەمەرگ

عمر علي نعمان سندی

دیاری یە بو گیانێ هونەرمەندێ هێژا... هونەرمەندێ لاو... خودانێ ئاوازێ رەسەن جانەمەرگ:

ئەیاز یوسف عەلی، یێ کوچ‌چۆیە بەر دلوڤانیا خودێ ل شەڤا ٢١/١/١٩٨٦.

(١)
ئەرێ هونەرمەندێ رەنگین
ئەرێ هەی هو لاوێ بەنگین
ئەرێ هو برایێ شیرین
چ سالوخە کو مەزانی؟!
ل ئەڤێ رەشە ئێڤارێ
هو یێ ب ئاخین
هو یێ بە نالین

[ئەیاز] دل ب خوە یێ کولە
بچونا دایکێ
باوەربکە ئێکجاری تە کرە برین
تە هلهلاند
تە ژ جەرگی رشتە سورە خوین
تە ل جیهانا هەژارە هونەرێ کوردی
کرە تازی ... کرە گرین
تەڤ هلهلین دلێ بو دەنگێ تە ب تەڤین
ئەیاز هەڤال
ب چونا تەیا بێ خاتر
تە کرە بەر باخچەیێ سترانا کوردی
کراسەکێ رەش و خەمگین
(٢)
هۆ شاسوارێ
قۆناغەکا بێ دوماهی
هو سەرکێشێ هونەرمەندا
یێ تە ئالا هونەرێ مە بلند کری و...
ل پێشیا تەڤ خەمخوەرا
هەر توبییە بەراهی
تو شەمال بی یێ
تە خوە دسوت بو پەیڤا راست
لەو ژ تە دچۆ روناهی
هەڤال دەمێ تە ڤەدلۆراند
ب گەریا زێرین
هەڤرێ گران تە د ... هەژاندن
ل ئەسمانێ دبیە ساهی
هەی هو لاوێ [پرا دەلال]
هەی هو لاوێ [خابیر]ی و [بێخێر]ی و [جوید[1] ]ی
هو سەرکێسشێ کاروانیا
چەوا رێڤنگە
تە هێلان بێ خوەی و خودان؟!
هو ب ساناهی

دەنگێ تەیی نوژدارا تەڤ دلێ ب ژان
دەمێ شەنگە ئاوازێ تە
دەنگ ڤەددا
لپەسار و شورك و نهێلا
تەڤ بلبلا لتە ڤەد گێران
واتژی ب ئاوازێ رەسەن دکر شاهی
ئەرێ هونەرمەندێ هێژا
تو هزرکە من نە باوەرە تو مری
چونکی تو گەلەك و گەلەك
ژ مرنێ ب هێزتری
ژ هەمی هێزا تو مەزتری
ئەڤجا چەوا تو دێ مری؟!
نێ تو ساخی لناڤ دلا
نەخاسمە جەرگێن کوزری
هەیهوشەمالا هونەری
چ تۆڤ کوردە دێ ژبیرکتن [حەیرانێ[3] ]ژار
کی دێ ژبیرکت [چوخێ] رەنگین
یان [سینەما[4] ] تە د لوراند
هەر دێ ل بیر ئینین
هەڤال سەری زاڤای
برا راستە تو چوی قەت نازڤری
لێ هزرناکم تو بمری
تو نامری... تو نامری
نە نە... ئەیاز... تو نامری

(١) جوید: مەرەم ژێ چیا یێ جودیە یێ د کەڤیتە کوردستانا تورکیا و بەری ل زاخو ئانکو سنورە و جودی ئەو چیایە یێ گەمیا نوح پێغەمبەر ل سەر راوەستیای.

(٢) مەرەم ژێ پرا مەزنە ئەوا ل زاخو

(٣) ئێکەمین سترانە جانە مەرگی تومار کری

(٤) سترانەکی ب ناڤ و دەنگە ل دەڤەرا زاخو.



# بۆت ئەسوتێم

ئاری قادر دەروێش

ئەگەر ویستت
ژووری تەنیات ڕۆشن بکەی
ئاگر لەگیانم بەر ئەدەم،

بۆت ئەسوتێم وەك دێوانە
شیرینەکەم
دەتۆش جارێ بەئەسپایی سەرهەڵبڕەو تێمبڕوانە بۆ نازانی
نیگای عاشق بەبێ‌دەنگی سەرتاپای گیانی هەژانە

ئەگەر هاتی
هەرچی هیواو ئاواتمە
ئەیخەمە ناو هەگبە گەورەکەی ئەم ژانە

بەڵام گیانە
لەجیاتی غەم

تۆش گڕ بخۆ وەك پەروانە
ئەوسا منیش

جیهانی ترت بۆ دێنم
جیاوازتربێ لەم جیهانە

گیانە کەتۆ لەگەڵما بیت
هەمووشتێ لای عاشقی شەم ئاسانە




چیرۆك



# «پارە سەر پارە دەچێت»

## نووسینی: جووتیار حاجی تۆفیق

دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، خۆرەتاو ناو بازاڕەکەی داخ کردبوو، لەلادیواری دوکانێکدا پەستەکە قورسەکەی کۆڵت داکەندولەلایەوە دانیشتیت. جگەرەیەکت لە قوتوەکەت گەرهێناو دات گیرساند. بەدەم مژلێدانەوە بیرت لەخانۆچکەیەکی قوڕینی بچکۆلە دەکردەوە: «دوو ژووری بچکۆلەمان بەسە، ئا... کەلەگییەك و پشت هەیوانێك... حەوشێکی بچکۆلەشی بەدەمەوەبێت. خۆزگە لەکرێچێتی ڕزگارم دەبوو».

دەنگێك ئەندێشەکەتی پساند، سەرت بەرزکردەوە چاوت لەسەر کوڕێکی بچکۆلە گیرسایەوە. ناسیتەوە، کوڕە بچکۆلەکەی ڕەووفی بازرگان بوو، قژ زەردێکی سووروسپی چاوشین بوو، پۆشتەوپەرداخ، پێی ووتی:

- مام سەعی باوکم ئیشی پێتە.

- باشە بەسەرچاو.

دوا مژت لەجگەرەکەت داو فرێت دا... دەستت بۆ پەستەك و گوریسەکەت بردو پێکەوە کەوتنەڕێ.

«هەرچەندە ڕەووف خێریشی بەناوچاوانەوە نی یە، بەڵام چارچی یە؟ خۆ ئەبێ شتێك بۆ منالەکان پەیدا بکەم، هەتا دینارێکی لێ هەڵ دەکرێنرێ قیر سپی ئەبێ... نازانم بۆ ئەوەندە چاوچنۆك و ڕژدە. ناحەقی نییە تازە پیاکەوتووە،



چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڕەکێك دا پێکەوە بووین، نازانم چی‌بوو بەسەریا باری؟ خانووی تازەو ئۆتۆمۆبیل و ناومالَی چاك... بەرەبەرە هەڵگـڕا تا لەدەسـت کەوت، پارەو سامانێکی زۆر، بەڵام واش دەستی بەپارەی حەماڵییەکەی ئێمـەوە ئەلـەرزێ. خوایێم نەگرێ ئەمانـە ئەبێ دەستی خەڵکی ببرن، ئەگینا چۆن وا زوو ئاوا دەوڵـەمەند ئەبن، سڵ لە هیچ شتێك ناکـەنـەوە. قاچاخچی و تەڵەکەبازی و دەست برین...» بەدەم ئەم ئاوەتـوێ کردنـەوە گەیشتیـە دوکـانـەکـەی ڕەؤوف. خەریکی نووسین بوو، سەری بەسـەرمێـزەکـەی بەردەمیدا شۆڕ کردبـۆوە. سڵاوەکـەتی سەندەوەو کەوتە هەواڵ پرسینت:

- مام سەعی ئەوە بۆ دیارنیت؟ هەر ئەبێ من بنێرم بەدواتا!

- بەخـوا بڵێـم چی کاك ڕەؤوف، ئەڵێم ئەگـەر کاری بێ ئەنێری بەدوامدا، ئیتر بۆ هەڵبکوتمە سەرت و...

- نا.. نا، برا خۆتۆ غەریب نیت، بەڕاست ماڵ و منالَ چۆنن؟

«خۆزگە ناو دڵیشت وەك سەرزارت دەبوو، هیچ نەبێ ئەمڕۆ حەقی خۆمت بەتەواوی دەدامێ».

- مام سەعی، (٢٠) تۆپ قومـاشم لەحـاجی حسـەینی بێورەیی کڕیوە، بەڵکو بچیت بۆم بهێنیت.

چونکـە تۆ زۆر بەپـەرۆش بوویت بۆکـارێـك کە بیکـەیت، خێرا ووتت:

- باشە، بەسەرچاو.

پێش ئەوەی دوکـانـەکـە جێ‌بهێـڵیت، شوێنێکی بۆ دەست نیشان کردی‌و ووتی:

- کە هێنانت ئالێرەدا لەسەریەك دایان بنێ، نەوەك من لێرە نەبم.

سەری ڕەزامەندیت بۆ لەقاندو دوکانەکەت جێ‌هێشت. ئەوە یەکەمجار نەبوو کار بۆ ئەو پیاوە بکەیت، ئەو بازرگان و تۆ کۆڵ هەڵگر هەمیشەکارتان بەیەك دەبێت.

دوکـانی حاجی‌حسـەین، دوکـانێکی ئاسـایی نییـە، بەدیکـۆر ڕازێنـراوەتـەوە. چەنـد میـوانێك لەسەر مۆبیلەکان دانیشتبـوون و ساردیـان دەخـواردەوە، حاجیش لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوو، جارجار سەیری تەلەفونەکەی دەکرد کە تازە لە ئیتـاڵیـاوە هێنـاویـەتی، باسی خاسیـەتـەکـانی بۆ میوانەکان دەکرد.

لەدەم دەرگای جامخانەکەوە بەشەرمێکەوە ووتت:

- حاجی، هاتووم بۆ قوماشەکانی کاك ڕەؤوف.

پێش ئەوەی وەڵامی تۆ بداتەوە ڕووی کردە میوانەکانی:

- قوماشی ئینگلیزی چاکم ئیستیراد کردووە، یەك لەیەك نایابتر، ئەوا بازرگانەکان سەریان تێکردووم.

ئەمـەی‌ووت و ڕووی‌کـردە کوڕەکـەی کە لەولای خۆیـەوە دانیشتبوو، پێی‌ووت:

- بچۆرەخان لە (عەمار)ەکە، (٢٠) تۆپی بدەرێ.

کوڕەش ڕستە کلیلەکەی لێ‌وەرگرت و بەفیزێکەوە کەوتە پێشت. پانتۆڵێکی کاوبۆی تەسکی کردبۆبەری، کراسێکی گوڵ گوڵی یەخە باریکیشی لەبەردابوو. کە گەیشتە خانەکەو دەرگـای عەمـارەکـەتـان کردەوە سەیرت کرد چێواخن کرابوو بەقـومـاش. لەبـەر ئەوەی هەرفـەردەی (١٠) تۆپی تیـابوو، لێکت دایەوە کەناتوانی بەیەك جار بیان بەیت، بۆیە تکات لەکـوڕە کچـانـیـیـەکـەی حاجی کرد کە لەوێ بێت تا فەردەیـەکیـان دەبـەیت، بەنیخـە نیخ فەردەکەت بەکۆڵتادا، هیچ یارمـەتی‌یـەکی نەدایت کەگـەیشتیە دوکانی ڕەؤوف، خۆی لەوێ نەبـوو، بەئـەسپـایی فەردەکـەت داگـرت و گوریسەکەت - لێ‌کردەوە خێرا گەڕایتەوە بۆ عەمارەکە تاکو فەردەکـەی تریش بەریت. کوڕی مام حاجی بەدەم بستە خواردنـەوە تۆپکڵێکی فڕێ‌داو پێتـا هەڵشاخـا: «ئـەوە تۆ لەکوێی... بۆ لێرە منت قەتیس کردووە».

بێ‌ئـەوەی هیچ گوێ بەقسـەکـانی بدەیت، فەردەکـەی تریشت دا بەکـۆڵتـاو ڕۆیشتیت. کە گەیشتیتـەوە دوکانەکە، دەنگـە دەنگێکی نائـاسـایی سەرنجتی ڕاکێشـایت، ڕەؤوف بەسەر ئەو کوڕە نازدارەیدا دەی نەڕاند، فەردەکەت داگرت، کوڕە بچکۆلەکە ڕەنگی هەڵبزرکابوو، باوکی پێی ووت:

«ئـاخـر، نارەسـەن چیت لێ‌کرد؟ چۆن لێت کەوت، بۆ بەباشی هەڵت نەگرت! هەروا بەئاسانی پەیدا ئەکرێ تا تۆ ئاوا لەبەردی بدەی، دەبڕۆ بۆی بگەڕێ».

کوڕەش کە تا ئەوکـاتـە سەری داخستبـوو، سەری هەڵ بڕی‌و ووتی:

- بابە، بەخوا زۆر گەڕام، نەمدۆزییەوە.

- واتە زەوی قووتی‌دا، یان ئاسمان هەڵی لووشی!

ئنجا ڕووی کردە تۆو ووتی:

«پێنج دنیارم داوەتێ بچێت میوەبکڕێ، کەچی جەنابی پارەکـەی وون کردووە، دەی بڵێ نەگـریس تۆ خۆت پێنج دینار ئەهێنیت!!».

دەستی بەگیـرفـانیاکرد، سەفتـەیـەك پارەی دەرهێنـا، هەمـووی بیست وپێنجی‌و دەیی‌وپێنج دیناری بوو، تاوێك ئەم دیوو ئەدیوی کردن، وادیاربوو بۆ پارەی بچوك دەگەڕا، تا نیـو دینـارییـەکی بەردەست کەوت، دەری‌هێنـاو دایـە دەستت، سەفتـەکـەشی خستـەوە گیرفـانی، هێشتـا نیـو دینارەکەت نەخستبووە گیرفانت کەهاواری لێ‌هەڵسا:

- مام سەعی، خۆتـو تۆپـەکـانت دەرنـەهێنـاوە، ئەی ئەم گووت بیان خەرە سەریەك!

نیـو دینـارەکـەو گوریسـەکـەت لەسـەر قەنـەفـەکـە داناو چوویت بەلای قوماشـەکـانەوە، لەفەردەکان دەرت هێنان و ڕێکت خستن. کە لێ‌بـوویتـەوە دەستت بۆ گوریسـەکـەت بردو خواحـافـیـزیـت کرد. بەدەم ڕێـگـاوە بیـرت لەهەڵچوونەکەی کابرا دەکردەوە: «خۆخەریکە بۆ پێنج دینار مناڵەکەی بیراز بکات!».

بەدەم ڕۆیـشـتـنـەوە گوریـسـەکـەت کردەوە بەبـەر پشتێنەکەتدا، «وا باشە بەم نیودینارە شووتییەکی لێ بکڕم، هەرچیشی لێ‌مایەوە ئەیدەم بەکولێرە، ئای کە نەرمین پێی خۆش ئەبێ، دووسێ ڕۆژە هەرئەڵێ:

بابە شووتییەکمان بۆبکرە».

لەبـەر دوکـانێکی گەورەدا شووتی هەڵـدرابـوّوە، هەر زەلام بوو یەکێکی هەڵئـەبـژاردو سەرەی دەگرت بۆکێشانی، تۆش شووتـیـیـەکـی مام ناوەنـدیـت هەڵـبـژاردو لای تەرازووەکـەوە، چاوەڕێی نۆرە بوویت. لەسـەرخـۆ دەستت بەگیـرفـانتـاکـرد، بەووردی پشکنیت، هیچی تێدا نەبوو،

شپرزه بوویت، هەموو گیرفانەکانت گەڕایت نیودینارە بۆر نەبووا لەبەر خۆتەوە ووتت: «تۆ بڵێی لەرێگا لێم کەوتبێ، یان لە دوکانەکەی ڕەؤوف جێم هێشتبێ!».

لەوکاتـەدا نۆرە گەیشتـە سەرتۆ، شووتی فرۆشـەکـە سەیرێکی کردی‌و ووتی:

- کاکە بۆت بکێشم؟

- چاوە ڕاستەکەم کەمێك لێم بوەستە.

دەستت بە بەربـاخـەڵتـاکـرد، جزدانـەکـەت دەرهێنـا، هەرحـەوت دینـارە گۆڕینی تیـابوو «نەء، نابێ دەست لەمە بدەم، ئەمــە پارەی کرێ‌خـانـووە کابـرا حەیـامـان دەبـات سبەینێ لەوەختی خۆیدا نەیدەمێ... خۆ من بەپشتیوانی ئەم حەوت دینـارە نەهـاتم بۆ شووتی کڕین.... هەمـوو هیوام نیو دینارەکە بوو».

شووتییەکەت لای خاوەنەکەیەوە داناو پێت ووت:

«کـاکی برا بالێرەدا بێت، هەر ئێستـا دێمـەوە، ئەگـەر بەنسیب بووبێ ئەوا دەیبەم».

بەهەنگاوی وورد کەوتیتەرێ، لەکوێوە هاتبوویت لەوێوە گەڕایتەوە، سەرنجی ئەملاو ئەولات دەدا، چاوێکت کردبوو بەدووان. لەنـاکـاوا ئافـرەتێکی گەنجی شۆخ و شەنـگ بەدەنگێکی نەرمەوە کە چێژی مۆسیقای دەدا پێی‌ووتی:

- مامە، ئەوە بۆچی دەگەڕێیت، لەچی وورد دەبیتەوە؟

- بەخوا خوشکێ پارە..

پێش ئەوەی بەتەواوی وەڵامی بدەینەوە ووتی:

- پێنج دینارە!

کە ئەمـەت بیست سەرسـام بوویت، یەکســەر زانیت پێنج دینارەکەی ڕەووفە، بەگەشکەدارییەوە ووتت:

- بەڵێ، بەڵێ خۆیەتی.

ئافرەتـەکە قولی‌مستی کردەوەو پێنج دینارییەکی ژاکاوی دایەدەستت، زەردەخـەنـەیـەکی فریشتـانەش سەرلێوەکانی نەخشاندبوو. زۆر سوپاسی ئافرەتەکەت کردو بەرەو دوکانی ڕەؤوف ڕۆیشتیت. دەستێکت بەپێنجیە سوورەکـەدا هێنـاو قەدت کرد، ئنجا خستتە قولی مستتەوەو دەستت نووقاند.

ڕەؤوف تەلـەفـۆنی بەدەستـەوەبوو، کە چاوی بەتۆ کەوت گورج داینـا. منـاڵەکەش کە لەولاوە دانیشتبوو سەرنجێکی خێرای دایت.

بەهێواشی‌و بەشەرمێکەوە ووتت:

- بەڕاست ئەو نیودینارەی داتمێ لێرە لێم نەکەوتووە؟

بەزمانێکی تێکەڵ و پێکەڵەوە ڕەووف وتی:

- نەء... نەخێر! ئەی کلۆڵ! بۆ ناشێ لێت وون بوبێ؟

کەمێـك وەستـایت، ئنجـا دەستت بردو پێنج دینارەکەت خستە سەرمێزەکەو ووتت:

- نیودینـارەکـەی خۆمم لێ‌وون بوو، بەڵام پێنج دینارەکەی تۆم دۆزییەوە!

کابـرا سوورهـەڵگـەڕاو تەزووی خۆشی بەلەشیداهات، منـاڵـەکـەش گورج هەستایە سەرپێ‌و لەمێزەکە نزیك بۆوە، ڕەنگ و ڕووخساری مناڵەکە تەواو گۆڕرا، بەباوکی ووت:

- بابە... دەتۆش نیو دینارەکەی..

باوکی بەتووڕەیی‌یەوە قسەکەی پێ‌بری:

- ووس بە هەتیـو، با سوپـاسێکی مام سەعی بکـەین کە لەتێ‌هەڵدانی ئەمڕۆ ڕزگاری کردیت.

بەووردی سەرنجی باوکـەوکـورەت دا، [illegible] دەرکـەوت کە نهێنی‌یەك لەنێوانیاندا هەیە.

ڕەووف لەچەکمەجەی مێزەکە دینارێکی دەرهێناو بۆتی بەرزکردەوە:

- مام سەعی ئەو دینارە بۆ خۆت خەرج کە

تۆ کە تا ئەوکاتە نووقمی بیرێکی قووڵ بوویت، گورج ووتت:

- بۆچی؟

- هەروا، حەز ئەکەم لێم وەربگری.

- نامەوێ، پێویست بەوە ناکات.

ئەمەت ووت و بەنائومێدی‌و بەدەستی بەتاڵەوە بەرەو ماڵ گەڕایتەوە.

# پەیڤ و قەسە و.. خەون





ئەڤ پەیڤە..
ستێرن..
لدورمن تێنە ڕوهنکرنێ
لبەر پێت من ڤەتکەن...
ڕێکێت گول لێ بەلاڤکری
ئەڤ قەسە..
حەژێ کرنەکە..
وەك بشکوژا لناڤ سنگێ‌من..
ڤەدبن و گەش دبن
بۆ چاڤێ‌من کەڤاڵەکێ دکێشن
کەڤالاوێ بەیانی‌یاکو.. نائێتن..
بێ دلێ‌من.. دیرو بەرزەدکەن..

حازریامن

ئەڤ خەونە..
ڕەنگێت وان.. ڕەنگێت گولانە
درەوە.. بوون و لێگداناوان
خۆ پێ مژیل دکەم و
خۆ ب من مژیل دکەن..
هاری من بکەن..
هاری من بکەن

ژیان محمد



# نەگری

• کەمال محمد •

ئو دلو..
نەگری..
سوباهی خوشیەکا مەزن..
دی لگەل تیروشکیت ئاڤی ئێکەلین و
هەمی گونج و قولاچیت دلێ من..
پرکەن

ئو دلو..
نەگری..
ڕهێت ئومێدا قاهیم بوون..
سوباهی دی بشکوژ ڤەبن
گول دی پەڤن
گوتن و قەسە دی گەرم بن
ئەڤینی دی مازن بتن
ئو دلو..
نەگری
سوباهی دی بوهار دەرگەها..
بومە ڤەکەت
دی ژیان خوشبتن..
هەمی گولێت مە دی دەرکەت..

پاپۆرتی ڕۆشنبیری بەیان

## ڕاپۆرتی هەولێر

○ شێرزاد عبدالرحمن ○

دیاری شانۆیی بۆ جگەر گۆشە خنجیلانەکانمان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، لەو ڕوانگەوەش کە منداڵ لە شارە دێرینەکەی هەولێردا، بەبینینی شانۆو دنیای فراوانی ئەم هونەرە زاخاو بدرێت، دەزگاکان، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لقی هەولێر دیارییەکی خنجیلانەی لە نووسینی «بەیدەبا»و ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەندی لاو محسن محمد بەناونیشانی «کەلیلەو دمنە» لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری جەماوەر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك پێش کەش کرد کە دەستە لاوێکی خوێن گەرم لە هونەرمەندانی شارەکە بەشدار بوون. ئێمەش، ئێوارەیەك دوای پێش کەش کردنی شانۆییەکە چاومان کەوت بەدەستەیەك لەو هونەرمەندە لاوانەو لە سەرەتادا کاك محسن محمد ووتی:

کەلیلەو دمنە، شاکارێکی مەزنی - بەیدەبا - ی فەیلەسوفی هیندستانە، من لەم شانۆییەدا تەنیا بەشێکم لێ ئامادە کردووە کە باسی ئەوە دەکات، چۆن دەیانەوێ دوو خۆشەویست بە تەڵەکەبازی لەیەك بگەن، کارەکتەرەکانیش هەموویان گیاندارن و هیوام وایە بتوانم لەمەو دوا بەشەکانی تریش بەئەنجام بگەیەنم.

● کاك نەوزاد نانەوا لە دەوری «شێر» ووتی:



کاراکتەری شێر کە پاشای گیانداران بوو لە دارستانەکەدا، شێرێکی پیرو پەك کەوتوو بوو کە هەموو کات بەگژ گیانداران دەهات بۆ ئەوەی خۆراکی بۆ بێنن، لە هەمان کاتدا توانای ئەوەی نەبوو بۆ خۆی ڕاو بکات. .

● کاك شێرزاد زیاد لە دەوری «پڵنگ» ووتی:

شانوگەری کەلیلەو دمنە کێشەیەکی زۆر گەورەی شی کردەوە، کە مەسەلەی درۆو فێڵ و تاوانە لە پێناو گەیشتن بە ڕژەوەندی تایبەتی کە دەیانەوێ ژیان لەسەر مل هۆریەکی بێ مانا دابمەزرێنن، هەر چەندە دەورەکەم بچووك بوو، بەڵام هەستم بە کێشەی ڕووداوەکان دەکرد.



● بەڵام کاک گەیلان خضر نادر کە ئەرکی مۆسیقای گرتبووە ئەستۆ ووتی:

هەوڵم دا بە هۆی مۆسیقاوە بیری ئەم شانۆگەرییەی منداڵان بگەیەنمە گوێی منداڵ، شانۆی منداڵان گەلێک



پێویستی بە مۆسیقای‌وا سادە هەیە تا زیاتر هەست بە تام و چێژە خۆشەکەی بکەن و لەگەڵ بیری شانۆگەرییەکە خۆیان نزیکتر بکەنەوە.

● کاک دلشاد اکرم لە دەوری «کەلیلە» ووتی:

لە دەوری کەلیلە، چەقەڵێکی دڵپاک بووم لەم



بەرهەمەدا. . . کەلیلە بە هیچ شێوەیەك بایەخی بە پلەو پایە نەدەدا، ئارەزووی نەدەکرد هیچ گیانداریك بەبێ تاوان لەناو بچێت. .

● کاك حمه سوار عزیز ووتی:

من کە تەمسیلی کارەکتەرێکی بێ تواناം دەکرد. . کە لە بیرکردنەوەو دانایی‌دا لە سنوورێکی تەسك دا دەسوورایەوە. . . گەلێك جار دەیەویست ڕەزامەندی گەورەکەی بۆ خۆی دابین بکات، بۆیە پێش هەموو شتێ یەکەم کەس دان بە گەورەیی پاشا دەنێ. . تەنانەت،



دەنگی گایەك توانی ترس بخاتە دڵی پاشاوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ ڕەزامەندی پا شایەکی مەزن وەرگرێ..

بەڵام نیگار کێش حسێن زارین ووتی:



لە کاتێکا کە دەرهێنەری تیپ، ئەم ئەرکە پیرۆزەی پێ سپاردم، توانیم بە ماوەیەکی کەم جێ بەجێی بکەم... ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا کە منداڵان تامی زیاتر لەم شانوگەرییە وەرگرن... بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، شانوگەری بێ نیگار وەك گوڵی بێ بۆن وایە...

● بەڵام خوشکە «بەهیجە احمد» کە جل وبەرگی نەخشاندبوو، لەوەڵامدا ووتی:



تا ئێستا بەشداری سێ شانوگەریی منداڵانم کردووە، بەشداربوو نیشم لەم بەرهەمەدا وەك ڕێك خستن و دوورینی جل و بەرگ هەستێکی پیرۆزی لا دروست کردم.. هەر بەرهەمێکی منداڵان لەلام تام و بۆیەکی تایبەتی هەیە..

● کاك خلیل عزیز کە ئارایشتی کردبوو، لە وەڵامدا ووتی:

هونەری ئارایشت، ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە بۆ شی کردنەوە، بەتایبەتی شانۆی مێژوویی و منداڵان، کە پێویستی بە ووردبینی هەیە.. لە شانوگەری «خولەی



تەمەڵ» و «بێ خەمی ناو بەرمیلەکە» لەگەڵ ئەم بەرهەمە زیاتر لەو بوارەدا چوومە پێشەوەو هیوادارم ئاورێکی دڵسۆزانەتر لە منداڵ و شانۆ پاکەکەی بکرێتەوە..

● کەچی منداڵی قشتیلە «ئەدیبە عزیز» لە دەوری «کەروێشك»دا ووتی:



هەموو جارێ کە بەرامبەر تەلەفزیۆن دادەنیشم، زۆر حەز لە نیشاندانی بەرهەمی منداڵان دەکەم، تاوەکو وای لێهات بەدوای تیپێك دا بگەڕێم بۆ دەورێکی منداڵان... ئەوەبو لەم دواییەدا لە سێ شانۆگەری بەشدار بووم.

● مایەوە سەر ئەوەی بڵێین، ئەم هونەرمەندە لاوانە بەم دەورانەی خوارەوە بەشداری ئەم بەرهەمە ئیسك سووکەیان کردووە:

| | |
|---|---|
| نوزاد مصطفیٰ | شێر |
| احسان احمد | ڕێوی |
| حمد سوار | گوێ درێژ |
| شێرزاد زیاد | پڵنگ |
| انور اسماعیل | سەگ |
| اسماعیل عزیز | کەروێشك |
| ئەدیبە عزیز | کەروێشك |
| جوهر انور | دمنە |
| دڵشاد اکرم | کەلیلە |
| عبدالخالق قادر | پشیلە |
| فکری عزیز | شەترەبە |

● بەڵام بەگوێرەی کارە هونەرییەکانەوە:

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەری شانۆ | جوهر انور |
| مۆسیقا | گەیلان خضر |
| جل و بەرگ | بەهیجە احمد |
| ڕووناکی | عەزیز لەشکری محمد عمر |
| ئارایشت | خلیل عەزیز |
| دیکۆر | محمد عمر - مهدی عباس - عزیز لەشکری - دڵشاد |
| هۆڵ | مهدی عباس - فیصل دێهاتی |

بەڕێوەبەرو سەرپەرشتی تێکڕای بەرهەم — محمود زامدار

● ئەوی شایانی باسە، هەر ئەم دەستە لاوە، بەردەوامن بۆ پرۆژەی بەرهەمی شانۆیی‌تر لە پێناو گەشانەوەی بەهرەی بەتواناو خزمەتی تەختەی شانۆی کوردی.



● لە بارەگای ئەمینداریتی گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوان، دەست کرابە هەڵبژاردنی دەستەیەکی تازە بۆ نەقابەی ڕۆژنامەنووسان لە ناوچەی کوردستاندا... دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی چالاکی‌یەکانی نەقابە لەلایەن کاك سعید یحییٰ خطاط کە پەنجەی بۆ دیارترین چالاکی‌یە ڕۆژنامە نووسی‌یەکان درێژکرد، دەست کرابە هەڵبژاردن کە لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانە دەرچوون بە دەستەی نەقابەی ڕۆژنامەنووسان: «محمد امین احمد، سعید یحییٰ خطاط، هیوا نجیب، کمال محمد امین، حسین عبدالله، ممتاز حیدری، رضوان فهمي.

○هەکار دۆسکی ○

# ڕاپورتا ڕەوشەنبیری

★ جارەکا دی دەزگەها رەوشەنبیری‌و بەلاڤکرنا کوردی کوچکێ خوە گەرم کرو تیـژکێـد رونـاهیێ ژێ چون. ل سپێدەیا روژا ۳ شوباتێ/ ۱۹۸٦ ل هولا ڤێرگەها گولستان پێشـانگـەهـا هونـەرمـەنـدێ ناڤ دێرو چەلەنگ «اسماعیل خیاط»ژ لایێ هێژا جێگرێ پارێزگەرێ (دهوك)ێ ماموستا [محمـــد أمین عبـو]ی ڤە هاتـە ڤەکـرن. (۳۲) سیهـ و دو کەڤـال دڤێ پێشـانگـەهێ دا بون. هەمی دەم و بەرهـەمێد هونەرمەندی تێدا سەرێ خو هلاندبو ژ سالا ۱۹٦۳ هەتا ۱۹۷٥.

مشـە هونـەرمـەنـدێد گەنج و هونەر دوست ل بەر کەڤالا دراوەستیان و هزرێد خو تێدا دکرن. هەژی گوتنێ یە کو ل روژا دوماهیێ ٦/ شوباتێ ئەدیب و نڤیسەرێد کورد دگەل ئەندامێد تایێ کوردستانێ سەرەدانەك کر بو ڤێ پێشانگەهێ.

★ ژ بزاڤێد ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەرێد کورد تایێ دهوك ێ، ب زنجیرەکا کورا رابو دسەیارا هوزان و ژیانا سەیدایێ نەمرو ناڤ دێر [جەگەر خوین] ڤێ زنجیرێ ل سپێدەیا ٥/ شوباتێ/ ۱۹۸٦ ل هولا چالاکێد ڤێرگەهی دەست پێ کر.

دروێنشتنـا ئێکێ‌دا هێـژا جێگـرێ پارێـزگەری ئەڤ کورە ڤەکـرو چەنـد گوتن درێـزو پەسنـا نەمـری‌دا ئێخستنە پێش جاف. پاشی هێـژا نوێنـەرێ تایێ دهـوك ی یێ پارتا بەعسـا عەرەبیـا هەڤبشـك مامـۆستـا [عبـدالسـلام العنـاز] گوتـارەك خوانـدو داخـواز کر کو شوپـا هوزانڤـانێ نەمـر ل سەری چوی ببیتە رێ بو هەمی ئەدیب و نڤیسەرێد کورد. جەوا رژێمـا سوری‌و ئێـرانی رسـواکر کو دوژمنـا مللەتێ کوردە. ل دوی وی هوزانڤـانێ هێـژا [محمـد البـدری]



گوتارا تایێ کوردستان ێ خواندو ل دوماهیێ هێژا [أحمد عبدالله .زەرو] سەروکێ تایێ دهوك ێ گوتارا خوە خواند. پاش بێنفەدانەکا کورت دەست پێ کرد.

پشتی بێنفـەدانێ مامـوستـایێ هێـژا [مصطفی نەریمان] دەست ب ڤەکولینا خوە کر کو تێدا بەحسێ هاڤالیا نابەینا [جـەگـەرخـوین و ئەسیری] کرو گوت: جەگـەرخـوین و ئەسیـری دوو شاعیـری بەنـاو بانگی کوردی سەدەی بیستـە بون و لە دوو پارچــەی کوردستـان چاویـان هەل هێنـاوەو، کورد بون و بو کوردو کوردستان شیعریان وتوە هەر دوکیان لە پێناوی کوردایە تیدا زەحمەتێکی زوریان کێشاوەو ئاوارەو دەربـەدەر بون، من بەوە شادمـانـم کە هەر دوو شاعیـر ئەسیـری‌و جەگـەرخـوینم لە نزیکـەوە ناسیـوەو بەوەش شادمـانترم کە هەر دوکیـان پێکـەوە پەیوەندی‌یەکی پتەویان هەبـوە، هەر دوکیـان لەسـەر یەك رێبازو بو یەك ئامـانج شیعریان فەرمووە لە زۆر لایشەوە لە یەك ئەچن:

پەیـوەنـدی نێوان [جەگەرخوین]و [ئەسیری] ئەگەڕێتەوە سەر لاپەرەکانی روژنامەی [هاوار] کە لە سالی [۱۹۳۲] میر [جەلادەت بەدرخان] لە [شام] ئەم روژنامەیەی دەر ئەکرد.

پاشی کاك [حجی جعفر] دەست ب ڤەکولینا خوە کر کو پێداچونەك بو دسەبارا هوزانا [سەرهاتیا جوان دەولەت] سەیدا حجی جعفر خوە بەردا دناڤ رێزێد هوزانێ‌داو کت

کتـە درو مراری ژێ گرتن و دانـانـە بەر چاڤێد معو ئەڤ هوزانە راڤە کر. هێژا [عبدالخالق سرسام] ئەندامێ دەستەکا رێڤەبەر ل هەڤلێرێ ئەڤ کورە ب رێڤەدبر.

★ کات ژمێر جارێ ئێڤارێ جارەکا دی هول مشت بوو هێژا [کریم زەند] جێگرێ سەروکێ تایێ سلیمانیێ ل پشت مێزێ روینشت و سەیدا [عبدالکریم فندی] ژ گوهدارا را پێشکێش کر. ڤەکولینا سەیدا [عبدالکریم] دسەبارا [جەگەرخوین و کەلەپوری]دا بو. دڤەکولینا ئەودا دیـار کر کانێ چەوا سەیـدایێ نەمـر خوە ب ناڤ رەهـ و



ریشالێد کەلەپورێ کوردیدا بەردایە خوارێ و مفاو وج ژێ گرتیە. خویا کر ب نموونەکانێ چەند وج ژ ستران، پەند، مێـژو، رەوشت و تیتالێـد کەلـەپورێ کوردی وەرگـرتیـەو ئاشکـەرا کر کانێ چەنـد سەیـدایێ نەمـر بسپـورو شارەزا بو دهەمی لایێد ژیانێدا.

پاش هێژا [سگڤان عبدالحکیم] ڤەکولینا خو پێشکێش کر دسەبارا [زانین و خویندن دهوزانێد جەگەرخوین]دا.

تێدا بەحسێ خەباتا سەیدای کر بو بەلاڤکرنا خواندن و زانینێ دنێڤ زاروێد کورمانجاداو مشە رێزێد هوزانا کرنە نمونە بو گوتنێد خوە.

ل سپێـدەیا رۆژا ٦/ شوبـاتێ دەم ژمێـر دەهـ سەیـدا [محمد البدری] ل ناڤ بەینا سەیدا تیلی أمین و صبری بوتـانیدا روینشت و دەلیڤە بو هێژا تیلی ڤەکر دا ڤەکولینا خوە دەربـارەی [زمـان دشعـرێـد جەگەرخوین]دا پێشکێش کەت تێـدا دیـار کر کانێ چەوا سەیـدایێ نەمـر بزاڤ و کار کریە بو زمـانـەکێ کوردی بێ ئێـك گرتیو نمـونە دانە بەر گوهـ و چەوا هوزان ژ ئەسیـری را ڤرێکـرینـە ب زارێ کرمـانجیا خوارێو خوزی راهێلاینە کو هندەك هوزانڤانێد دڤەرا سوران ژێ ل ڤێ رێ جوباتەو پەیڤ و گوتن ژ هەمی زاراڤا ڤەرکربانە دناڤ تەڤنێ خوەدا رستبانە.

★ پاش گوهـ مانە ڤەچنی ب گوتنێـد سەیـدا [صبری بوتـانی]و بیرهـاتنێـد وی دگـەل سەیدایێ نەمر. بوتانی ب رەهـوانی پێـداچـو خوارێ، کانێ چەنـد هەڤالیو دوستینی دگـەل کریـە. کانێ چەنـد جارا ل کەرێ سلو سوار بویـە گوند بەر گوند رێ بریەو ل مالا فاتوو عەیشو نان خوارییە ژ ئێش و هەژاریـا ڤان توخمـا هوزان ڤەهـانـدینـەو دیار کر چەوا ل سالێد سیهێ هێژا [قدری جان] گوتیە:

رهێـد هوزانـا سەربـەست مە ژ ناڤ سترانـا کوردی هلکێشـاینـەو ئەم ل دوی وێ شوپێ جوینـە. براستی هێژا [صبری بوتانی] سوحبەت کەرم کرو چەند تیروژك ل سەر ژیان و سوحبەتێد سەیدایێ نەمر دانە بەر گوهێد مە. هەتا نیڤرو ڤێ روینشتنێ کێشا.

بێ نەڤێت بێژم ل دومـاهیـا هەمی کورا مشە ئاخفتن و پسیـار دهـاتنـە گوتن و کرن. هندی بێژین ئەڤ زنجیـرا ڤەکولینا یا ب مفاو وج بو.

★ ب بیرهـاتنـا شورشا هەشتی شوبـاتێ رێڤـەبـەریا جەماوەری ل زاخو ل ئێڤارا ٧/ شوباتێ کورەکا شعری بەر هەڤ کر ل هولا ڤێرگەها بوتان.



ڕێڤەبەرێ کورێ هوزانڤان رمضان عیسی دەست پێکرو گوت: جهێ شانازیێ و دل گەشیا مەیەو یا هەمی دلسوژو خەم خورێد پەیڤا کوردی کو ڕێڤەبەریا جەماوەری بزاڤێد هو پڕ بها ژ پارێزگەهێ ڤەدگوهێزتە قەزاو دەڤەرێد دی. ئەڤرو ئێك ژوان بزاڤانە کو هژمارەکا هوزانڤانێد گەنج دێ دەنگێ خو بەردەن مینا قەبینا کەوێد کێریا. پاش بەرێز خالد حسین ڕێڤەبەرێ جەماوەریا دهوك ێ گوتارەك خواند.

پاشی هوزانڤانێد گەنج ئێك ئێك هوزانێد خوە خواندن، ل پێشیێ هێژا «أحمد نوح» هوزانا خوە خواندن ل ژێر ناڤێ (بکرنژە). هوزانڤان (مصطفێ حسین) هوزانا (ل گەل بلبلەکێ) پێشکێش کر. «ئومێد» ناڤێ هوزانا هێژا (عمر علی نعمان) بو.

هێژا (حمید محمود قادر) هوزانا (ئەی یارا من) خواند. [هشیار محمد حسن] هوزانا خو پێشکێشی گیانی ستران بێژێ گەنج و تولازو دەنگ خوشێ زاخوکا بادینا کر [ئەیاسی] نەمر.

ل بن ناڤێ (پرا دەلال). هوزانڤانێ هێژا (خالص زاخوی) هوزانا (داخوازا من ئەوە) خواند. ڤێ میهرەجانێ سەعەت و نیڤا کێشا.

# راپۆرتی بەغدا

ئامادەکردنی: باوکی دۆست

## شەکسپیرو جەنگ و ئاسایش

شەکسپیر لە ساڵی (١٥٦٤ - ١٦١٦) قەڵەمەکەی خستۆتە کارو بۆ جەنگ و ئاسایشی نوسیوە.. ئەم جۆرە نوسینەیش لە شیعرو شانوگەریەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە....



(توفیق علی منصوری) نوسەر لە ژێر ناوی «هونەری جەنگ لە شاکارەکانی شەکسپیردا» ئەم بەرهەمەی لە گۆڤاری «پاسەوانی نیشتمانی - سعودیەدا بڵاوکردۆتەوە.

*** دالیدا و سینەما**

لە بواری هاریکاری هونەری نێوان فەرەنساو میسردا دوو فلیم بەرهەم ئەهێنرێت. یەکەمیان ناوی «ڕۆژی شەشەمە» هی (یوسف شاهین)و دوهەمیان ناوی (ئەخناتون)ە هی



(شادی عبدالسلام) ە فەرەنسا ٣٠٠هەزار فەرەنکی فەرەنسی بۆ بەرهەم هێنانی ئەم فلیمە تەرخان کردووە، چونکە فلیمە کەلێ لەو پارەیە پتری تێ ئەچێت. . .

خاتو دالیدای گۆرانی‌بێژ دەوری سەرەکی فلیمەکە ئەبینێت، بۆ ئەم مەبەستەیش (یوسف شاهین) کە بەرهەم هێنەرو دەرهێنەری فلیمەکەیە ١٠٠ هەزار جنەی ئەداتێ (چیرۆکی فلیمەکەیش لە رۆمانێکی ئەندریە شدیدەوە وەرگیراوە) بڵێی دالیدا ئەم دەورەی پێ‌ببینرێت؟ ئایا راستە دالیدا خۆیشی میسرییە؟

## * کتێبی سیدا یان ئیدز.



د. حەرب عەتا کتێبێکی دەربارەی نەخۆشی ئیدز نوسیوە، تا ئێستا کەم کەس بە عەرەبی دەربارەی ئەم نەخۆشیەی نوسیوە. . ئەم نەخۆشیە واتا سیدا یان ئیدز بە نەخۆشی ئەم سەردەمە دائەنرێت کە تا ئێستا چارەسەری بۆ نە دۆزراوەتەوە.

## * نوسەرێکی جەرمەنی



پاش مردنی هینریش بۆڵ (نوسەرێکی جەرمەنی‌یە) کۆمەڵێ لە چیرۆکەکانی کراونەتە فەرەنسی. . .

ئەم نوسەرە گەلێ بەناوبانگە. . . کەساکانی چیرۆکەکانی نامۆین و لە جەرمەندا ژیاون. بێ‌کاریش لە چیرۆکەکانی‌دا رەنگیان داوەتەوە ئەم نوسەرە لە ساڵی ١٩٤٩وە رۆمانی نوسیوە.

## * سینەمای پەناوەکی




لە ساڵی ١٩٧٠دا کتێبێک لەژێر ناوی سینەمای پەناوەکی و میثولوجی‌دا) دەرچو. . وا جارێکی‌تر ئەو کتێبە

له چاپ درایـەوە ئەوەی گۆرانکاری‌و پێشکـەوتن بێ (لـەم بوارەدا) خراوەتـە سەری باسـی دراکـولاو فرنکنشتـاین و .... ناوەختی ئەم کتێبـەن لەم کتێبـەدا باسی ئەو کەسـە خەیاڵیـانـە کراوە کە لە ساڵی ١٨٩٥وە تا ئێستـا خۆیان بە پەنـاوەکی سەپـانـدوە... هیوادارین ئەم کتێبە بکرێتە عەرەبی یان کوردی تا پتر سودبەخش بێت ...

*** ئەستێرەیەك کوژایەوە.**



کێ‌بێ (لیلی بالمـر)ی نەبینیبێت .. لـە فلیمی پاڵتـوو خەنجـەری فریتـز لانـخ دا دەوری بینی، هەروەهـا لە فلیمەکانی جاك بیکیرو لین هارت و... دەوری بینیوە. ئەم خاتـونـە هونـەرمـەنـدە لە سی‌یەکانەوە لەسەر شانۆکانی فەرەنسـاو بەرلین و ئینگلتـرادا خۆی نوانـدوە.. لە ژێـر سەرپەرشتی هتشکوك دا دەوری بینیوە لەتەمەنی ٧٢ ساڵیدا (لە لوس ئەنجلوس دا) ئەستێرەی ژیانی کوژایەوە.

*** ئاهەنگێکی وێژەیی لە بەریتانیا..**

فیکتـۆر برتشت ـ ی نوسـەری بەریتـانیا تەمەنی گەیشتە «٨٥» هەشتـاو پێنـج ساڵ... تـائیستـا (٣٥) سی‌و پێنج کتێبی بە چاپ گەیـانـدوە... دوا بەرهـەمی ناوی (پیاوی وێژە)یەو کۆمەڵێك بەرهەمی رەخنەیی ناوەختی کتێبەکەیتی..

ئەم نوسـەرە لە بەریتـانیـادا گەلێ خۆشەویستە... بۆیە ئاهەنگێکی شیاویان بۆ سازداوەو داوای تەمەن درێژیان بۆ کردووە. دە ساڵ لەمـەوبـەر ئەلیـزابێت ـ ی دوهەم نازناوی سوارەی پێ بەخشیوە، چونکـە ئەم نوسـەرە گەلێ خزمەتی وێژەی کردووە.

*** تابلۆیەکی بەنرخ**

مۆزەخانەی نەتەوایەتی نیۆیۆرك تابلۆیەکی روبین بییل ـ ی هونـەرمـەنـدی بە «٤» چوار ملیـۆن دۆلار کریـوە.... تابلۆکە ناوی «چەپکە گوڵی جیرانیوم» ـ ە ئەم جۆرە گوڵە رەنگی ئاڵـەو کێـویلەیـە لە ساڵی ١٨٠١دا روبین ـ ی هونەرمەند ئەم تابلۆ رەنگینە دروست کردووە.

*** یادی غۆستاف کوربیەی هونەرمەند**

شاری مونتبلی‌یـەی فەرەنسـا بەبۆنـەی یادی غوستـاف کوربیـەی هونـەرمەندەوە پیشانگایەکی هونەری کردۆتەوە.. لەم پیشـانگـایـەدا ١٣ سیازدە تابلۆی هونـەری‌ی بەنـرخ نیشـان دراوە کە لە مۆزەخـانـە گەورەکـانی وڵاتـانی ترەوە هاوردویانە... بێجگە لەم تابلۆیانە ٣٥ سی‌وپێنج تابلۆی تریش نیشـان دراوە کە ژیـانی هونـەرمەندی ناوبراو تیایاندا رەنگ ئەداتەوە... (ئەو ژیانەی کە لە مونتبلی‌یە بردویەتیەسەر).

هونـەرمـەنـدە تەشکیلیـەکـان کوربیـە بە پێشـەنگی قوتابخانەی ریالیزم ـ واقعی) دائەنێن.

*** ٥٢ وڵات و ٣٥ ملیۆن کتێب.**

لە پیشـانگـای هەژدەهـەمی قاهیـرەدا ١٣٠٠ هەزارو سێ‌سەد دەزگای بڵاوکردنەوەی جیهانی بەشداریان کرد... ٥٢ پەنجاودوو وڵات کە (لە بواری لقەکانی وێژەو هونەرو کەلـەپـورو ئاین و ئابوری‌و رامیاری‌و زانست)دا کتێبیـان بەچاپ گەیاندوە لەو پیشانگەیەدا ئەو کتێبانەیان نیشان داوە...

ئەم پیشـانگـایـە کە دامـەزروای گشتی‌ی کتێب لە میردا سازی‌داوە ٣٥ سی‌وپێنج ملیۆن کتێبی نوێ‌ی تیا نیشان دراوە.

# یانەی بەیان

○ ئاسۆ ○

**خوێنەری ئازیز**

تۆێشەبەرەی ئەمجارە کۆمەڵێك هۆنراوە چیرۆك و لێکۆڵینەوەو وتار بوو، ئەوانەی کەشیاوی بڵاوکردنەوە بوون مافی ئەوەیان پێدرا کە لەدەرفەت و کاتی ڕەوای خۆیدا چاویان بە ڕووناکی بکەوێ، ئەو بەرهەمانەی کە شیاوی بڵاوکردنەوەش نەبوون درانە یانەی بەیان، ئێمەش بەپێی تێبینیی و وردبوونەوەی خۆمان ئەوەی بۆمان هاتبوو هەڵمان سەنگاندن، هەندێکیان لەبەرکزیو لاوازیو بەربادی زمان و شێوازی نووسینیان نەخرانە خانەی بەرهەمی لاوان، هیواشی تیا بوو لەبەر نەگونجانی لەگەڵ ڕێبازی گۆڤارەکە بڵاونەکرایەوە، سەرەڕای ئەمانەش بابەتی وای تیا بوو ئەگەر لەسەرتاپاوەش بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و خەملاویش خۆی نەنوێنی ئەوە تا رادەیەك کەمێك هەناسەی تیا بوو کە دەلاقەیەکی بۆ بکرێتەوە تاکو هەوایەکی فێنك و پاك هەڵمژێ، جا ئێمەش بەپێی تواناو بەرژەوەندی گۆڤارەکەو نووسەرەکە ڕەفتار دەکەین و هەر شتە مافی خۆی دەدەینێ، لەوانەشە لەم لاو لەو لا بۆرە گلەیەکیش بکرێ کە گوایە نووسینی وا هەیە کرچ و کاڵە بەڵام بڵاویش دەکرێتەوە، ئێمە لەلای خۆمانەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێین کە شتی باش خۆی خۆی دەسەپێنیو جێگەی شیاوی خۆی دەکاتەوە، با لەو ڕوانگەوە سەیری «بەیان» بکەین نەك بەپێی پێوەری تایبەتی «کەس بەخۆی ناڵێ دۆم ترشە».

جا با بەخۆمان دابچینەوەو بەرلەوەی کەنووسینمان بۆ هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیەك بنێرین پێشانی لەخۆمان شارەزاترو خوێندەوارتر بدەین و ئەمەش بەخەوش نادرێتە قەڵەم.

ئیتر چاوەڕوانی بەرهەمی سەرکەوتووو بەپێزتان لێدەکەین کە مایەی خۆش بەختیو دڵنیایی ئێمەو ئێوەبێو تا جارێکیتر بە خواتان دەسپێرین.

- بەیان -

● بۆ خاوەن «کاروانی مە» کاکی برا کاروانەکەت هێشتا ماوەیەتی بکەوێتەڕێ، هیواداریین کە لەمەودوا بارگەو کەلوپەلت چاك بپێچیتەوە ئەوسا زەنگی کاروانەکەت لێدەیت و بەرەو جیهانی شیعری تەڕو بەپێز هەنگاو هەڵێنیو بگەیتە مەڵبەند.

● کاك «ج.م. سلێمانی» هۆنراوەکەت کزو لاوازە، هێشتا ڕووی ئەوەی نییە کە لەباوەشی «بەیان»دا ئۆقرە بگرێ. چاوەڕوانی بەرهەمیتر دەکەین و ببوورە.

● کاك «ص.ج. ئیسماعیل» برا گیان شیعرەکەت کەڵکی بڵاوکردنەوەی نییە، چونکە شیعر هەر سەروا ڕیزکردن نییە. جارێ زۆرت ماوە، بەڵام بەردەوامیش بە، هەر بەزۆر خوێندنەوە زمانەکەت سفت وەتۆل دەبێو زیاتر تێ دەگەیو پێدەگەی ببوورە کەبڵاومان نەکردەوە. خوشکە «گەلاوێژ» پارچە شیعرێکی بۆ ناردووین بە ناوی «بۆناتەوێت.. بۆ وە، شیعرەکە هەندێ وێنەی جوانی تیایە، بەڵام سەرجەمی شیعرەکە ئەوەندە پتەوو بەهێز نییە کە بەتەواوەتی بڵاوبکرێتەوە، چونکە جارێ پێنەگەیشتووە پێینەگرتوە، وا بۆ هاندانی خوشکی ناوبراو شتێکی لێ بڵاو دەکەینەوە:

ئەی ئەوکەسەی ژینم بەندە بەژیانت

بۆ حەز ئەکەی هەمووکاتێ
لەژێر باڵی خەم و ئەندیشەو خەیاڵی
یادت بکەم؟
بۆچی نایەی
درەختی ئارام لەزەویی دڵم بنێژی
تا ئەو کاتە.
بەخوێنی دڵ، بە ئەشکی چاو
ئاوی بدەم.

● بۆ خاوەن شیعری «پایتەختەکان» ئەوەی لەناوەرۆکی شیعرەکەتا دەرت بڕیوە مەسەلەکە ناکات بەگشتیو بە بارێکی ڕەهای هەموو کوردێکی دەرەوەی لەقەڵەم بدەین، لەرووی هێڵی، ڕاگەیاندنی گۆڤاری بەیانەوە پەساپۆرتی پێنادرێ. داوای لێبوردنت لێدەکەین، هۆنراوەی لەوەت باشتر هەیەو ڕووی بڵاوکردنەوەی هەیە.

● کاکی هۆنراوە «بەرەو سەنگەر»، نازانم چۆن بەم شەکەتیو لاوازی یە دەتەوێ بەرەو سەنگەر بچی، گوایە چوونە سەنگەر ئاوا دەبێ. ئامۆژگاریت دەکەین چاك خۆت گورج و گۆڵ بکەیت ئەوسا هەنگاو بنێیو شیعری ڕێکو پێکمان بۆبنێری، ئێمەش بەبانی چاو بۆتی بڵاودەکەینەوە.

● «ل.ی. مەحموود» جارێ لەپێش هەموو شتێك ڕێنووسەکەت تەواو نی یە. ناوەرۆك و فۆرمی شیعرەکەشت تۆکمەو پتەو نین ببوورە نەمانتوانی بڵاوی‌بکەینەوە.

● کاك «ع. حەسەن» وا دیارە لەپێنج خشتیەکەت دا کە لەسەر شیعرێکی. ئەخۆڵ»دا هەڵت چنیوە، خشتەکانت بەوەستایی یەکی تۆکمانەو ڕێکو پێکانە دانەناوە کە لەگەڵ پتەوی بناخەی شیعرەکەی «ئەخۆل»دا بگونجێ پێت بڵێین دەست خۆش بەڕاستی لەئیشەکەت دا دەست ڕەنگینیو سەرکەوتوویت. ببوورە کە نەمانتوانی بڵاوی‌بکەینەوە.

● بۆخاوەن شیعری «هوزانا من بناڤێ» نەخەت و نەناوەرۆك و نەفۆرم نەگەیشتوونەتە ئاستی شیعر، بەرهەمەکەت تابلۆی سادەو ساوایە، ئەمجۆرە نووسینانە هی «بەیان» نین، نەشمان ویست نیشانت بڵاوبکەینەوە چونکە گۆڤارەکەمان یانەی پێناسین نی یە وەك هەندێ ڕۆژنامە، داوای لێبوردن دەکەین.

● بۆ نووسەری «پێداچونەك ل سەر دیوانی» سروودی هەژاران. دەبایە پێش ناردنی نووسینەکەت جارێکی تر پێدا بچوویایتەوە ئەوسا دەتزانی چەند شپرزەو نابووتە، ئێمەش پێوەی ماندوو نە دەبوونی. ببوورە کە بڵاونەکرایەوە چونکە لێکۆڵینەوە بەو شێوەیە نانووسەێ کەتۆ بۆی چوویی.

● «بۆ خۆشەویستەکەم» شیعرێکی برادەرێکی نازەنینی یە خۆزتا شیعرەکەشت وەك هەناری نازەنین بەتام و خۆش با ئەوسا ئێمەش بەسوپاسەوە بۆمان بڵاودەکردیتەوە، ئیتر باهەناری.داهاتووت هەر نەبێ مزربێ تائێمەش تامی‌بکەین و بڵێین وادیارە ئەمجارەیان تفت و تاڵ نی یە. ببوورە کاکی‌برا.

● «قوتابیەکی زیرەك» ناچێتە بۆتەی چیرۆکەوە، زۆر سادەو سەرپێی‌یە، چیرۆك هونەرە، چەند مەرجێکی تایبەتی خۆی هەیە، تۆش ئەم مەرجانەت ڕەچاو نەکردوە، تەنیا گێڕانەوەیەکی ڕووتەو چیتر.

● بۆ شاعیری «بەهیوام»، دیارە بەهیوای بڵاوکردنەوەی شیعرەکەت بووی، بەڵام بەداخەوە نیشانەت نەپێکا، چونکە شیعرەکەت لەنگی تێکەوتوە، هەروەها خۆبەستنەوە بەتاکە سەروایەك خزمەتی ڕێبازی شیعر ناکات، چونکە مل کەچ بوونی سەروا دەبێتە هۆی خەفەکردنی وێنەی جوان جوان و تێکدانی کێش و ئیقاع، وا چاکە لەم جۆرە شێوازە خۆت دوور بخەیتەوەو ڕێبازێکی دیکە بگریتەبەر ئەگینا تا ڕادەیەك هەنگاوت ناوە، بەڵام هێشتا هەنگاوی سست و کەم بینە. ببورە کاکی برا.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «ئاخێ بۆمەهاباد». پێویست بەئاخ و ناڵەو گرین ناکات، با ئاخەکەت بۆ شیعرەکەت بایە کە خۆت پێوە خەریك کردوە کەچی نەبوتە مایەی بڵاوکردنەوە. چاوەڕانی بەرهەمێکی ترت دەکەین:

## دواوشە

# چیرۆك نووسان و قادسیە

کەنیشتمان هەرچی خۆشەویستیەك هەیە لەناو یەك بۆتەدا کۆی کردەوە، ئەو کاتەش گیانی هەموو رۆڵەیەکی شەرەف مەندو دلێری بۆی ئەبێتە سوپەرو، بەخوێنی ئەو خۆشەویستی یە دەنەخشێنێ ، ئەمرۆ لە عێراقی خۆشەویستمانەدا ئەو مەبەستە پیرۆزە بۆتە زەردەخەنەی سەر لێوی هەموو یەکێکمان.
ئالەم کاتەی، کەرۆڵەکانی سوپای ئازاو قارەمانمان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، ئاڵاڵای عێراقی هەمیشە سەربەرز، بەسەربەرزی بمێنێتەوە، هەر لەم کاتەش دا ڤیستڤاڵی رۆژی رۆشنبیری کوردی دەگێرێت و رێز لە ئەدیب و نوسەری کورد دەگیرێت.

ئەو رۆشنبیرانەی قەڵەمەکانیان لەگەڵ لولەی تفەنگ دا ، بۆتە تیرو دەچەقێتەناو چاوی دوژمنی گێلی هیچ نەزان. چیرۆك نووس و شاعیرو روناکبیری کورد، خۆشەویستی ئەم عێراقەمەزنەی، بەگەورەیی تۆمار کردوە، ئەوەتا بەرهەمە بەپێزەکانیان لەسەر رووی لاپەرەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان دا، بۆتە نارنجۆك و لەناو دڵی دوژمنان و داخ لەدڵاندا دەتەقێتەوە. .

لەگەل جەنگاوەرە نەبەردەکانمان، سنگەربەسنگەر دەگەرێ، ئەو راستیە ئاشکرا ئەکا کەگەلی کوردمان هەموو کات خاوەنی هەڵوێستی بەشەرەفانەی خۆیەتی ئەمرۆش ئەوراستی یە وت ناکەن نەك تەنها تفەنگەکانیان لەرووی دوژمن دا گری دانەمرکاوەیە، بیرو هۆش و قەڵەمی نووسەران و رۆشنبیران بۆتە ئاگرو رۆخساری پوچەڵیان دەسوتێنی ، کەدەیانەوێت، پێ ی گڵاویان بخەنە سەر خاکی شیرینمان و داگیری کەن، بابزانن خەیاڵیان خاوە، چونکە ئەم عێراقە شیرینە عێراقی کوردو عەرەبە، عێراقی برایەتی و دەسکەوتی مەزنە، عێراقی ئوتونومی یە، گەلی کوردمان لەعێراقدا سەربەرزە، چونکە خاوەنی سەرکردەی بەتواناو بەهێزو پاڵەوانی هەڤاڵ صدام حسین «خوابپارێزێ»ە.
دەبا هەر لەگەشەدابێت وشەی پیرۆزی کوردی، پیرۆزبێت ئەو سەرکەوتنەی کە چیرۆك نووسانی کورد، لەپێش برکێ ی چیرۆکی کوردی دا، لەسەر داستانی مەزنی قادسیەی صدامی پیرۆز بەدەستیان هێناوە.

آزاد محمود

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى

مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد



**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

نرخى (200) فلسه

دار الحرية للطباعة